شەوارە

(کۆمەڵە چیرۆک)

مەلا کەریم ساردە کۆسانی (ڕاوچی)

کۆکردنەوە: کاوە عەزیزنژاد

شەوارە

ماموستا راوچی

خەڵکی تەلان و تەرت و سوێم — خونچەی نەدێراوم لە دێم
شەرت و مەرجم تێکناشکێ — لەتلەت کرێم بۆ گوڵ دەدوێم

شەوارە

مەلاکەریمی ساردەکۆسانی

کۆکردنەوەی: کاوە عەزیزنژاد

بڵاوکەرەوەی کولەپشتی
١٣٩٣

سرشناسه	:	عزیزنژاد سارده کوسانی، کریم، ۱۳۰۵ ـ ۱۳۸۰.
عنوان و نام پدیدآور	:	شەوارە / مەلاکەریمی سارده کوسانی؛ کاوەی کوری ڕاوچی.
مشخصات نشر	:	تهران: کوله پشتی، ۱۳۹۲.
مشخصات ظاهری	:	[۱۵۰] ص.: مصور.
شابک	:	۷۰۰۰۰ ریال : ۹۷۸ـ۶۰۰ـ۵۸۱۶ـ۴۴ـ۰
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی
موضوع	:	داستان‌های کردی -- قرن ۱۴
شناسه افزوده	:	راوچی، کاوه، گردآورنده
رده بندی کنگره	:	PIR۳۲۵۶ ۱۳۹۲ ۴ع۷۴۵س/
رده بندی دیویی	:	۲۳/۹فا۸
شماره کتابشناسی ملی	:	۳۱۵۱۴۵۷

شەوارە
چیرۆک و پەخشان
نووسەر: مەلاکەریم عەزیزنژاد (ڕاوچی)
کۆکردنەوە: کاوە عەزیزنژاد
پیت‌چن: م. شاسەنەم، ع. جەوشەنی
ڕووبەرگ: داود محەمەدکەریمی
بڵاوکەرەوە: «کولەپشتی» ـ تاران
شابەک: ۰-۴۴-۵۸۱۶-۶۰۰-۹۷۸
نۆرەی چاپ: یەکەم، ۱۳۹۳
ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە
نرخ: ۷۰۰۰ تمەن

نێوەرۆک:

یادی ڕاوچی

فەتاح ئەمیری

پاش دەرچوونی «هاوارەبەرە»ـ ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی ـ نامەیەکی جوانم پێ گەیی. ئەوێدەمێ هێشتا بەرەو پیری نەڕۆیبووم. مێشک و دەمارم هەروەک ئێستاش کەمێکم تێدا ماوە تینووی واژەی ڕەسەن و تیفتیفەدراوی کوردی بوو. بە بڕوای منی هەڵوەدای واژە، واژەی جوان، ڕستەی باش پێکدێنێ و ئەو ڕستە، تێکەڵاوی ئیستلاحی ڕەسەن، دەبنە هۆی بەدیهاتنی فەرهەنگی دەوڵەمەند کە ئاواتی هەموو خاوەن قەڵەمێک و خوێندەوارێکە.

نامەی گۆرین، بۆنی میسک و عەنبەری لێ دەهات. بۆن و بەرامەی بەیبوونی دەدا، ڕەنگی هەڵاڵە بوو، هەڵاڵەی نواڵەی کوێستان، کوێستانی زیندووی بە پێوە ماوی سەرما و سۆڵی زستان. وێنەی گیابەندی لە بەند دەرچووی قەڵەشی بەردی پەنای تاشەبەرد، گیابەندی ئامێز داگرتوو بە گیاخاو.

نامەکە، نامە نەبوو، مێخەک، عەتر، بۆنی وەنەوشە، شکڵی مێلاقە، وێنەی شللێرە، چەپکێک قورینگان و گوڵەزەرد و هێرۆ و قەیاخ بە ڕیحانە و جاترە پێچرابوو.

نامەکە، بەرهەمی سەدان شەو و شەونخوونی، شەوارەی دەیان پەنا و پەسیو و بنە و سیپەی مێرۆژ و سیاسووت، نێچیری سەردەمی لان و کۆنەلان، شوێن و دوورەبازد و هەزار و دوولایی بوو.

ڕاوچی سارده‌کۆستانی، وه‌کی من ئاگادار بم، بن‌له‌هجه‌ی گه‌ورکی موکری به ته‌واوی ده‌زانی، ناوی سه‌دان گیاوگژ و گوڵ، جێگای شین بوونیان، شکڵی گه‌ڵا و گوڵیان، کاتی گوڵ کردنیان، ئه‌سه‌ری ده‌رمانی ئه‌و گیایانه و...

شێعری جوانیَ هه‌بوو، ناسک خه‌یاڵ بوو، په‌خشانی دڵگری ده‌نووسی، به‌ڵان ده واژه زانیندا، به‌تایبه‌تی واژه‌ی ڕه‌سه‌نی به‌شی گه‌ورکدا پێم وا نییه که‌س شوێنی شکاندبێ. ئه‌و مه‌زنه پیاوه، مه‌لا بوو، ده‌رسی به عه‌ره‌بی ته‌واو کردبوو، مه‌لایه‌تی کردبوو، فه‌قێی ئیجازه دابوو، که‌چی هێندی نووکه ده‌رزییه‌ک، زبانی عه‌ره‌بی ئه‌سه‌ری له سه‌ر کوردییه‌که‌ی نه‌کردبوو.

زۆروو ده‌ردی‌سه‌ر نه‌ده‌م، ئه‌وانه‌ی من له سه‌ر ماموٚستا ڕاوچی باسم کردن، مێوژێکن له که‌ویژێسک. نامه‌ی گۆڕین، گێژ و مه‌نگی کردم، پاش ده‌رچوونی هه‌وه‌ڵ کتێب، نامه‌ی جۆراوجۆری دیکه‌شم پێ گه‌یبوون، به ڕازی و نارازییه‌وه، ئه‌مما نامه‌ی ڕاوچی تام و چێژێکی دیکه‌ی هه‌بوو، نامه نه‌بوو، واژه‌نامه بوو، به کوردی بیر کردبۆوه و به کوردی ڕه‌سه‌نی نووسیبوو.

به شوێنیدا ڕۆیشتم، له شه‌قامی سه‌قز ده باڵه‌خانه‌یه‌کدا ددان‌سازی هه‌بوو، ده‌رگا ئاوه‌ڵا بوو، چوومه دیوی چاوه‌ڕێ بوون، که‌سی لێ نه‌بوو، له هۆده‌یه‌کی په‌نا ئه‌و، هاژه و خرته‌ی ده‌هات، دیار بوو کارێکی به ده‌سته‌وه‌یه. سه‌برێکی دانیشتم، ماوه‌یه‌ک پێ چوو، سه‌رێکی ده ژووریَ نا، هه‌ستامه پێ، پیاوێکی قه‌د باریک، گه‌ڕاوه و خوێن شیرین، به چاویلکه‌وه؛ نه‌ده‌کرا بڵێی پیره و کامڵی ده‌نواند. سڵاو و چاک و خۆشی، سه‌ری هه‌ڵێنا:

- کاکه ددانت ژان ده‌کا؟

- نه‌وه‌ڵڵا ماموٚستا. سه‌رم!

- خۆ من حه‌کیم نیم؟!

- قوربان من فه‌تاحم، ئه‌و که‌سه‌ی نامه‌که‌ت بۆ ناردووم.

ئامێزی پێدا کردم، بە گەرموگوڕی وەری گرتم، بەم جۆرە بووینە ئاشنا و جارجار هاموشۆشمان هەبوو.

مامۆستا زۆر قسە خۆش بوو. ساڵێکی ماڵی لە گوندی دەروێشان بوو، خەبەرم پێ گەیی ناساغە، دەگەڵ برادەرێکی چووینە دەروێشان، بە جێ و سەنیر کەوتبوو، کەمێکم دڵخۆشی داوە:

ـ ئەتۆ شوکر بەئیمانی، مەلای شاوەدانیی و پێش‌نوێژی خەڵک دەکەی، موسوڵمان بەڵای بە سەر دێ، خوای گەورە، دەرد دەدا و دەرمانیش دەدا، فەرموو ئەوە ماشێن با بچینە بۆکان.

هەستابووە سەر جێگاکەی دانیشتبوو. گوتی:

ـ نەوەڵڵا بەرەو چاکیم. با قسەی خۆش ون نەبێ. دوو ڕۆژ لەوەی پێش، نۆبەتێ ئەمانی نەدەدام، وەک تەندوور داییسام، مەلاژن پەیتاپەیتا بە ئاوی شیلەوگەرم قاچ‌وقولی دەشوتم، دەسرەی تەڕی لە سەر سەرم دادەنا و لە بەرەوە دڵخۆشی دەدامەوە: «پەرۆش مەبە، ئیشەڵڵا چت لێ نایە، هەرچەن مان و نەمان بە دست خوایە، ئەوەی بزانە پاشی تۆ منداڵان دەگەینمێ، بە خوای پێت وا نەبێ ئافرەت و دەستەوستانم، دەتوانم ئاو لە بەرد بێنم.»

سەبرێکی گوتم: «دەی خۆ من بەردیش نیم، ئەگەر ڕاست دەکەی ئاو لە من بێنە.»

مامۆستا ڕاوچیی دەسکری خوا و پەروەردەی کێو و تەلان، بەرڕۆژ و نیسار، گەوە و لاپاڵ، ڕەوەز و زەرد و ماە و ئاسۆ و گۆڕەپان بوو. وەک کوێستان ئەگەرچی سەر بە تەم بوو، بەڵام سەری بۆ کەس دانەنواند، لە ڕەوتی ژیانی، ڕاوی بەتاڵ نەکرد و بە دەم ڕاووە ڕاوێژی ڕەسەنی کوردی بە کار هێنا.

ڕۆژێکی لێم پرسی: مامۆستا هێندێک باسی دڵداری سەردەمی لاویت ناکەی؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، مژێکی لە جگەرەکەی دا، کەمێکی سەر لەقاند، بێدەنگ بوو، وەک چووبێ دە ناخی ڕابردوویەکی دوورەوە. وەک گەڕابێتەوە سەردەمی لاوی، لە ژێر چاویلکەکەیەوە سیلە و چەفتەی لە خاڵێکی دووری ژیانێ گرتبوو. ئەو خاڵە، کۆترەبارێکەیەک بوو لە چەشنی شەوارەی شەوگاری لاویدا بۆی نەگیرابێ.

چاوێکی خەمباری لێ کردم: «چۆن بوو ئەم پرسیارەت لێ کردم؟»

عەرزم کرد: «شێعر و پەخشانەکانت زۆر بەسۆزن، پێموایە بەرگی مەلایەتی و ئەدەبی کوردەواری ڕێگای نەداوی ئەوەی دە ناخڵی دڵتدا قەتیس ماوە، تەنانەت بۆ تاکەکەسێکی وەگێڕی، پێم وایە بێتوو بۆ منی بڵێی، لەشت لە دەس بارێکی گران دەحەسێنیەوە و سووک دەکەی.»

گوتی:

بەسەرهاتێکی سەیرت بۆ دەگێڕمەوە. بەو شەرتەی تا من ماوم لە لای کەس نەیدرکێنی. ئیدی پاشان کەیفی خۆتە، ئەو نەقڵە ئەمانەتێک بێ لە لای تۆ. من بە لاوی و بە پیاوی و بە پیری، هەرگیز بە لای بێئەدەبیدا نەڕۆیشتووم، تەنیا جارێکی دە ماوەیەکی دوور و درێژدا، دڵداریم بە خەون کردووە.

فەقێ بووم، شەوێکی لە حوجرە خەونم بە کیژێکی شەنگ و شۆخ و دەستەی، شیرین و مەزەدارەوە دیت. تەنیا خەون بوو، مافی بە سەر سەردەمی لاوی و بلووغ و ئەوانەوە نەبوو. خەونی دڵداری دەگەڵ کچێکی ڕەزاسووک، بەبێ دەستەکوتە و ڕاموسان و بەبێ شەقە و مژین و کوشین. هەر خۆشەویستی و حەز و داخاز. ئەو خەونە زۆربەی شەوان هەر هات و دووپات بۆوە، هەر لە سەر ئەو ڕوخسار و شوێن و قەرارەی پێشوو، نەمدەزانی ناوی چییە و کچی کێیە و خەڵکی کام گوندە،

کەچــی هەردووکمــان یەکترمــان بە ئەوپەڕی ڕادەوە خــۆش دەویســت و خۆش دەویست.

فەقێی ئەویندەمێ بـۆ بژێـوی خۆیـان ڕاتبەیـان دەکـرد، گونداوگونـد دەڕۆیشتن، هەرچی وەدەستیان هێنابا، لە حوجرە سەرف دەبـوو، ڕووم دە گوندێکی گەورە کرد، لە دەرگای ماڵێکم دا، هەرای ڕاتبەی فەقێیانم کـرد، کیژی گـۆرین، کیـژی خەونەکـانم، ئەوەی لە گیـانم خۆشـتر دەویسـت، دەرگای لێ کردمەوە. ئیدی زبانم دە بەسـت چـوو، هێـزی ئەژنـۆم شـل بوون، سەرم دە گێژەوە هات، چاوم ڕەشکەوپێشـکە و تارمـایی دەکـرد و جەستەم وەک بینی ئاو دەجوولاوە.

کچە دە پێش مندا وەخۆ هاتەوە، بزەیەکی هاتێ و گوتی: «مەلاکەریـم ئەوە بۆ واق ماوی؟»

گوتم: جا ئەگەر دەزانی "مەلاکەریم"م، دیـارە دەشـزانی لە سـەر چـی وام.

لێک ئاشکرا بووین، ئەویش بە خەون منی دیبـوو، تەنـانەت ناویشـی پرسیبووم. زۆرمان ڕاز و گلەیی کرد و پێک شاد و شـوکور بووین، بەڵێنیم پێدا دەگەڵ خوێندنم تەواو کرد بنێرمە خوازبێنی.

ماوەیەک گوزەرا. من بۆ ئیجازەنامە چـوومە شـوێنێکی دیـکە و لێـک دوور کەوتینەوە. پاشان سەرێکی ماڵی خۆمـانم دا و خەریکـی تەدارەکـی خوازبێنی بووم، زەمانی شای بوو، بگیربگیر پەیـدا بـوو، دەوڵەت دەستی کرد بە خەڵـک گـرتن. مـن لە خـۆم بەشـک بـووم، دەگەڵ هێنـدێک لە برادەران ڕامـانکردە دیـوی گەرمێنـی و لە گونـدی سـۆنێ، بنکەیەکمـان پێکهێنا.

لە دەزگیران بێخەبەر مامەوە. ڕۆژێک لە گوندێکی دەوروبەری بنکە، خەریکی کارێک بووم، لە ماڵێکی تر لەو گوندە تووشی کچە بووم، زۆر بە دڵشکاوی لۆمەی کردم.

من تەواوی نەقڵی ئەو ماوەیەم بۆ گێڕاوە و دڵخۆشیم داوە و گوتم: «ئەگەر شووت نەکردووە، هەرچەند چم بە دەستەوە نییە، بەڵان جێبەجێ دەکرێ. دەچمەوە بنکە و بەم زووانە دەنێرمە سەر بەرە.» داخی گران بە چوونەوەی من بۆ بنکە، خەبەریان پێداین دەبێ بڕۆین بۆ شوێنێکی دوور و شەپکە توندە و ئاگامان لە خۆ بێ.

دیسان دەگەڵ کچە بە ناچاری لێک هەڵبڕاین و بە تەواوی لێک پساین. پاش چەند ساڵێک من ژنم هێنا و ماڵم پێکەوە نا و بووم بە مەلای گوندی. دیسان ماوەیەک پێ چوو، وەک باڕووت قاچاغ بووم و ڕامکردەوە دیوی گەرمێن، سەرلەنوێ بە هەڵکەوت تووشی کچە هاتمەوە. ئەوجارەیان شووی کردبوو. تەڵاقی وەرگرتبوو. دیسان پاش ڕاز و گلەییی زۆر، قەرارمان دانا و سەرلەنوێ پەیمانی دڵداری و هاوبەشی دیاری کرا. بە داخەوە داری بریایان سەرەوبن دەڕوێ، شەڕەشەپی ڕۆزگار ئەمانی نەدام و بۆ دایمە لەو کیژە نازەنین و بەشەرم و حەیایە دیدار ئاخر بووم. ئێستاش کە نازانم ماوە یا مردووە، دە بیری مندا هەر جوان و خۆشەویستە و تا ئاویلکەی مردن بە ئاواتیەوەم.

ئەو کورتە بەسەرهاتە بەشێک لە دڵداری ئیفلاتوونی مامۆستا ڕاوچی، پێم حەیف بوو ئاوە بە کورتی عەرزوو نەکەم. دەمزانی ڕەنگە بۆخۆی لە ڕووی هەڵنەهاتبێ، سەرەڕای ئەو هەموو پاکییە، باسی بکا.

زۆر بەختەوەرم کاک کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچـی، قـۆڵی لە کارەکـانی باوکی هەڵماڵیوە و خەریکی کۆ کردنەوەیانە، بە ڕوونـی ئەو ئـاواتەم دێـتە دی کە میللەتان هەرگیز نامرن، هەرگیز ئەستێور و وەجاخ‌کوێر نابن.

بۆکان ـ ١٣٨٩/٥/٣ی هەتاوی

شەوێک و خەوێک[1]

محەمەد ڕەمەزانی

شەوێکی خۆشی هاوین بوو.[2] دەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلاکەریم لە ماڵی خزمێکی سەبەبیی هەردووک لامان میوان بووین. پاش شێو کردن لە بەرهەیوانێ دانیشتبووین. دوو بە دوو بە مەشکە چاییمان دەخواردەوە. لە زۆر بابەتان دوایەن. لەو کەسایەتییە بلیمەتەدا نەک مەلایەکی ئاسایی، بەڵکوو تێکەڵاوییەک لەو شتانەم دەدی: کۆنە شۆڕشگێڕێکی ئازادیخواز، ئەدیبێکی هەستیار، شاعیرێکی توورە و زیز، کوردێکی ژیری ژێرچەپۆکەی زرداکی مێژوو، مرۆیەکی بەئەزموونی تاڵی و سوێریی چەشتووی گەرمێن و کوێستان کردووی لە کلّ دەرهاتوو، بە گومان لە هەموو چەشنە بیر و بڕوا و تەنانەت لە بیر و بڕوای شێوەئاییینی، باڵووڵیی قسەزانی، تەنانەت بە قسەی گورچووبڕ (بۆخۆی دەیفەرموو: من زمانم پیسە، بەڵام دڵم خاوێنە)، هەرواش بوو، ڕاست وا بوو، یانی لە هەموو زەمان و یاسا و دەسەڵات.

قومی توندی لە جگەرە دەدان و باسی شێعرەکانی دەکرد: «دەفتەرێکم هەیە لە پشت سەرمی دادەنێم. ڕەمەزانی، بڕوام پێ بکە جاری وایە سەعات لە سێی نیوەشەو شێعر هورووژم بۆ مێشکم دێنێ، وەک شێتان لە جێ‌وبانی دەردەپەڕم، چرا هەڵدەکەمەوە و دەینووسم.» گوتم: «وا بزانم ستانسلاڤیسکی شانۆگەری مەزنی ڕووس دەڵێ: "هونەرمەند دەبێ وەک منداڵان بەنەشە بێ،

---

[1] ئەو عینوانەم بە دانستە لە کتێبەکەی مامووەستا نووری خواستوتەوە.

[2] یەکێ لە ساڵەکانی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ی زایینی.

دڵێکی ژنانەی بێ و مێشکی پیاوانە. "من ئەو تایبەتمەندییانە لە جەنابتدا دەبینم. تۆ بە جەستە پیری، بەڵام بە دڵ و دەروون گەنجێکی شازدە حەڤدە ساڵیی. » پاشان بە پێکەنینەوە گوتم: «شێوازی جلوبەرگ پۆشینیشت هەر وەک جحێڵانە و ماشەڵڵا قیتوقۆز و دڵتەڕی. »

گوتی: «بەوەڵڵا ڕەمەزانی، ئێستاش کە ڕیشم دەتاشم و خۆ تاس و لووس دەکەم و جلوبەرگی جوان و بۆشناغ لە بەر دەکەم، هەر بۆ وی و بە یادی وییە!»

گوتم: «بە یادی کێ؟» لە نێو قەندانەکەدا قامکی بەتاڵووکەی کەوتە پشکنین، دەتگوت بۆ کلۆقەندێ دەگەڕێ کە لە شەکری هەموو دنیا شیرینتر بێ و نایەفتتر لە هەنگوینی شەمەترووکە، بۆ وەی ڕۆژانی بەژانی ناکامیی پێ شیرین کا. ئیستیکانە چایەکەی بە هەڵەداوان خواردەوە وەک ئەوەی بخوازێ ڕێوبانی گەروو وا خۆشکا کە وشەی پڕسۆز و نەرمونیان بێ سەرەنگرێ بێن و برۆن:

«تەلەبە بووم لە گوندی .... تەمەن شازدە حەڤدە ساڵ. شەوێکیان خەونێکم دی. ساڵێکم بە خەو دی، یەک ساڵی تەواوم بە خەوی دی! ئەلحانیش کە بیری ئەو شەوەم بە خەیاڵدا دێتەوە، مچووڕک بە ئازای ئەنداممدا دێ، وەک تەزووی کارەبا!

لە خەونمدا دەگەڵ هێندێ لە دۆست و برادەران بووم، چەکمان لە شاندا بوو. زۆر ڕۆیشتین گەیشتینە قەراغ دێیەک. لەوێندەرێ پارچەیەکی زەلامی سپی ڕاخرابوو. بە گوڵدۆزیی لە سەری نووسرابوو: بەخێر بێن بۆ گوندی فلان، هەروەکی کە لە نزیک هەر شارێک تابلۆی بەخێراتن دەبینی. چووینە نێو دێ. بە کۆڵاناندا و [illegible] پیرمان هات،

بردمانییه ماڵێ. هەستم نەدەکرد خەوه. تەواو بەڕاستم دەزانی. لە هۆدەیەکی زەلام بە دەورە دانیشتووین، جەفەنگمان لێ دەدا. هەموو لە دڵەوە پێدەکەنین. لەو جەنگەیەدا کچێکی جوانی باڵابەرزی کاڵوکرچ تیشکەڵانە، مەمک قوت، چاو سەوز وەژوور کەوت. بە دەوری کۆڕەکەدا دەهات، دانە دانە مەرحەبایی دەکردن. کوڕان شۆخییان دەگەڵ دەکرد. جوابەجەنگێی دەکردن، ڕووهەڵماڵدراو بوو، بەڵام ئەسڵەن بێشەرم نەبوو. دەترسام نۆرە بگاتە من. لە خۆم ڕانەدەدی لەگەڵی بدوێم، چ دەگا بەوەی گاڵتەی لەگەڵ بکەم. دەمگوت یان دەحەپەسێم و قسەم بۆ نایە، یان کەلیمەکان خاو و خلیسک، گۆج و ئیفلیج بە دەممدا دێن و لە بەردەمی دەکەون. ئەویش بە بێزێکەوە مۆڕەیەکم لێ دەکا و ماڵبوێرم دەکا. منی هەناسەساردا نالێم ناحەز بووم، قیتوقۆز و جوانچاک بووم. بەڵام من لە سەر ڕوخی زەوی و ئەو لە حەوێقی ئاسمان! هات لێم نزیک بۆوە. بە پێکەنین و ڕووگەشییەوە گوتی: سەلام مامۆستا گیان! تا ئێستا کەس پێی نەگوتبووم مامۆستا، هەر پێیان دەگوتم: فەقێ کەریم، یان هەر فەقێ و هیچی دی. سێحری ئەو چەند وشەیە (سەلام مامۆستا گیان!) وشکی کردبووم، قسەم بۆ نەدەهات. ئەو بە پێوە، من دانیشتوو. چاوی لە چاوم بڕی، نیگای تێکەڵاویەک لە هەوەس و خۆشەویستی. لەو جەنگەیەدا نەمدەزانی بە کام باریاندا دەشکێتەوە. بە سەرمدا چەماوە. قژی زەردی وەک خەزێنەی زێڕ بە سەر سەرمدا ڕژان و بە شانمدا شۆڕ بوونەوە. دەموچاوم لە سینگ و مەمکی نەرمونۆڵیدا بە جارێ ون بوو. هەمو ئەو شتانە چرکەیەکی پێ نەچوو. ئەو چرکەیە لە هەزاران ساڵ ماچ و مووچ درێژتر بوو، بەلەزەتتر بووا کە هەستاوە لە سەرم، منیش بێئاگا قرچەپێ هەستام. تەماشام کرد هاواڵەکانم دیار نین، هۆدەیەکیان چۆڵ کردبوو.

دەممان لە نێو دەمی یەکتری نا. بەو حاڵەوە وەدەرکەوتین. دەستی نەرمونۆڵی، دەستی دەکوشیم و بە پلیکانانـدا داگەڕایـن. چ هەسـتم بە قورسـایی لەشـم نەدەکرد، هەستم دەکـرد بەری پێمـان بسـتێک یـان نیوەبسـتێک لە عەرزی جودا بۆتەوە دەفڕین.

لە سەر کاتییەکە بووین. شەرم و شکۆمان لەو هەمووە کچ و ژنە نەدەکرد کە گۆزە و جەڕە بە دەست ئاویان دەبرد، یەکتریمان ماچ دەکرد، ماچی ورد و درشت.

شەو بە سەردا هاتبوو، لە کۆنە چـارداخێکی کە کەوتبـووە لای بـاکووری دێیەکە، دانیشتووین. تۆزێک ڕووخەک ببـوو. حەسـیرە شـڕێک و ڕایەخێکـی کۆنی تێدا بوو، هێنامانە دەرێ تەکاندمان. پێمەڕەیەکی کەتـی دەسـکقوڵە لە بەر دەرکەکە لە دیـوی نێـوەوە هەڵپەسـێردرابوو، دەسـتم دایە و خـۆڵ و ورکەبەردی تەرکی عەرزەم دەردا دەرێ. ئەو کـیژە جوانە گەسکە کـۆتەرەیەکی بە دەستەوە بوو. دەیویست تەرکی عەرزەکەی پێ بماڵێ. نەمهێشت. گوتم: «بە قوربانت بم، گووجەی دڵم، چۆنم دڵ دێ گـوڵی وەک تـۆ گـڵ و خـۆڵی لـێ بنیشێ!» گەسـکی فـڕێ دا بە تـامەزرۆییەوە باوەشـی پێـدا کـردم. دەسـتمان کردەوە بە ماچومووچ. مانگەشەوێکی زۆر ڕوونـاک بـوو. مـانگی چـاردە بە قەرا مەجوعمەیەک دەبوو.

لە چارداخەکەدا لە بەر دەرکەکە دانیشتبووین. درگـای تێـدا نەبـوو، هەر چوارچێوەیەک بوو. ڕوومەتمان نابوو بە ڕوومەتی یەکترییەوە تماشای مانگمـان دەکرد.

لەو خەوەدا ڕۆژان دەهاتن و دەڕۆیشتن، دەبوونە مانـگ و وەرز. گەرمـا و سوورەتاوی هاوین ... و ... زستان و بەفـر و

سەرماوسۆڵ و کرێوە و بەهاری سەوز و گەش و ڕوخساری هەزاران گوڵ و مەلی ڕەزاسووکم دین. دەڵێم، ساڵێکم بە خەون دیت و کارەساتە پڕ لە دڵدارییەکانم هەموو لە بیرن. نامەوێ سەرت بێشێنم. »

بەو ڕستەیەی ئاخری، حاڵ و وەزعی چۆلەکەیەکی داماوی دەستی منداڵەورکەی هاروهاجم پەیدا کرد کە سالانی زوو غەرغەرەیەکی ساغیان بە خولخولەکەیەوە دێنا لاقێکی چۆلەکەی بەستەزمانیان بە سەرێکی دەزووەکەوە دەبست بۆیان شل دەکرد تا دەگەیشتە حەوێنقی ئاسمانێ. چۆلەکەی نەگبەت وەی دەزانی بۆ هەتا هەتایە ئازاد کراوە، بە کەیفخۆشییەوە باڵی لێکدەدان. بەڵام لەو سەرەوە دیسان دایاندەکێشاوە خوارێ و ئەمی بێتاوانی هیچ لە دەست نەهاتوو تا دەگەڕاوە ڕوخی زەوی هەر دەیقریشکاند. گوتم مامۆستا تۆ دەردی ئەو چۆلەکەیەت بە من دا. مامۆستا پێچوکلاوی فڕێ دابوو. بە پێچوکلاو و چاویلکەوە شتێکی دی بوو. زۆر وەک حەسەن زیرەک دەچوو. زۆر جاران ئەو هەستە ئەوەندەی قانەقدێ دەدام لەوانە بوو بڵێم دادەی مامۆستا گیان گۆرانییەکم لۆ بڵێ!! بەڵام چی لێ بکەم، نێوی مەلای بە سەرەوە بوو، با ئەوەی برادەرم بوو پڕکێشیم نەدەکرد. بەبێ پێچوکلاو و چاویلکە، بە سەری سپیی تاشراوی (ئەڵبەتە تووکی سەری چڕ و پڕ بوو و نەوەریبوو) و بە نێوچاوانی بەرزیەوە، کە لە باری ڕوخسارناسییەوە تایبەت بە بنیادەمی خاوەن بەهرە و بلیمەتە، زۆرتر وەک ڕۆبەاتێکی زلکوێر دەچوو (وێنەکانی لاویم دیتوون دەمزانی بە جەوانی جوانچاک بووە)، بەڵام هەستێکی ئاگرین وەک ئاوی دەریای بێ سنوور لە تەواوی خانەکانی دەموچاویدا شەپۆلی دەدا. بە گاڵتەوە گوتم: «باشە، چۆنت دڵ هات لەو خەوەت خەبەر بێتەوە؟ من دڵنیام تۆ مەرتەبەت لە هی ئەسحابەکانی کاف بەرزترە. ئەو بەستەزمانانە سەتان ساڵ

نوستن خەونێکیان نەدی. تۆ بە شەوێک ساڵێکت بە خەون دی، ئەویش خەوی ئاوا بە پیت و بەرەکەت! بابم، خۆ لە بەهەشتێ ئاوات لەگەڵ ناکەن، وەکی بیستوومە حەفتا حۆریت دەدەنێ کە خێزانەکەی خۆت لە هەموویان جوانترە!»

من مامۆستاژنم بە قەرا دایکی خۆم جانم دەویست. شێرەژنێکی نەترسی لەخۆ بردووی تفت و تاڵیی رۆژگار چەشتووی وەک شیری هێندی، بە جەوهەر بوو. جەفای دونیایەی دەگەڵ مامۆستا کێشابوو. ئەو خاتوونە ئاکاری زۆر جوان بوو.

دیسان گوتم: «باشە، چۆنت دڵ هات خەبەرت بێتەوە! تۆ بەهەشتت بۆچییە؟ لەوێندەرێ حەفتا حۆری وەک مامۆستاژنت دەدەنێ!»

بە حاڵەتێکی وەک نیوەکوێران، بە هەڵەداوان دەستی بۆ ئیستیکانە چاییەکە و بۆ قەندانەکە برد. چایە ساردەی یەکبین هەڵقوڕاند. گوتم: «بۆ لێ نەگەڕای بۆت بگۆڕن، سارد ببۆوە. » گوتی: «گوێت لێنەبێ، ڕەمەزانی، من ساردی و گەرمیی ڕۆژگارم زۆر چەشتووە. لەو خەوەم خەبەر بۆوە. لە تاوی ئەو خەوە نەخۆش کەوتم، پازدە بیست شەوان بە جێوبان بۆی کەوتم. بەتەمام نەبوون. بەو سوورە هاوینەی چەقچۆیەکم دەهاتێ وەک برێشکەی نێو تاوە هەڵدەتۆقیم. چەلی وا بوو لە سەرمان وا دەلەرزیم بەو گەرمایەی دایاندەپۆشیم. جاری واش بوو گرم دەگرت باوەشێکی باشیان لقوپۆپی بی بۆ دێنام، ڕووتیان دەکردمەوە نیوەی گەڵا بییەکانیان بۆ لە سەر جێوبانەکەم بۆ ڕادەخستم و نیوەشیان پێدا دەدام. ئافتاوە و لەگەنیان بۆ دێنام دەست و لاقیان دەشووشتم. بە گەڵای بی باوەشێنیان دەکردم. نەمردم و خەلەستم. بووژامەوە و بە خۆدا هاتمەوە.

ساڵیانی ساڵ بە سەر ئەو قەزییەیدا تێپەڕی و من مەلا بووم و مەلاژنیشم هێنابوو. بەڵام هێشتا گەنج بووم و شایی‌بەخۆ. پێشمەرگە بووم و دەگەڵ هاوالانی هاوسەنگەرم بە پێی دەستووری کە پێمان درابوو بەرەو گوندی ... کەوتینە ڕێ. من ئەو دێیەم قەت نەدیتبوو. بەڵام هەرکە گەیشتینە قەراغ دێ، مچوڕک بە تەواوی گیانمدا هات: ئای ئای! کوڕە خۆ ئەوە هەر ئەو گوندەیە دەورانی فەقێیەتی بە خەو دیتبووم! بەینەڵڵا، تەنیا گوڵدۆزییەکە دیار نەبوو بەخێراتنمان بکا. کووچە و کۆڵان و خانوو و کانی و سەرانگوێلک و مزگەوت و ڕێگاوبان بێ ئەملا و ئەولا هەر ئەو شتە بوو کە لە خەوەکەدا دیتبووم!

چووینەماڵێک، هەمان ماڵ کە لە خەونەکەدا دیتبووم! کوڕانی چەک لە شان لە هەمان هۆدەی تایبەدا بە دەورە دانیشتبووین. بۆ لە جەنگەی قسە و باس و جەفەنگ و پێکەنیندا کچە وەژوور نەکەوت! هەمان ئەو کچەی لە خەوەکەدا دیتبووم. بەخێراتنی هەمووانی کرد. ڕووی کردە هاوالێکی پێشمەرگەمان کە بە برینداری هێنابوویانە ئەم ماڵە و چوار پێنج مانگ ئەو کچە تیماری کردبوو. کچە لێی چووە پێشێ، بە دەنگێکی دلێری شێرەژنانە، بە بزەیەکی تاڵی هەق بە دەستەوە دەستی ڕاستەی هێنا پێشێ سەری سێ قامکی گەیاندەوە یەک و گوتی: «کاک... تۆ ماوەی ئەو چوار پێنج مانگەی وەک برای خۆم خزمەتم کردی، تەنانەت ڕووتم دەکردییەوە، لە سەر تەشتەکە دەمشتی، تۆ شەڕەفت، تاقە چرکەیەک تۆ هەستت کرد من دڵم بە تۆوە بێ؟! سەر دامەخە، سەر هەڵێنە چاو لە چاوم کە!» کوڕە ڕەنگی هێنا و برد، سوور بۆوە، ئارەقی ڕەش و شینی دەردا، مرد، مرد! هەر بە جارێ مرد! پێی خۆش بوو ببێتە دڵۆپێک ئاو و بە عەرزیدا بڕواتە خوارێ. کوڕەکان بەزەییان بەو

کوڕەدا هاتەوە، ویستیان باسەکە بگۆڕن، بە گاڵتەجاڕی بە دەوری کچەدا هاتن: «تۆ لەو قسانە گەڕێ گەڕ، پیاوا مێردمان پێ بکە!» کچە ئەو بزەتاڵەی هەر لە سەر لێوی بوو گوتی: «وەڵڵا حازرم نیم تابووتەکەشم بە ئێنگۆ هەڵگرم! ئەوەی من دڵم دەیەوێ، ڕەنگە من بە پشیلەش دانەنێ. »

ئەو قسەیەی گوێقولاغ و بڕێکیش قوشقی کردم. پێچوکلاوەکەی بۆ هاویشت گوتی: «باشە، مەیپێچەوە، لەو کۆڕە کێهامانت خۆش دەوێ ها ئەو پێچوکلاوەی پێدا بدە!» کچە گوتی: «وەڵڵا ئەوەی من دڵم لە مێژە گیرۆدەیەتی ئەگەر گوڵیشم بە دەستەوە بێ دڵم نایە پێیدا بدەم!» گوتیان: «باشە، هەر نەبێ ئیشارەیەک بکە با ئەمەش بزانین. » کچە هات، هات، لە من نزیک بۆوە. ئەوا ئەو دڵم وا لە شەڕ لێی دەدا هەستم دەکرد خۆ هەڵداوێ خەریکە ئەوکم بگرێ، هەناسەم گیرابوو. پێشم دەرنەدەچوو. هات و غەززەبە ڕاست دەستی لە سەر شانی منی کۆڵەوار دانا! بە عەرزەکەوە وشک ببووم. ئەو بەژن و باڵا و ئەو ڕوخسارە کاڵ و کرچە ڕەزاسووکەی ئاورێکی وای تێبەرنەدام بە ئاوی هەرچی بەحری سەر زەوی وەکووژێ! گوتی: «مامووەستا ئەگەر بنێرێتە سەرم، هەر ئەلحان مێردی پێ دەکەم. »

لێرەدا مامووەستا بێدەنگ بوو. خەیاڵ هەڵیگرت بردییەوە بۆ ڕۆژگاری لاوی، وا دیار بوو وەک فیلمی سینەمایی بە بەرچاوی کەمسۆمایدا دەهاتن و دەڕۆیشتن. ئەم ماوەیەکی باش واقی وڕ مابوو. دەتگوت پەیکەری ناکامیی ئەوینە. هەست و خوستی لە خۆ بڕیبوو. باسکی هێند شل و شەوێق داکەوتبوون سیغارەکەی لە دەست بەر ببۆوە نێو ژێر سیغارەکە و پێی نەحیسیابوو. تەپومژی ڕابوردوو وا زاڵ ببوو بە سەر ولاتدا، هەستم کرد من ئیدی دیار نیم، [illegible]

پیشێکی توندی خواردەوە، هەناسەیەکی دوور و درێژی هەڵڕشت: هەناسە نا، فرمێسکی وشک. وەئاگا هاتەوە، دەستی وەک قرژاڵێکی نیوە مردوو دەست لە خۆ داشتوو، وەجووڵە کەوت و سیغارەی دەست دایەوە. پاش مژێک و دووان:

«ساڵێک لەو گوندەی مامەوە. بڕوام پێ بکە بەشی هەرە زۆری ئەو دیمەنانەی لە خەوەکەدا دیتبووم دیتمەوە. شەوێکیان، مانگەشەوێکی ڕووناک، لەو چارداخەیدا دانیشتبووین و ڕوومەتمان بە ڕوومەتی یەکەوە نابوو و چاومان لە ڕوخساری جوانی مانگ بڕیبوو. دەگریاین، بە کوڵ، پڕی بە دڵ. هەردووکمان دەترساین، ئەو دڵەمان هەمیشە لە یەک شت دادەترووسکا: منی ماڵوێران ژن و منداڵم بووا زمان و قەڵەم گۆ ناکەن و لە حاندی ئەو یەک ساڵە دڵدارییە سڕ و کپ و شڵەژاون. ڕەمەزانی، ئەوەی کە چ گوزەرا و چۆن هات و بۆ وای لێ هات و چم بە سەر هات نایەتە گۆ و نایەتە نووسین. »

بزەیەکی خەفەتاوی لێی بوو بە ڕووبەند تا چاوی بە فرمێسکی نەبینم. گوتی: «نازانم لە کوێوە شەماڵی شەیتانیی هەڵیکردبوویە و شتێکی بە گوێی مەلاژندا دابوو. ژنی تایینی تۆ بچۆ و بەرۆک بە پێشمەرگەکان بگرە و داوێنیان بادە و قورمیشیان بکەا کاکە گیان هاوالانم لێم بوون بە ڕەفێقی ناموافق و بە فرت و فێڵان بە دەورمدا هاتن و بە زمان گرتیانم و وایان هەڵداشتم لەو هەرد و مەکانەیان نەهێشتم. خوداگیرم بن، وەک پشیلەی زیانی خورۆ هێندەیان دوور فڕێ دام کە قەت نەگەڕێمەوە و چاوم نەکەوێتەوە بەو چاوە جوانانەا»

دوو قامکی دەستی ڕاستی جووت کردبوون و هەڵیهێنان و وەک نیشانەی سوێندێکی یەکجار گەورە ڕای‌دەوەشاندن:

«بە وەڵلا ڕەمەزانی، ئێستاش کە ڕیشم دەتاشم و خۆم تاس و لووس دەکەم و بەرگی بۆشناغ دەکەمە بەر، هەر بە یادی ویە، شێعری تەڕی دڵداریم بە مێشکیدا دێن، چ بێنە سەر سینگی کاغەز و چ لە سینگمدا بمێننەوە، هەر بە یادی وییە. کسپەکسپ و کاوەکاوی ئەو برینەی بە هیچ دەرمانێکی دانامرکێ، یارەبی زۆر شوکور، وا دیارە لە ڕۆژی بەرێ بەشی من وا درابوو.»

سووکەئاوڕێک

کاوە عەزیزنژاد

ڕێــــــــگە هەورازە، ژیـــــــان بەرز و نەوی
پــێ دەچـــی، خەم ڕۆ دەچـــی، تێـــدەکەوی
لە هەڵـــۆی بەرزی چیــای قــافی ژیــان بــڕوانە
ڕۆ نەچـــــــی، تەم دەرەوی، ســــــەر دەکەوی

بە نێوی خوای گەورە و بێهاوتا

کــۆرپەی مێــژوو کــاتێ لە دایــک بــووە بە شــیری هەســتی خەســتی مێژوونووســـان و پیاومــاقوڵانی نیشـــتمان مێــژۆک دراوە و فرچکــی گرتــووە، نووســراوەتەوە و خــراوەتە نــاو بێشــکەی ئەویــنەوە و نەرم نەرم خــزاوەتە نێــو مێشکی ئەویندارانەوە. بە گوڕوگاڵ و دارەدارە کەوتــووە، بە ســۆزە و لایەلایەی مرۆی بێگەرد و ناسک هەست و جوان پەرستەوە هەستاوەتە ســەر پەنــجە و وە لەنجە کەوتووە، بــۆتە ئــاوێنەی بــاڵانوێنی مرۆڤــایەتی و خــۆی نوانــدووە و ئاوێتەی ودم و کەلامی سیحراوی هەستی ناسکی ئاسکی غەزەل بووە، بە سەر بسکی شۆڕی پەخشانا شۆڕابەی بەستووە. بۆتە ئەوین یان باشــتر بڵــێم یــاری دێرین و یادگاری زێڕین. ئەمجــارە ســرک و ســڵ دە بــاخەڵی بەیــت و بــاو و چیرۆکەکاندا گیرساوەتەوە و بــۆتە لاولاو. لە بەژنــی گــوڵە شــێعری شــەهید و جوانە مەرگان هاڵاوە، چەشنی ئاوی زوڵاڵی چاوی کاڵی کانیاو ئۆباڵی گــۆزەی وە ئەستۆ گرتووە و بە سەر سینگ و سوخمە و گۆبەڕۆکــا جــۆڕاوەتەوە، بــۆتە گۆرانی و ئاهەنگی شوان و هەنگی خەیاڵی بەدەنگ هێناوە. ژوانی ڕاستەقینەی

شەوەژانی هەڵوەدایی بۆ گێڕاوەتەوە، ڕۆندکی ئاڵی بۆ چاوی کاڵی زێد و لاپاڵی وەتەن هەڵڕشتووە و بنەمای ژیانی بەژانی بە گوڵەبێژانی چیای عیشق و پڕ لە گڕی کوێستانی نیشتمان دامەزراندووە.

لە دڵەوە دەڵێم مامۆستا ڕاوچی، یەکێ لەم مرۆڤە نیشتمان‌دۆستانە بوو، سەرکەوتنی خۆی و بنەماڵەکەی لە پێناو خزمەت بە گەلەکەیا دۆزیبۆوە. ویستوویەتی لە چوارچێوەیەکی خاوێنی خۆناسی و خواناسی و ماندوونەناسی و نیشتمان‌خۆشەویستیدا خزمەت بە مرۆ بکات. ئەو «ڕاوچی» بە مەچەک و دەس و مەکوچ ڕەنگینەی لە جێ خۆی و بە ڕێ خۆی لە سەر ماف و مەرامی هاتۆتە وەلام و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگای بە زمانی ڕەسەن و فۆلکلۆریک هێناوەتە سەر ڕوومەتی سووری دەفتەری خوێنینی ژیانی نەتەوە هەژار و دڵبرینداره‌کەی. جا هەر زەمانێ بە زمانی تایبەتی خۆی (شێعر، چیرۆک و پەخشان یانە قسەی خۆش و نامیلکە و...) هەر وەک چیرۆکی بووکی گۆڕستانی کۆن پەخشانی پۆڕ و هەڵۆ، خولە و پیزە یان ئەوەی ڕووداوی نەبیسراوی «سوارە و سوورە»ی لە زمانی کابرایەکی نەخوێندەوار بەلام بەئەزموون و لەمێژینەی لادێیی وەک «مامە قالەی گوندی یاغیانی» ناوچەی موکریاندا بیستووە و بۆی بۆتە چیرۆک و مەکۆی سەرنج و ڕاپەڕین و دونیای بێدەنگی پێ تێک شکاندووە و مەبەستی ئەو زەمانی بە زمانی زگماکی دەربڕیوە. ئەو مامۆستایەی پەڕاوی ژیانی لە ناو گێژاوی هەڵوەدایی و زیندانا گێژی خواردووە (ساڵی ٣٨ تا ٤١ لە زیندانی قزلقەلعە و قەسری قاجار لە تاران) بەند کراوە و تەنانەت یەک لە سەدی ئاواتەکانی نەهاتۆتە دی و سەربەمۆر ماونەتەوە و هەر وەک خۆی ماوەیەک بەر لەکۆچیدا دەڵێ: «ئەوەی

دەمهەویست ببیینم تێر بە چاوانم نەمدی[1]» تۆ بڵێی چەنی بیرۆکەی فەلسەفی لە نێو ئەم چاوەبرکێنەی شاعیرانەدا شاردرابێتەوە؟ راوچی رۆیی بەڵام بەداخەوە ئێستاش هێندێ وشکەسۆفی و رژد و چاوچنۆک هەن چاوی دیتن و گوێی بیستنی بیر و بروای ئەم بەرزەفرەیان نییە. ئەمنیش بەڵێنیو پێدەدەم دەنک بەدەنک گەوهەری هەستی دێتەوە نێو بیر و مەبەستان. پیرەمێرد وتەنی: «نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین.»

لە بیرمان نەچێ سەبارەت بە «بووکی گۆڕستانی کۆن»، ئەم بووکە رەزاسووکە هەر بە کیژۆڵەیی هەرزان فرۆش کرا چاپەمەنی سەیدیانی مەهاباد لە دەس راوچی دەرهێنا و زیندە بە گۆڕی کرد. قەرار بوو لە چاپ بدرێ. دوای چەن ساڵێ چاوەروانی ئەم بووکە ئێسک سووکە سەر لەنوێ شایی ژیانی لێ بوو بە شین، لەبری چاپ کۆپی کرا و بە هەناسەساردی سەری نایەوە. بە خۆشییەوە گۆڤاری «سروە» ئەم کەم و کوریەی تێ هەڵێناوە و بە چروپری بڵاوی کردەوە. ئەو پەریزادەیەش بە مرادی خۆی گەیشت و لە کۆشکی ئەدەبدا ئارامی گرت.

پێم خۆشە زۆر بە پێ پیلان و راوێژکاری و بە وردی بڕۆمە پێش وەک راوچی تۆرِ ورد، وردیلەکانیش وەدوا نەدەم. تەنانەت فلاش‌بەک بۆ دواوە و گەرانەوەش. وەک دۆزینەوەی شێعر و دەس‌نووسی باپیرم (مامۆستا سەییادی) ـ وەکی لە دیوانەکەی راوچیدا هێناومن لە داهاتوودا کاری لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکەم ـ ژانی ون‌بوونی بیرەوەرییەکی راوچی دەیهەژاندم. ئەویش

---

[1] حەوتەنامەی داهاتوو، پاییزی ساڵی ٨١ی هەتاوی ـ دیمانەیەک لەگەڵ راوچی؛ وت‌ووێژکار: ئەمین گەردیگلانی.

بەڕێزان فەتاح ئەمیری و محەمەد ڕەمەزانی بێدڵییان نەکردم و بە وردی نووسییانەوە.

دیسان سوپاس بۆ تەواوی ئەو کەسانەی لە ڕێبازی کۆ کردنەوەی شێعر و چیرۆک و قسە و بیرەوەری «ڕاوچی»دا یاریدەیان دام، هەر وەک لە کۆنەوە وتوویانە: «دەستێ بەتەنیا تەقەی نایە».

بووکی گۆڕستانی کۆن

گوندێکی ڕەزا سووک و ڕازاوە. لە ناو هەموو گیان و دڵێکا جێ‌گیر. نازاوای ناو باوەشی کێوەکانی قەندیل، ناوداری هەرێمی ئاکۆیان لە سێبەری داری بەریدا تۆخ و لە تین و هەتاوی هاوین بێ منەت. لە بۆن و بەرامی خۆشدا خەنی، لە بیزا و بەڕەزا و چنوور و چەورینا خاوەن بەش. بە هەڵز و کەما و مەندۆک ڕووگەش. کێوەکانی سەر لە ئەستێرەن و ئەستۆیان تەماشاگەی شاو شالیارن. شاخەکانی قوت و قۆز و گوێچک سووکن. چی بۆ دەڵێی دەیڵێتەوە، ڕەوەز و ڕازی بە نێو چیرو جێگە ڕاوی سەدان قۆڵە میر و هەزاران سیامەند و خەجی مل بە کوێنن. قەڵای مێران و ڕوانگەی دلێران و پاردەی دێوان و بازی کێوان، هەوارگەی بژوێنی ئەو گوندە ڕازاوەن. بژێوی گیانی لەو شوێنە حەیران و بەیت و باوی کۆن و کورتە چیرۆکی ڕەندە پیاوانی ڕابوردوون.

پێخۆری پێ‌ژیان، بزە و نیوە نازی نازفرۆش و شایی بە خۆیانن. یاسا عەشیرەتی و شێوە ژین مەڕداری چەقەساوی ژیان هەوارە و هەوارن. کورتەک و جامەدانە و چەکمە و وێزەنگی کوردی کەحێل و مەحەندەکی خۆش هەڵبەز و خەنجەری دەبان و کێردی وەستا نەبی و کڵێتەی وێنە کۆیی، بەڵگەی شانازی سوارچاک و شایی بە خۆیانن. دەمی عیسا و عەسای جادوو بەزێنی مووسا و ودمی لوقمانی حەکیم لەو شوێنە خاوێنە شەوبای بەرەبەیانی ڕووناک و هێمنی هێنە. شەوبای شەوی ئەو شوێنە بێ وێنەیە. نە پێنووس

ئەتوانێ لە تاریفی پێهەڵگرێ و نە بەستەبێژ توانای پـێ هەڵگـوتنی بـۆ دەس ئەدات. مەگەر بڵێم شەوبا لەوێ شاباڵی بەخـتەوەری سـێبەری بەزەی خـوای کێوپاران و هەناسەی ژیانی بێ زیوانە. هەموو شەوێ هەمـوو ڕەزان دەنگێـوێ. ڕەوەزان دەگەڕێ و لەپاڵ و پەسیوان تێدەپەڕێ. گیان وەبەر پەڕاوێزاندا دەکـا. لە کووچەی بیزا و بەرەزایان دەڕوانـێ و سـەردەمی کـۆرپە گـوڵان دەکـاتەوە، نساران دەپشکنێ و پـرچ و پەرچەمـی چنـوور و چەوریـنـان بە شـانە دەکـا و عەتریان لێ وەردەگرێت و کاکۆڵی ئاڵەکۆک و شیرین شـۆکان هەڵـدەداتەوە و تینی هەتاویان تێ دەڕژێنێ و ژینیان پێ شیرینتر دەکات. لە هەمـوو تەلان و تەرتان بەرۆکی گـوڵە بـاتوون و یەخەی بەنـد و خـاوان دەترازێنێ. کـۆرپەی بەیبوون و هەڵاڵان دێنێتە پێکەنین. لە هەردان دەردان ڕەپێ دەنێ. نەخۆشان دەلاوێنێتەوە. لە دەشتۆکە و گـوێ چۆمـان لەگەڵ هێرۆیـان ئەدوێ و خـارا و دارایان لە بەر دەکا. عەتر و گوڵاو لە جاتر و بێژان وەردەگرێ و لە سەر گۆڕی شەهید و جوانەمەرگان ئەسرین ئەبارێنێ و لە هەموو ڕەشماڵ و کەپرۆکەی بە ڕیحان و هۆزەڵاو تەنراو میوان ئەبێ. ئـامێز لە جوانـان وەردێنـێ و نەخۆشـان دەبووژێنێتەوە و ماندووان ئەحەسێنێتەوە و مێشک و زار و دەمان بۆن خۆش ئەکات.

مۆجزاتی نەخۆشی دەمرێـنێ. نەتەوی دامان و لاوازی وەدەردەنێ، هەتیـو و هەژار و سامان‌داران بە چاوێک چاولێـدەکا و بە زمانێکیـان ئەدوێنـێ. هەمـوو هەوایەکی خۆش. لە خۆشی هەوای ئەو شۆبایە بایەخی پێ دەدرێ. بەهەشتی ناودار و نادیار شەوگوڕدی لە وێنەی جوانی ئەو هەرێمە هەڵگیـراوە. هەرێمـی

ئاکۆیان به تایبەتی گوندی ئەستێرۆک، دەبێ بڵێی بەهەشت و قەسر و حۆری. قارەمانی چیرۆکی (بووکی گۆڕستان) واته مەم و زین، دوو ئەویندای دڵ بریندار، کەژاڵ و شۆڕش، دوو قوربانی دەستی ئەنقەست و دوو پەپوولەی باڵ زێڕین، کچی حەمه سوور و تاقانه کوڕی بنەماڵەی کوێخا سولەیمان، دانیشتووی ئەستێرۆک، لەدایکبووی شەوێک و نێوکەبڕەی دەستی مامانێک بوون. هەر له سەر بێشکەوە له دەمی شیرەخۆریەوە ناوی یەکتریان لێهات و به ویستی «باوک و دایکی کەژاڵ بوو به مارەبڕەی شۆڕش. » دوو ساوا، دوو شیرەخۆرە خڕەکەبوون و خرانه قوتابخانه و ناوەندییان تەواو کرد و خۆشەویستیان پتەوتر کرا و هەمیشه چاویان له باڵای یەکتر نەدەترووکاند.

حەوتەیەک حاوانەوەیان بەبێ یەکتر حەستەم بوو. بڕیار درا پاییزی داهاتوو کەژاڵ به بووکی بۆ ماڵی کوێخا سولەیمان بڕوات و ئاوات و نیازی شۆڕش وەدی بێت. بەڵام دەست و مستی نەزان و باوکی دڵڕەق شووشەی هیوای ئەو جووته ئەویندارەی وەها له بەردی بێنازیدان که ئەو شایی و زەماوەندە، ئەو پێکبڕانه کەوته جیهانێکیتر و هەستانێکیتر و ڕاسانێکیتر.

بووکی گۆڕستانی کۆن

کەژاڵ کیژێکی خوێندەوار و سەر و قژ کاڵ و دیمەن ڕێک و شەرمن و هێواش دوێیه. کۆشکی بەختەوەری خۆی به چرای خۆشەویستی شۆڕش ڕازاوه دێته بەرچاو. بۆ سەرکەوتن و چوونه سەر ترۆپکی پێکبڕان ماوه له سێ مانگ زیاتر نەماوە. ئەگەر دەستی ئەنقەست و زمانی شەیتان و شۆفاران

لێبگەڕێ ئەو بەشی خەو و خەونێکی خۆشە. کەژاڵ لە زمانی سرتەی دەروون و چرپەی خەیاڵی تاڵی خۆی لەگەڵ خۆی ئەدوێ و زۆر بە سەرسامیەوە ڕوو بە خۆی لە دەردی دەروون و تاریکی هیوای دەکوڵێتەوە و دەڵێ: تێناگەم یانی چی؟ دەبێ چم بێ، چیم بە سەر دێ، چیم بۆ گوترابێ، چ زار و زمانێکم بۆ کرابێتەوە؟

خورپە، هەناوەکوتە، ڕاچڵەکین، ترسان، بێ هیوایی، دوو دڵی، گومان، قورقەپی، یانی چی؟ ئەویش بۆ من! یاخوا خێر بێت، ماوەیەک خەم و پەژارە لە ژار و ژەنگی ناوم و بێ ناوی هورووژمی کردووەمە سەرێ و بێ سەرەدەری هەموو دەرگای لێ پێوەداوم. بەڕاستی هێزێکی دزێو و نەبینراو هێزی خستوومە سەر و سەری لێشێواندووم، بێ خەوی شەوان و فرمێسکی ڕژاو ئێسقانی باریک و بالآی لاواز کردووم. تەمێکی ڕەش تاوڵی لە سەر هەڵداوم و خەیاڵی تاڵیش فاڵی خراپم بۆ ئەگرێتەوە، نوشتە و دوعاش چارەی گەیاندوومە پشتی شێران و سەرووی ئەستێران.

زۆر دەترسم ئەو ترس و ڕاچڵەکینە پێش قەڕاوڵی ڕووداوێکی ڕۆشن بێت. ئەترسم زەماوەندی خۆم و شۆڕش نەبینم. بە دەستی پیسی خوانەناسان تەڵەیەکم بۆ نراب‌ێتەوە و سەرە ڕێگای هیوام تەنرابێت. خوایَ گەورە هەرچەند ئەکەم و ئەکۆشم نە دەستم لە قەدی خەمم ئەکاتەوە و نە گرێ کوێرەی گرووی هەناوم بۆ دەکرێتەوە، ئەترسم سەرەتای شێتی و فێداری دەمی بۆنی کردبێتەوە و دەستی ملۆزمانم لێ وەشابێت و بە چەشنی «هێرۆ»ی با بە جێی خەیاڵ خۆم بکەمە قوربانی ڕووبار. باش تێئەگەم کە من کەژاڵی جاران نیم،

به ئاوێنه وێنەی خۆم نەناسمەوە، ڕەق و تەق و لاواز و بابردەڵه بووم، هەموو شتێکم لەبیر کردووە، تەنانەت قاقا و بزۆزی کچانەشم لە دەس داوە، بزە و نەشە و گەشەشم بە هەناسە و هەنیسک گۆڕیوەتەوە و نازانم بەرەو کامە حەکیم و کام نوشتە نووس و تێهەڵڕوانان وەڕێ کەوم، نەخۆشی نەبینراو و نەناسراوی کچانەم نیشان بدەم و ئاگری گڕ و دووکەڵی هەناوی داپلۆخاوم بە کامە دەرمان و چارە وەکوژێنم.

بەڕاستی سەر لێشێواوی بنەوانێکی قووڵ و بێ سەروبنە، قارەمانی دەوێ کە تێیدا نوقم نەبێ و سەر و پێی خۆی لێ گوم نەبێ. درۆ ناکەم. ڕۆژێک بە تاریفی پوورزا ناسکێ‌وە زۆر پەنامەکی پەنام بۆ نووشتە نووسێک برد. نوشتەنووس سەیدێکی بەرگ و سیپاڵ جوان و دیمەن ڕێک و عەبا شۆڕ و شاڵ بە سەر بوو. سڵاوم کرد و بە شەرمی کچانەوە بە هەزار دڵەکوتە و زمانی بۆڵەوە، ویستی خۆم یانی نەخۆشی گیان و سام و ترسی شەوانەم ڕاگەیاند.

نووشتەنووس چاوێکی زەقی لێکردم و برێک لێوی جووڵاندەوە و کتێبی پان کردەوە و دەستی لە سەر دڵم دانا و برێکی لێو جووڵاندەوە و هەناسەیەکی سری هەڵکێشا و گوتی ڕووبەڕووم دانیشە.

ڕووبەڕووی چاوی زەقی پڕ لە خەیانەت و شاڵاوی ئەو نوشتە نووسە دانیشتم. هەموو گیانم بە ئارەقەی شەرمی کچانەوە شەڵاڵ بوو. واقم ورما و دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو.

پاشی ماوەیەک گوتی: کیژی جوان ئەتۆ ناحەزان نووشتەیان لێکردووی و لە قاپی پۆڵایان ئایم کردووە و ئەحلەتیان لە تۆ هاروورالدووە و دەستیان لێ

وەشاندووی. چاک بوو هاتی، ئەگەر فریای من نەکەوتبایەی پاش چل ڕۆژی‌تر فێ و لەخۆچوون، سەر و دڵی دەگرتی، ئەو جار چارەت بە لوقمان و نووشتەنووسان نەدەکرا. کیژم دوعای «ئەبوودووجانە»ت بە دڵ و بە گیان بۆ دەنووسم، گیانی نەحلەتیانی پێ دەسووتێنم و جادوویان پێ بەتاڵ دەکەمەوە، ئەبێ نوشتەی ئەبوودووجانە بەیانی لە پێش گزینگی هەتاو بنووسرێت، لەگەڵ گەڵای زەعفەران و سمێڵی ماسی سپی و نانۆخی شەمشەمە کوێرە و تویکڵی هێلکەی مریشکی ڕەش لە حەوت بەرگی ڕەنگاورەنگ گیرێ و لە گۆڕستانی کۆن لە ژێر کێلی نابالغێکەوە گۆڕ بکرێت بە قامکی شادە و ئاوی مێخەک ناوی چل سوارەی غەیبی لە ژێر گۆ مەمکی چەپت بنووسرێ، سەرقەڵەمانەکەشی بیست دینارە، ئەگەر خاترت بگرم. پشت بە جەددی گەورە دێیەوە سەر حاڵ، نەخۆشی وام زۆر چار کردوونەوە، دەبڕۆ بەیانی زووتر، پێهەڵێنە، خۆت تووشی شێتی مەکە.

ئیتر لە وتەی نووشتەنووس و ناوی نەحلەتی و سمێڵی ماسی و نانۆخی شەمشەمە کوێرە و کێڵی نابالق و گۆڕستانی کۆن وا داخورپام کە بۆ خۆشم نەمزانی چیم لێ‌بەسەرهات و چۆن بە عەرزەوە بەند بووم. دڵم چۆن دەستی بە هەلە و پەلە کرد، دەمم وشک بوو و تەزووی سڕ سرتەیٔ لێ بریم و سامی لە سەر پەڕاندم و لە ژێر ئاگری شەرم و ئارەقەدا تولاتولا بووم و بە تەواوی بوومە شێتێکی ڕاستەقینە.

هەر جۆر بوو شرەی خۆم لە قوڕ ڕاکێشا و پێنج دینارم داچاند و بەرەو ماڵ گەڕامەوە و نووشتەنووسم بە جێ هێشت.

هەرچەند نووشتە نووسم جێ هێشت، هەرچەند لام وابوو پیاوێکی لاسار و فێڵەباز بوو، لە متمانە دوور و لە شەرەف بێبەش بوو، سەرەڕای ئەوەش وتەکانی لە سەر گیانی من بوونە نەخۆشی خۆرە و شەو و ڕۆژ زیاتریان جێگە دەکردەوە و پتریان ئازار دەدام، بە تایبەتی ناوی مۆتە و ملۆزم و نەحلەتی ئاڵە و خێوی سەر ئاوان، لە ناو بیر و مێشک و خەیاڵا وایان خۆ مەڵاس کردبوو بە سەدان ناوی خوا و پێغەمبەر و پیاوچاکان بۆم نەدەڕەوین و بەرچاویان چۆڵ نەدەکردم. لە نەخۆشی خۆم زیاتر کەوتمە گومان و دوودڵییەوە، دەمەویست نووشتە بنووسم بەڵام لە خەیانەتی فاڵگر و حەیای کچانەم دەترسام و لە زار و دەمی شەیتان و شۆفاران زیاتر دەسڵەمیمەوە.

سەد بریا نەچووبام و نەبووبام و ئاوا تووشی ترس و سامی مۆتە و ملۆزم و مۆجزاتان نەکرابام. ئێستا بە وتەی نووشتەنووس کەژاڵێک شێت و پێت و فێدار و داهاتوو وێران، بانگ دەکرێم کەژاڵە شێت.

ئەگەر بە نووشتە و جادوو نووسین خۆم ڕازی بکەم ئەو هەموو کەرەسە و کەل و پەلەی پێویست و دیناری سوور و شین، لەکام شوێن وەدەست بێنم. بەچی ڕۆشنە کە نووشتەنووس دەسەڵاتی تێکشکانی دەستی مۆتە و ملۆزمانی هەبێ؟ بەچی مەعلوومە ئەمن نەخۆشی ڕووحی و دەس لێوەشاوی نەحلەتیان بم؟

ئیتر من هەر بە خەون و خەیاڵی ئاڵۆز، یان بە دوو درۆی جادووبازێک خۆم تووشی سەدان بەیت و باوی زار و زمانی خراپ دەکەم. بانگ ئەکرێم کەژاڵە شێت، بەچی [illegible] ـانی نەخۆشیم

پەشیمانم. لەوەشی ترسم هەیە کە نووشتە نووس سەرم لە سەر هەڵنەگرێ، کارەسات بدرکێنێ، لای ئەم و ئەو، دۆست و بێگانە بیکا بە قاو، خەڵک تێبگا، «شۆڕش» پێبزانێ، ئەی خوای گەورە ئەبێ بڵێم خەمم بەبار و ئەو کارەشم سەربار.

بەڕاستی نابێ خۆم فریو دەم. نەخۆشم، کەژاڵ نەماوم، دەبێ ڕێ چارەیەک بۆ خۆم ڕەچاو کەم. دوێنێ نەسرینی دەستە خوشکم، هاوکلاسم، هاوسێم، درا بە شوو. دەنگی دەهۆڵ و زیڕەی زورنا هاواری شاباش و پێ هەڵگوتن، گەڕی دیلان و ڕەشبەڵەک، سەماو زەوی هێنابووە سەما، کچانی ئاوایی کەس نەمابوو کە نەچێ و وەسەما نەکەوێ. کەچی من چاوێکم لێ هەڵنەهێنا. هەروەک نە گوێم کون بێ و نە دڵم تەڕایی تێدا بێ. تەنانەت بۆ خواحافیزی نەسرینیش دەرگام نەقەلاشتەوە. کەوایە بۆ دەبێ بڵێم شێت نیم، ئەی شێتی چۆنە؟

دەوری پازدە شەوێکە، زیاتر لەو ماوە نییە کە هەموو شت بۆ من بۆتە گرێ کوێرە، هەموو شت ڕوو بە گۆڕان دەڕوات. سەرم لێ بۆتە گورز، بەر پێیی خۆم بەدی ناکەم. تا ئێستا هەڵنەکەوتووە لە حەوتەدا لەگەڵ شۆڕش، بەیەک نەگەین و ئاڵ و گۆڕی خۆشەویستی تازە نەکەینەوە.

ئەوا دوو حەوتەیە لە یەک بێ خەبەر و تەنانەت دایکیٚ شۆڕشیش ڕووی خۆشی لێ نەکردووم. دوێنێ دایکی شۆڕشم دی ویستم برێک مەبەست بدرکێنم بەڵام ئەوندە وشک و برینگ و بێ نەشە بوو کە ماوەی پرسیاری پێنەدام، دڵی پڕبوو لە گلە و بناشت، ڕووتاڵ و توورە و لە سەر شەڕ بوو. زۆرم دەوردا، داوێنم گرت، پارامەوە بەڵام هیچی نەدرکاند و لە مەبەستی

تێنەگەیانـدم. میـوانی هەبـوو، ڕۆیشـت. ڕۆیشـت و ئەوندەی‌تریشـی خەفەت خەڵات کردم. نازانم بۆچی نەیەویست سەراپا کارەساتم تێگەیەنـێ و هەرچـی هەبێ و نەبێ بیدرکێنێ. ئەوەی کە بۆم ڕوون بوو ئەوە بوو کە کوڵ و دڵپـڕی دایکی شـۆڕش پێوەنـدی بە مـن و شۆڕشـی کـوڕیەوە هەبـوو. زۆر وێـدەچێ نوشتەنووسی خوانەناس کارەسـاتی نەخۆشـی منـی ڕاگەیانـدبێ و پەردەی لە سـەر کارەسـات هەڵـدابێتەوە، دوور نیـیە هەر ئەو دەنگـۆیەش ببێـتە هـۆی جیابوونەوەی من و شۆڕش و تووڕەیی دایکی شۆڕش.

کەژاڵ ئەستێرەی هیوای بەرەو ئاوابوون و پاشەکشەیە. هەر ڕۆژێ کۆسـپ و کولۆیەک کۆڵەی دەکوتێ، چرای ژیانی لە کوژانەوە دایە، بەخەیـاڵ و بیـری تاریکەوە سەری لێشـێواوە، بە خەو و خەونـووچکەی نـاحەزەوە هێـزی لە بەر بڕاوە، ترسی هەرە بە سامی لە نەخۆشی شێتی و جیابوونەوە لە شۆڕشە. شـەو لە خەویدا شێر دەیڕفێنێ و شۆڕش دەیگـرێتەوە و دووبـارە سـێڵاو ڕایـدەدا و شـۆڕش دەیگــرێتەوە. کەژاڵ بەو سـامەوە لە خەو ڕادەپەڕێـت، لە مانـای خەوەکەی ورد دەبێتەوە و بە باشی دادەنێ! لای وایە بەڵایەکی بە سـەردێ و بەڵام سەری لە سەر هەڵدەگرێ و ئاخری بە خێر دەگەڕێت.

دووبارە هاتنی دایکی شۆڕش بۆلای کەژاڵ:

کەژاڵ: بـاجی فـاتم! بەڕاسـتی تاسـەم کردبـووی. لێبڕابـووم ئەورۆکە بـێم بۆلاتان، شانسم هێنا و تۆ هاتی. بەڕاستی ئەوشۆکە نەسرەوتم، وتەکـانی ڕۆژی بەرووت و [illegible] لە قسـەکانت

نەگەیشتم، گیـر و گرفـت و ڕووداوت بـۆ شـی نەکـردوومەوە، هەناسـەی پـڕ پرێشک و دڵـۆپی فرمێسـکی چـاوت چـاوەی ژیـانی لێـڵ کـردووم، ئـۆقرەی لێهەڵگرتووم، وەکوو شێت و فێدارم لێهاتووە و ورێـنە ئەکەم، تلاسـکە ئەبەم، لێر و لەوێ دەڕوانم، مەترسی بەڵا و باڵ شـکان ڕووی تێکـردووم. دەسـتم بە داوێنت هەچی هەیە و نییە بیدرکێنە. کێ دڵی شکاندووی، کێ چی بە گوێدا چاندووی، لە منی مەشێرەوە، پـێم بڵـێ بـا منـیش لە دڵەکـوتە و هەزارەی خەیاڵ خەلاسیم بێت.

بـاجی فـاتم لەگەڵ هەناسـەیەکی ئـاگراوی، پۆلێـک فرمێسـیکی لاواز، لە ولامدا کوتی: کەژاڵ گیان تازە هـیچ، هەرچـی بـوو تێـپەڕی، هەر بەو زووانە، هەر ئەو جومعەیە هەموو ڕووداو و شـانۆی پـیلان گێـڕی دەربەگەکـان دێـتە ڕوو، تێدەگەی کە هیوا، تەما، خۆشەویستی و ئاوات هەمووی بن ئـاو دەبـێ و خەرمانی ئەوین و هێلانەی ژین بە دەستی ئەنقەست بە خەیانەتی باوکت ئاگر دەدرێ و گوندی ئەستێرۆک، گوندی خۆشەویستی دەبێـتە چـاڵی دژایەتـی و دووبەرەکی بۆ هەمیشە. بۆ هەتا هەتایە. باوکت تەفرەی داین، لە چـاڵی نـاین، چاوی بەستین، ئابڕووی ڕشتین، بووکی ئێمەی فرۆشت، لێـرە بەمـلاوە ئـێمە بووک و خەسوو نین، دۆست نین، هاوسـێ نـین، بەڵکـوو دوو دژ دوو دەم بە خوێن.

کەژاڵ: ئەی خاک بەسەرم چی ئەبیسم، چی ئەڵێی مـن لە هەمـوو ئەوانە بێ هەواڵم، باوک بە من چی؟ چی کردووە؟ بۆ ڕاستییەکەی هەڵنـاڕێژی؟ بـۆ لە ژێر پەردەوە بەرەو باڵی بۆ ئەبازێنی؟ بۆ بە ئاگری باوکەوە ئەمسووتێنی؟ بۆ

ئەمخەیتە تای تەرازووی تاوانی باوکم؟ بۆخاتری خودا تا گیانم دەرنەچووە، تا لە خۆم نەچووم، زووتر بڵێ چ قەوماوە؟! من هەر کەژاڵم، کەژاڵ هەر شۆڕشی لە خەیاڵە و هەر بە داوی خوشەویستی ئەو پێچراوم. ناگۆڕێم، نادۆڕێم، لە سەر مەرجی خۆشەویستیم سوورم، پتەوم ڕاوەستاوم، هیچ تین و تەوژمی نالەباری مێژوو ناتوانێ باری ویستم بلەرزێنێ. زووتر بڵێ بزانم ڕووداو چییە و چیان بۆ تۆ گێڕاوەتەوە؟

باجی فاتم ڕوو بە کەژاڵ ئەڵێت:

کەژاڵ گیان ئەزانم تۆ پاکی، ڕووسووری بە غیرەتی، بێ زمانی، لە شیر پاکتر و لە تاوان دووری، بەڵام باوکت کتکە نەوتینەیە، هەر بە سووتانی خۆی ڕازی نییە. بەڵکوو کۆمەڵێک خەڵک، کۆمەڵێک لاو کۆمەڵێک هاوسێ بە خۆیەوە ئەسووتێنێ. کەژاڵ گیان بریار بوو پاشی سێ مانگیتر کە خێڵ کوێستانی چۆڵ کرد زۆربەی پیاوماقووڵ و لاوی قۆزی مەڵبەند لە شایی تۆ و شۆڕشیدا دەستی دیلان لە دەستی یەکتری گرێ بدەن، حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بۆ تەقڵە و جلیت و خۆ پیشاندان تەرخان بکرێت. بەڵام ئێستا ڕووداو بە ڕوویەکیترەوە ڕووبەڕوومان ڕووی لێ هەڵماڵیوە، بێ سەرپۆش ئەبێ بڵێم ئێستا تۆ مارە کراوی قالە زلەیت، قالە زلەی کۆنە میراوی سوڵتان ئاغا. سوڵتان ئاغای کەڵەکباز، بە داوی قالەزلە تۆی ڕاو کرد هەر وەکوو کچی ئەمەر خانی لە خەیانەتدا سووتاند و بۆ هەمیشە بێ ناوی کرد. تۆی داوە بە قالەزلە و خونچەی خوشکی قالەزلەی داوە بە باوکت، ئێستە تۆ دوو دایکت هەیە و کچی [illegible] کەنیزەکی ماڵی سوڵتان ئاغا.

دوور نییه هەر ئەو حەوتەیە لە دیلانی خونچە بێوەژەن و خەنەبەندانی خۆتا وە سەما کەویت و ئێمەش دەستی سەرچۆپی بگرین، بەڵام سەرچۆپی دیلانی پیلان. سەمای خوێن، خەنەبەندانی خەنجەر، زەماوەندی سوور، جلیتانی مەرگ، مردن، دووبەرەکی و دژایەتی ...

شۆڕش تاقانە ئەستێرەی حاسمانی من و هیوای تۆ حەوتوویەکە بۆ ماڵە خاڵوانی بەرەو گەرمێن رۆیشتووە. بە بیستنی بەشوودانی تۆ ئەڵێن نەخۆشە، تەختی جێگە و بانە، باوکی زۆر بەپەلە بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوتووە. بەڵام ئەوەش بزانە لە باوکت زۆر تووڕەیە، دڵی پڕ لە کەف و هێرش و هەڕەشەیە، بەڕاستی لە شاڵاوی تووڕەیی کوێخا سولەیمان زەندەقم چووە، دوور نییە لەم ڕۆژانەدا پەلاماری خۆی ڕاستەوخۆ نیشان بدات و لە نێو دوو هۆز، دوو بنەماڵە، دوو هاوسێ خوێن بڕژێت، ئابڕوومان بڕوات، خۆشی بەربا بێت و دووکەڵ و چرەچەمانێ دژایەتی گوندی ئەستێرۆک لە ناوچەی ئاکۆیان بۆ هەمیشە بۆ هەتاهەتایە بۆچەکەی نەبڕێت و بە هیچ با و بارانێک لە کووژانەوە نەیەت. ئیتر بۆ نەگریم، بۆ نەبارێنم بۆ خۆم، بۆ تۆ، بۆ شۆڕش، بۆ بنەماڵەی هەڵوەشاو، بۆ خۆشی بەبادا چوو و ئاواتی پێنەگرتووم. بۆ دەردی بێ دەرمان و نەخۆشی بێ لوقمان ...

کەژاڵ: «نا، نا باجی فاتم شۆخی مەکە. قسەم لێ دامەکێشە. تاقیم مەکەوە، ترسم وەبەر مەنێ، لەگەڵم وا مەدوێ، دڵم دامەخورپێنە ئەوندەی‌تریش هێزم لە بەر مەبڕە، ماوەیەکە ترس و سام و بێ هیوایی

هاڕیومی، کوشتوومی و سەری لێشێواندووم. خەو و خۆراکی لێ ئەستاندووم و وشک و برینگی هەڵێناوم.

بڕوام نییە ئەو کاِرە، ئەو جینایەتە لە دەستی بابێک، دڵسۆزێک خۆ نیشان دات، بێتە سەر شانۆ و خەڵک و نەتەوەی دوژمن بە خۆی خۆش کات. بە تایبەتی بۆ من، بۆ باوکم کە زۆر لە مێژینە لە سەر لانکەوە من بە شۆڕش و شۆڕش؟ بە من بەخشراوین، من و شۆڕش یانی کۆڵاوکۆڵ جیابوونەوەمان لە توانا بەدەرە، باوکم ئەم کارە ناتوانێ بکات، خۆ من متوموووری ئاڵ و گۆڕ نیم هەر کات و سات بە مەیلی خۆی بمخاتە جانتای تاجرێک و موشتەرییەکەوە. من مارە بڕەی شۆڕشم و بڕیارم لە سەر ئەوەیە خۆشەویستی من و شۆڕش خوداییە و سروشتییە، ڕیشە دارە، خۆڕستە ناجووڵێ و تێک ناشکێ، یا شۆڕش یا مەرگ، یا بووکی کوێخا سولەیمان یا گۆڕستانی کۆن. هەر کەس من دەفرۆشێ یان ویستم پێشێل دەکات بە هەڵە چووە، من شوێنم دیاریە. بڕیارم داوە، مەرجم بەستووە، هێزی باب، زۆری ملهوڕ و خۆشەویستی تازە ناتوانێ بمجووڵێنێ، کەللەم ببڕێ، بمفرۆشێ، بمبەخشێ. من و شۆڕش دوو ئەویندار، دوو مەم و زین، دوو خەج و سیامەند، دوو شەم و شەمزین و دوو قەر و گوڵەزەردین. لە مەرجم، لە ویستم، لە بڕیارم، لە هەڵبژێراوم، هەتا پێچاڵی مەرگ تا دوا هەناسەم بەربەرەکانی و پارێزگاری ئەکەم. باجی فاتم لەو کارە مەترسە، دڵت تەخت و خاترت جەم بێ. نابێ لەو بارەوە لەگەڵ شۆڕش بدوێی، با شۆڕش پێ نەزانێ. زووتر شۆڕش وەرگێڕەوە بەرەو ماڵ و چاوم پێ بکەوێ و خاترم جەم کەم.

باجی فاتم بە بارێک هەناسەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە و کەژاڵ هەزار ئەوندەی‌تریش پەژارەی ژاری تاڵی پێنۆشی.

کەژاڵ بێ حاڵ و تێک شکاو، شکایەتی دەروونی نازانێ بەرەو کامە قازی و خاوەن دەسەڵاتێ بەرێ. کەژاڵ قسەکانی باجی فاتمی پێ ڕاستەقینەیە، لە بەر خۆیەوە ئەڵێ ئەگەر باوکم بمفرۆشێ ئەبێ من چارەم چی بێ؟ باوکم نەزان و دڵڕەق و سەرەڕۆیە، باوکم بێ بەزە و خودا نەناسە و بێ بەڵگەیە. دوو ساڵە دایکم باداری دەست و مەچەکی باداوە، هەڵست و کەوتی بە زەحمەتە، بەڵام باوکم ئاوڕی لێ‌نەداوەتەوە. بۆ هیچ حەکیم و لوقمانێکی بەرێ نەکردووە و بۆ هیچ داودەرمانێک و هیچ چاک و پیرێک هەنگاوی هەڵنەهێناوەتەوە. دڵڕەقی وا دوور نییە منیش بفرۆشێ و بە قوربانی ویست و ئاوات و نەوسی خۆییم بکا. دەکرێ بە ئاوم دادا، لە ئاگرم هاوێ و هەناسەیێکیشم بەدوودا نەهاوێ. بەڕاستی ئەوانە باب نین، ملۆزمن، دڕندەن، چاوچنۆکن، هەوەسبازن، نە ویژدانیان هەیە نە خودا. ئەو جۆرە باوکانە نەخۆشین، ئازارن، پڕمەترسین، ئەبێ بمرن، گۆڕبەگۆڕ کرێن، سزا بدرێن، دەبێ تێبگەن، حاڵی کرێن، کە کچ گیان‌لەبەرە، خاوەن دڵە، ئینسانە، نافرۆشرێ، کچ فرۆشتن تاوانە، جورمە، سەمەرەیە، داهاتووی ڕەشە. دەستەچیلەی دووبەرەکی و دژایەتی‌یە، یاسای عەشیرەتی و عێلی ئەبێ بڕووخێ، باوی بەبادا چێ و شێوەی ڕەشەوە بێ. ئاخ، سکاڵا، پەنا بردن، هاوار بۆ کێ، بۆ کامە کەس، کامە یاسا، کامە خێرخواز، کامە قازی. کێ هەیە بنووسی ڕاسێ بۆ هەژار، بۆ فرۆشراو، بۆ بێ بەش، بۆ چارەڕەش ...

كێ هەیە، كامە كەسە قۆڵ هەڵماڵێ، خەنجەری دەسک سپی، لە هێرشی میر و بەگ نەترسێ، ڕانەچڵەكێ، هاوار بكا و ڕایگەیەنێ بە نووسراو، بە گۆڤار، بە دەنگ، بە هەڕەشە، بڵێ كچ فرۆشتن، ژن بە ژن، تاوانە، سووچە، لە گۆڕنانە ئەو سەرەی سەری ئەو سەودایە دەگێڕێ گێرە بەتاڵە. دەبێ بشكێ، لە لەش وەبێ، ئەوەی پێی وایە زۆری خەنجەر، زێڕ، پارە، هێرش، هەڕەشە ئەتوانێ كیژۆڵەیەک دەستەمۆ بكات، كەوی بكات، لە ویستی خۆی لاڕێ بكا، دڵخوازی خۆی پێ بەجێ هێڵێ، لێی نەزانیوە، زەینی بەهەڵە چووە، خراپی لێ حاڵییە، چاڵی بۆخۆی هەڵكەندووە، ئاگری لە خۆی، لە ژیانی، لە سامانی هەڵگرانددووە. شەرتە من هەر لە ئێستاوە بۆ تۆڵە براسێم، قۆڵ هەڵماڵم، نەترسم، شێرە كچ بم، لە ویستم، لە ئەوینم دیفاع بكەم هەتا سنووری مەرگ، تا دوا هەناسەم ئەبێ ئاگرێک هەڵایسێنم، چرەچەمانی بۆچەكی لووتی مێژووی پێ سەربەرز بكرێت. ئەبێ قوربانی‌یەک وەڕزێنم و خوێنێ برێژم و بووكێ بسووتێنم كە زەندەقدار زەندەقی بچێ و مێژوو پێیەوە بناڵێنێ. ئەبێ بۆ كچانی شەرمن و فرۆشراوی دوارۆژ ببمە ڕچەی خەبات و ڕێنوێنی. ئیتر من كەژاڵە شێت نیم. هەست بە حەسانەوەی گیانم ئەكەم. تا ئێستا دڵم تاریک و هەواڵی ڕووداوێكی بێ‌سەر و بنی پێ دەور ئەكردمەوە، ئێستا كە هەموو شت ڕوون و بێ پەردە لەگەڵم ڕووبەڕوویە، گیانم بووژاوەترە، ترسی نووشتەنووس و ئاژاوەی نەحلەتیان سەر و دڵیان بەرداوم. سەمەرەی گومان و دڵەكوتە سەری لە سەر هەڵگرتووم، هەر وەک تازە لە خەو هەستابم، بزۆزی كچانە گیانی ئاخنیوم. هەر دەڵێیی

نەبام دیوە نە بۆران. هەر دەڵێی بەرەو ئاوات، بەرەو زەماوەندی شۆڕش بەرێـوە دەڕۆم. حەز دەکەم هەر ئەمڕۆکە بەرەو زەماوەندی قالەزلە وەڕێ کەوم.

قارەمانیی خۆم بە جیهـان نیشـان بـدەم. پێشـینیان گوتوویـانە مسـت لە مستی دەگەڕێتەوە. ڕاسان نیوەی پیرۆزی‌یە. ئێستە هەموو شت بۆ من ڕوونە و سەر و بنی خۆ نوێنە. بۆ من هەموو شت، هەموو هیوا، هەموو ئـاوات کۆتـایی پێهات.

با هەتا ماوە فورسـەتی هەیە بۆ لای دایکـم، دایکـی لاواز و نیـوە گیـانم وەگەڕێم. دەستی لەمل کەم، ئامێزی تێوەرێنم و گیانی وەبەرداکەم. بۆ ئاخرین جار ماڵ ئاوایی لێ بخوازم. با برای چکۆلەم بدوێنم و لە دلڕەقی بـاب و چـارە ڕەشی خۆم لەگەڵیان بدوێم. برا خوێن گـر و خـوێن ئەسـتێنن. دەبێ تێیـان بگەیەنم کە ئەوە من نیم خـۆم دەسـووتێنم و مێـژوو خوێنـاوی دەکەم، ئەوە نەزانی و نەوسنی بـاوکی ناحـاڵی‌یە، بەڵام نە بـاوک بەڵکـوو دژ، کـچ فـرۆش، خوێنڕێژ، کتکە نەوتینە.

سوارەکانی سوڵتان ئاغا و گوێزرانەوەی کەژاڵ:

کەژاڵ ئاخرین شەویەتی. لەگەڵ دایکی دڵ بەخەم و نەخۆشی سەر ئەکاتە سـەر سـەرین. بەڵام نەک خەو و پشـوودان، بەڵکـوو بـۆ ڕاز و نیـاز لەگەڵ چارەنووسی، لەگەڵ خوا، لەگەڵ ئەوین بۆ شین، بۆ فرمێسک ڕشتن، مـاڵاوایی لە ژین، لە ئەستێرەی گەش، لە حاسمانی شین، لە هیوا، لە تەمەنی جوان، لە شۆڕشی خۆشەویسـت، شەوی ڕەشـی مـاڵی چـارەڕەش، بەرەبەرە بـزەی

ڕووناکی تێدەگەڕێ. مەلی وردیلە لە سەر سوێگان گڕوگاڵی خۆیان نیشان دەدەن و ڕۆژی ڕەشی تەم و گومانی کەژاڵ لە نێو گەواڵی ڕاست و درۆدا سەر وەدەر دەنێ. سوارەی پێش قەراوڵی خەنەبەندان بە چوونی کەژاڵ دادەبەزێ، تاو هەڵاتووە بەڵام هەتاوی بێ تین. ڕۆژ سەری لە سوێیە بەڵام ڕۆژی ڕەشی کەژاڵی هەژار. چاوی کەژاڵ بە مۆلەق وەستاوە و لە ڕوانین تۆراون.

باریکە ڕێگای بەستێن لە ژێر پێی سوارەاندا پێشێل بوون، شێوەردان بە سمی ئەسپی شێ وەرد درانەوە، دەنگی هەوهەوی سواران ناڵەی دەهۆڵ و زیڕەی زوڕنا، بۆ سەر هەواران پێ هەڵگەڕاون. بەندی خەنەبەندان، بەندی دڵی کەژاڵی هەڵکەند. بە دەستووری ئاغا تا نیوەڕۆ دەستی دیلان لە یەک گرێ دران. بریقەی گۆبەرۆک و هەیاسەی زێڕین لە کورتەک و سمێڵی ڕەش بوونە میوان. قام بێژ و دەهۆڵ کوت و زوڕناچی بە شاباشی شایی کەژاڵی چارەڕەش خەنی کران. ژنانی سەر سپی و بەربووکی لە بووک سوورتر سیپاڵی سووریان وەبەر بووکێ داکردن.

کەژاڵ ڕێ چار و دەوری باڵە فرەی لێ دەخراوە. بۆ ئەوەی کەس لە نهێنی و ڕاسانی هەناوی نەگا و جاسووس و سیخوڕ ڕیسەکەی نەکەنەوە بە خوری، بە بزەی کچانەوە لیباس لە بەر دەکا و لە شایی مەرگی خۆیدا پێیەک بەزەویدا دەدا.

کەژاڵ پێش هەموو شتێک قاپی بێنزین و ژاری مەرگە مووش لە نێو بەر و بوخچەی خۆیدا جێ دەکاتەوە. کەژاڵ لە بەر خۆیەوە دەڵێ زۆر باشە ئەوا

شایی خۆشم چاو پێ کەوت و لیباسی بووکیشم لە بەر خۆمدا دیت، ئیتر چیم کەمە، ئەوە ئاواتی کچۆڵەیەکە. بەڵام دەزگیرانم تەمەنی لە پەنجا زیاترە.

کچی چووکی لای مێردە. منیش لە شازدە ساڵە سەرنەکەوتووم، بەڵام زەبری پارە، زۆری ئاغا، باوکی نەوسن و بێ بەزەیی، ئەیانەوێ بە دەستی پیسی قۆڕغەوانێک میوەی کاڵی من بڕنرێ و هیوای کچانەم گۆڕ کرێ و شووشەی حەیام وەبەردێ کەوێت. بەڵام بە هەڵە چوون، شەیتان سەری لێشێواندوون، ئەبێ تێیان بگەیەنم کە پەنجا کیلۆ چەند باتمانە. بەڵام عەیبی نییە با ئەمڕۆکەش بای باڵی خۆیان بدەن و سفرەی خۆیان پێ ڕاخەن. بەیانی هەموو شت، هەموو نهێنی پەردەی لە سەر لادەدرێت.

کورسی بۆ سواری بووکێ ڕازاوەتەوە، پارە و شیرینی لە سەر سوێبانەوە بە سەر کورسیی بووکێدا هەڵدەڕژێت. گۆرانی، گۆرانی بێژان (زاوا خۆش بێ بووک هاتە دەر) هەموو دەراوی کردبوونە قەنداو، حەمە سوور، حەمە سووری کچ فرۆش، باوکی کەژاڵ، قۆڵی کەژاڵ ئەگرێ و بەرەو سوار بوون وەڕێ ئەکەوێت. کەژاڵ ئەڵێ باوکم قۆڵی گرتم و مێزی دڵدانەوەی تێ وەرێنام بەڵام لە ڕەنگ و ڕوخساری توورەم، لە لێوە لەرە و ددانە کرمەم زەندەقی تۆقاوە، لە کردەوەی خۆی پەژیوان و نارازییە. بەڵام تازە تێپەڕیوە ئەوەی نەدەبوو بیکات کردی و تەواو کرا.

باوکم فرمێسکی تاڵ و سوێری هاتوونە ڕوو و بە ڕووزەردیەوە گوتی: کچم، زووتر سوار بە و نامەردان بە باوکت خۆش مەکە، کچی باش بە و وشیار بە دوژمن تووشی چارە ڕەشیت نەکا، سەری باوکت نەوی مەکە، پێت خۆش بێ

و پێت ناخۆش بێ تۆ تازە بوویتە حەڵاڵی موباشیر، هەمە کارەی ئاغا، ئەوەش بزانە تۆ پێشکەش بە سوڵتان ئاغا کراوی، لێرە بەدواوە ئێمە لەگەڵ خەڵک فەرقمان هەیە، شەکەِ زەکات و تەغار و ڕبە و پەڵە و پووتمان وەرناگیری. زەکات و هەوارانە و ئاوەخورانەمان پێ بەخشراوە، بەڵام بە چاوی تۆ کەژاڵ گیان، لەوە بەولاوە من دەحەسێمەوە و ئەویش لەبن سێبەری تۆدا، سێبەری چاوی جوانی تۆ کەژاڵ گیان، کەس وەک تۆ زەماوەندی بۆ نەڕازاوەتەوە. ئەوندە سوار و پیادەی بۆ وەدەر نەکەوتووە، کچانی ئاوایی ئێرەیی بە تۆ دەبەن، ئاوات و ئارەزووی جل و بەرگی تۆ و زێڕ و زەمبەری تۆیانە.

کەژاڵ: «بەڵێ، بەڵێ، باوکی نەزان، باوکی ناپیاو، کچ فرۆش و هەوەسران، بێ بەزە، تا ئێرە باوکم بووی، بۆ خۆشی تۆ، خۆم لە هیچ ئەرک و ڕاسانێک نەپاراستووە، لام وابوو تۆش وەکوو بابێک و خاوەن ڕوحمێک ڕاهاتووی، خۆم بە خۆم ئەسپێرم. نەمزانی بە پەڵە و پووت و هەوارانەم دەفرۆشی، نەمزانی فیدای نەوسی خۆتم ئەکەی، نەمزانی ئەمکەیتە ماری شێخ هۆمەر، لە گەردنی دایکم ئەهاڵێنی، ئەتۆش بزانە باب نی و من کچی تۆ نیم، ئەتۆ خوێنڕێژی، بەو زووانە ئەبێ تێبگەی کە ناتوانی بمفرۆشی، سەرەڕێ بە هەستم، بە ئەوینم بگری و لە چاڵی ڕەشی نەوسی خۆتا بمخنکێنی، تێدەگەی، بەڵام کەی؟ کاتێ تێدەگەی کە نە من ماوم نە تۆ، تۆ گورزی خۆت وەشاند، ئەوجار نۆبەی منە، بە کەمم مەگرە و ئێستا سزای کردەوەی نالەباری خۆتان وەرگرن، بباش بزانە تۆڵەی من بەردی من بەردی گورچووبڕە، نە بەرگری لێدەکرێ و نە پاڕانەوە کاری لێ دە[illegible] بڕیارم داوە [illegible] ساغەی ژیانمت

وەدەرکەوێ. تامی تاڵی و ژاری مارت پێ بنۆشم، شـاییت لـێ بـکەم بە شـین وژیانت بەمەرگ بگۆڕمەوە، ئیتر قۆڵم بەردە و چاوەڕێی هێرش و تۆڵەم بە.

سواربوونی کەژاڵ بۆ ماڵی زاوا:

کەژاڵ: «زۆر باشە ئەوا سواربووم. ئاواتی کچێک، دیتنی بووکێتی خـۆیەتی، منیش ئەوا دیتم، ئیتر چیم کەمە، یاسای بووک ئاوڕدانەوە لە سێ کەڕەت دا، بە مانای حواحافیزی، ماڵ ئاوایی لە ماڵی باوان، لە دەستە خوشکان، لە خاکی ئاوایی. بەڵام لە بەختی ڕەشم شکایەت دەکەم کە من بێ باب و بـێ بەش لە هەموو دڵسۆزی‌یەکم، ئیتر ماڵ ئاوایی لە کێ؟ لە کـامە دڵسـۆز؟ مەگەر بڵـێم مـاڵ ئـاوایی لە ژیـان، لە خۆشـی، لە تەمەن، لە ئـاوات، لە هەمـوو شـت، لە شۆڕشـی خۆشەویسـت، بـۆ هەمیشـە، هەتاهەتـایە تـا بـازاڕێکی‌تر، تـا مەحشەرێکی‌تر، هەستانێکی‌تر، جیهانێکی‌تر، دیسـان دووزەلە و نـایە گیانیـان خراوە بەر، زوڕنا و دەهۆڵ و دمەک ژینی نوێیان نوێتر کـردەوە، سـوارە سـوار بوون، لە ژێر چەمۆڵە و سمی ئەسپاندا چەرمی زەوی چەرمەسەری بـۆ ژیـاوە، گەڕی گۆوەند و سەما تۆزی زەوی بە چاوی گەشی سەمادا کرد.

کەژاڵ بەرەو مـاڵی زاوا لە ئاوایی ئـاوا بـوو، لە ژێـر چارشـێوی سـوورەوە فرمێسکی خوێن ئەڕژێنێتە سـەر زەوی. کەژاڵ لە هەزارەی خەیـاڵا ئەیگـوت: «هەر بەیانی زووتر لەم وەختە، جل و بەرگی سووتاو و مەیتی کەژاڵ، کەژاڵـی بێ گیان و بێ ناز، بـێ دووزەلە و گـۆرانی بەرەو مـاڵی بـاوان، بەرەو باوەشـی شـۆڕش، بەرەو گۆڕسـتانی کـۆن ئەگەڕێـتەوە. بەڵام بە جێگـای سـەما و

هەڵپەڕکێ، بە جێگای بەستە و بەندی بووکێ، شین، هەنیسک، فرمێسک، بەخۆدادان و پەشیمانی، خۆڕنین، تازیە باری.

کەژاڵ لە دەریای خەو و خەیاڵی ئاڵۆزدا نوقم ببوو، سەری شکایەتی بەرەو حاسمان بەرز کردەوە و ئاواییماڵی زاوای کەوتە بەرچاو.

کەژاڵ بە دیتنی ئەو گوندە، گوندی ماڵی زاوا، مولکی سوڵتان ئاغا مچوڕکێکی گورچووبڕ جەرگی بڕی و ئەوندەی‌تریشی تاساند. کەژاڵ سەری هەڵێنا و لە ئاوایی ڕوانی، گوندێکی ڕازاوە و لەبەردڵان، بەر و هەیوان خاوێن و بێ وێنە، سەربان و کۆڵان و باریکە ڕێ لە خەڵک ئاخنراو، دیلان و هەڵپەڕکێ پەڕی لێ هەڵاویشتووە و ڕیزی گەورە کچ و ژنانی جوان بە سەماوە بەرەو من دێن، جەماوەرێک پووڵ و پارە بە دەست چاوەڕوانی دابەزینی بووکن. زەوی لە ژێر پێ و پلی تەماشاچیاندا لە چاو چووە، لە هەموو گەڕەک و کۆڵانێکا پاڵە و پەستۆیە و پێ لە پێ هەڕەمەیەتی. ئاوێنەی باڵا نوێن نانی لە ڕۆناودا خووساوە و ڕووبەڕووی ڕوومەتی جوان ڕاگیراون. بە هام و شۆی دڵتەڕ و دڵدار و شایی یە خۆیان، ئەو گۆوەندە لە خۆشیدا خەنبی و لە خۆبایی بووە و خۆی بە بەهەشتی گۆڕین ئاڵ و گۆڕ ناکا و چاوی ڕۆژی لە بەرچاوە بڕکەی لاوان چاو لێک نانێ. ڕەشبەڵەک گەڕی گەرمە. هەر دۆیە و بەدەس دۆخوازانەوە، قالەزلەی زاوا لە خۆشیدا ماسیوە، سەر و سمێلی بە بۆیاغ نوێ بۆتەوە ناهەقی نییە، ڕەزی بە بەر و دێبەری بە سێبەرە. پازدە ساڵەیەک بە تەڵەی پەنجا ساڵەیەکەوە بووە. کە واتە هەقیەتی بماسێ و سێبەری خۆی نەناسێتەوە، هەقیەتی ئەوندەی‌تریش خەڵک لە خۆی وەخڕ بکاتەوە و سەروەت و سامانی

خۆی وەبەر بادا. تا بەڵکوو دڵی کەژاڵی هەژار وەحاوێنێ و هەر جۆرێک بێ دەستەمۆی بکات و کەیفی پێ تەخت بکا.

بەڵام خراپ تێگەیشتووە و لە هەڵەدا. سامانی خۆی بە ئاو دادا و بە بەردی نەزانی ئەژنۆی خۆی شکاندووە. سمێڵی بۆز و ڕوومەتی تورت، کێرد و پەنیر، یا سیر و مار.

دەبێ زووتر لەو شۆکە، زووتر لە بوومەلێلە، زووتر لەوەی کە گورگی برسی شاڵاوم بۆ بێنێ، قالەزلە حاڵی بکرێ کە کچ کڕین و شایی بە زۆری یانی چی؟ دەبێ سوڵتان ئاغا باش بزانێ ڕەش بەڵەک و دیلانی پڕ لە پیلان بێ ئاکامە و پاشە ڕۆژی بێ کەڵکە. دەبێ پاش تاوێکیتر نە کەژاڵ بێ و نە شایی. بە جێگەی ڕەش بەڵەک، شەوەزەنگی شین، بەخۆدادان، خۆڕنین، پەکوو پەکوو، تف و نەحلەت و پەشیمانی بێ. بەڵێ ئێرە ماڵی زاوایە و نۆبەی دابەزینی بووکە. دەبێ دابەزم و بچمە نێو گۆڕخانە. کەژاڵ زیاتر لە چەند پشوویەک دەرفەتی ژیانی نییە. باشە ئەوا دابەزیم و زینی سواریم بە جێ هێشت. لە دوو لاوە قۆڵیان گرتووم، ڕێز و حورمەتم لە ژمارە چۆتە دەرێ، دەورەم بە سەر سپی و کچانی جوانی ئاوایی تەنراوە، هەموو چاوێک بە چاوێکی سەیر تەماشام ئەکا. نزیکە لە ژێر هەرەسی چاو و برۆیاندا برشم هەڵێ. ئەو خەڵکە هەر دەڵێی نە قەت بووکیان دیوە و نە بووکنی. تەنانەت بۆ تاوێکیش چاوم لێ ناتروکێنن. لایان سەیر و سەرسووڕهێنەرە. کەژاڵ و قالەزلە! بێچووە هەوێردە و هێلانەی داڵە ڕەش؟! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بە لێ ڕوانینم گەش نین. بەربووک و ژنانی دەروبەرم پێکەوە خەریکی سرتە و

ڕاز و نیازن. جاروبار لە من ئەڕوانن و ملیان بەلاوە ئەنێن. هەناسەی سارد هەڵدەکێشن و ئەیانەوێ ڕاستییەک بدرکێنن نەگوتراوێک بڵێن و زوڵم لێکراوێک نیشان بدەن و ئەویش ڕەنگە کەژاڵی چارەڕەش، کەژاڵی جوانەمەرگ.

کەژاڵ ئەیەویست بۆ حەسانەوە دەوری چۆڵ کرێت.

کەژاڵ بۆ شوێنەونکە ڕوو لە ژنان و کچان ئەکا و ئەڵێ:

بەڕاستی زۆر کفت و کوتراو و کۆڵەوارم. سواری زین و پێچ و پوڵوچی ڕێگا، ڕێی دانیشتنی بۆم نەهێشتووە، ڕەنگە ئەوەش بزانن کە شەوی پێش، زرمە و زیلەی خەنەبەندان ماوەی خەوی پێ نەداوم و تەنانەت خەونووچکەش مەرحەبایی لێ نەکردووم، ئەبێ ئیزنم بدەن و چاوێ بە خەو نەرم کەم. ئەبێ دەورم چۆڵ کەن و کەمێک پشوو بدەم، ئەبێ بمبوورن داواو لێدەکەم بێ عاریم بە دڵ نەگرن. داوای کەژاڵ بەجێهات. ژنانی ماقووڵ و شەدە بە سەر کەژاڵیان بە جێ هێشت، پێخەسوو و خاسەکابان و بەرمووور لەمل بەرەو سەیری سوارە و گەڕی هەڵپەڕکێ وەڕێ کەوتن. وەتاغی ماڵی سوڵتان ئاغا سەروژێر و هاڵی لە خان و نۆکەر و لاو و قۆز و پووڵدار هەر جمەی دەهات. تەقەی قەند و زریکەی ئیستیکان، بۆ چەکی کەباب و قاقای خواردن و پێداکردن نەوسی مردووی پێ دەڕاسا. مزگەوت و سەربان و بەرهەیوان لە لاوی خۆدێیی، لە سوار و پیادە، لاو و پیرە پیاو ڕاوەستابوون. کەس کەسی نەدەناسی، پاڵەپەستێ و خۆ ڕەپێش نان بایەخی پێ درابوو.

لە سەر سفرەی شایی کەژاڵ، باسی جوانی کەژاڵ و بێ وێڵی زاوا ببوو بە بنێشتە خۆشکەی سەرزار و زمانان و هەموو سەربەندی دەهاتەوە سەر چاوی کاڵی کەژاڵ. هەر کەس بە هەوایەک لە شمشاڵی خۆی دەتووراند و تووڕەیی خۆی لەو کارە دەردەبڕی.

هێندێکی بە شانسی زاوا هەڵدەشاخین و هێندێکیش بۆ چارەڕەشی بووک چاویان تەڕ ئەکرد. هێندێک پێیان وابوو کە زاوا بە هەڵە چووە و ئەو بووکە بۆ ئەو دانەبەزیوە و لەو وەرزە بەرهەمێک هەڵناگرێت. کەژاڵ نێچیری بازە و بە داوی قەل گیراوە. هەوێردەی ئەحمەدە و دیاری مەحموودە.

قالەزلە لەم شۆکە زیاتر لە تام و بۆنی بووکی ناچێژێ و خاوەنی نابێ قالەزلەی میراو و بووکیش گوڵی دیوەخان.

پێشینیان گوتوویانە «حاکم کەروێشک بە عەرابە دەگرێ» و تووکی ئەکاتە نووشتەی خەو. کورتی ببڕینەوە. لە سەر سفرەی نان خواردن لەمەڕ ئەو زەماوەندە ئەوەی نەدەبوو بگوترێ گوترا و چارشێو لە سەر کارەسات هەڵدرایەوە. هێشتا ورگن و پیرەپیاوی نەوسن لە سەر سفرەی چەوری قالەزلە خەریکی زگ ئاخنین بوون، هێشتا لاوی قۆز و لەخۆڕادیو، هێشتا پیرەپیاوی شایی بەخۆ و دۆنەدیو دەستی دۆ و دۆخوازانیان بەرنەدابوو وَ دۆدانەیان لە دۆ پڕ نەکردبوو، هێشتا گەڕی ڕەشبەڵەک هەوەڵی گەرد و گۆڵی بوو، هێشتا دووزەلە و نایە لە ناو زوونگی خۆشیدا شایان بە سەپان نەدەگرت. هێشتا قالەزلە بە دەست و پێ لە سەما نەکەوتبوو و چاوەڕوانی هەستانی بووک و

هەتاوی بەختی خۆی ئەکرد. هێشتا وەتاغی ئاغا بانکی قوماریان نیوە پڕ نەکرابوو.

لە نەکاو دووکەڵ و چرە چەمان خەڵکی ڕاچڵەکاند. هاوارێک لەپڕ گوێی خەڵکی داگیر کرد. گوتیان ماڵی زاوا سووتا، زاوا ڕیسەکەی بوو بە خوری، کەژاڵ بوو بە خەڵووز، بۆچەکی دووکەڵ ماڵی دڵی خەڵکی ڕووخاند، دەستی دیلانی پساند، دووزەلە و نایە، زوڕنا و دەهۆڵ قوڕ و قەپیان چنی. دیوەخان چۆڵ کرا، پەڕی قومار پەڕپەڕ بە جێ ما و شووشەی شەڕاب و پلاو و گۆشت و جووجەڵە، تاجی و تولەیان وەسەر گەڕا. سەربان و مزگەوت بەبێ چۆلەکەکوژ مایەوە و پشیلە و پاساری بە کاسە و کەوڵی پڕ لە برینج خۆیان خەنی کرد.

هەموو کەس بۆ لای ماڵی بووکێ بۆ تەماشای سووتمانی چاوەڕێ نەکراو وەڕێ کەوتن بەڵام بەداخەوەماڵی زاوا هۆدەی جێ خەوی کەژاڵ ببوو بە چاڵی نمروود و بنکەی چرەچەمانی ئاگر. هێزی خەڵک، هێرشی پێمەڕە و بێڵ، وەسەرگێڕانی ئاو و سێڵاو بەهەرەی لێوەرنەگیراو گیانی کەژاڵیان بۆ نەگەڕاوە.

پاش تێکشکانی گڕ و دووکەڵ ئیتر لە کەژاڵ، لە بووک، لە ژیان بێجگە لە مستێک خەڵووز و لاشەیەکی ساردەوە بوو، بەرچاو نەکەوت. ڕوونتر بڵێم کەژاڵ قەستی ڕۆژانی بەرووی لە ماڵی زاوادا مقەست کرد و مەرجی خۆی بردەسەر و گیانێکی پڕ لە وەفای بەرەو شۆڕشی خۆشەویستی بەرێ کردەوە و قارەمانی خۆی تواند و جێ و بەرگی سووری لە ملکرێ سوور ماره برین. دەمی

باوکی نەزانی دەمکوت کرد و دەستی ملهورِ و چاوچنۆکانی شکاند و ڕیزی ڕەشبەڵەک و شایی‌گرانی بە شین و شەپۆڕەوە گێڕا و بۆ هەمیشە ئاسۆگەی مێژووی لە تەمی پەژارە پڕ کرد. سفرە و قاپ و قاچاغ بێ ناز و هاڵۆز و پلۆز بێ نان‌خۆر و فەڕاش لە سەربان و بەر هەیوانان مانەوە.

دەهۆڵ کوت و زوڕناچی و نایەلێدەر لە ژێر سیلەوسوێ بانان هەڵتووتەکان. بووکێ ڕەنگ شپرزاو و بزرکاو و لێوبەبار وەستاون، کەس لەکەس ناپرسێ، ڕووداو بێچارە و سووتمان کاری دوایی پێهێناوە. هەرکەس دەیەویست خۆ ڕەپێش‌خا و لاشەی سووتاوی بووکێ بە چاوی خۆی ببینێ. چاو لە بەر ئێشی ڕووداو چوونە پشتی سەر. دەرگای جێ خەوی کەژاڵ ئاواڵەیە. لەشی کەژاڵ و لیباسی بووکێتی بە ئاوری بێ ئەمان وەها بە سەر یەکا قاڵ کرابوون کە جیا کردنەوەیان حەستەم و تەنانەت ئینسان لە تەماشا کردنی زەندەقی دەچوو. چاو لە بەر هێرشی فرمێسکان هەڵنایەن، گیان لە خەفەت پڕبوون و دڵ هەموو کەوتوونە دڵەکوتە و توورەیی خۆیان ڕاگەیاند. ڕۆژی ڕوون لە ڕوونی کارەساتی دڵتەزێن خۆی ڕانەگرت و بە هەناسەی ئاگرینەوە، بۆ بن پەسیوان پاشەکشەی کرد و لەگەڵ دوا هەناسەی کۆچی دوایی کەژاڵ باروبنەی خۆی پێچاوە و لە سەر ترۆپکی کێوە بەرزەکان ئاوابوو و وەباڵی مەرگی جوانەمەرگانی خستە سەر ئەستۆی شەوی ڕەش. شەو باڵی ڕەشی خۆی ڕاوەشاند و خەڵکی بەرەو ماڵ گێڕایەوە و تەرمی بێ ناز و ژاکاوی کەژاڵ بە فرمێسکی گەرم و گوڕی قام بێژ و بەستەوانان بە شین و شەپۆڕی لاو و پیرەپیاوان لە مزگەوت میوان کرا.

كەژاڵ بۆ یەكەم جار بوو لەگەڵ پیاوان لە مزگەوت میوان بێ و لە سەر گازەرای پشت ڕووبەڕووی پیاوان بە شەرمی كچانەوە خۆ ڕاكێشێ. هەرچەند كەژاڵ ئەوشەوە لە گۆلی فرمێسكی پیرەپیاوان‌دا نوقم ئەكرا و بە دەستی ژنانی دڵ بە خەم لیباسی سپی لە بەر ئەكرا و بە عەتر و گولاوی بۆن خۆش چاوەكانی گولاو پرژێن كرابوون، بەڵام هێشتا گرێ‌كوێرەی دڵی بە مراد نەگەیشتووی نەكرابۆوە و چاوی تۆڵەی هەر لە بابی دڵڕەقی ئەگێڕا و ئەیویست زووتر بەرەو ماڵ وەڕێ كەوێت و پەیمانی پتەوتر لەگەڵ شۆڕشی خۆشەویستی نوێتر بكاتەوە و بۆ ئاخرین جار ماڵاوایی لێ بخوازێ.

مەلی شەو لە شەقەی باڵی دا و كۆرپەی بەرەبەیان سەردەمەی دڕی. كەڵەبابی سپی بە مەرگی شەو قاقای كێشا. سۆفیلكە لە سەر بەرماڵان كۆمیلكەیان كرد. تەقەی زەنگی شەوێنی شوان شەقڵی شەوی شكاند. ئاسۆگە و بستۆ بزەی ڕووناكی‌یان تێگەڕا و تەرمی بێ گیانی كەژاڵ، بووكی ڕۆژی پێشووتر بەرەو باوەخون، بەرەو گوندی خۆیان، بەرەو گۆڕستانی كۆن لە دارە مەیت هەڵبەسترا.

خەڵكی بەخەمی ئاوایی، بووكی ڕۆژی بەرووتر لەگەڵ تەرمی بێ گیانی، لەگەڵ گیانێكی سووتاو، پەپوولێكی بەهەشتی بەرین وەڕێ كەوتن بەڵام بە جێگەی تەقڵە و جلیت، قاقا و تلی‌لیلان، بەستە و بەندی جوان بە جێگەی گۆرانی و خەنەبەندان، كۆمەڵەیەك شین، شەپۆڕ، بەخۆدادان، فرمێسك و تووڕەیی لە كارەسات.

ڕێگە باریک و بەستێن قەراغ و چەمە. بێشە و قامیشەڵێن و چنارستانە بەرەبەیان ڕوون و هەوا فێنک و ئاونگ لەخەو ڕانەپەڕیوە.

شۆڕابەی شۆڕەبییان لە زۆربەی شوێنان تەرمی بێ گیانی کەژاڵ لە باوەش ئەگرن و ئاونگ بارانی دەکەن و گیانی وەبەر دەنێن و لە شەرت و مەرجی کیژێکی جوانەمەرگ، ئافەرین دەڵێن. بەرەبەیانێکی خۆش و بەرچاو و دڵرفێن، بەسێرە و سیلەی چاوی گوڵان هەموو چاوێکیان بۆ تەماشا ڕاکێشابوون. بەڵام چاوی کەژاڵ زوڵاڵ و خەو تێچزاو تەماشای زوێر و لە هەڵبڕان کەوتبوون.

چاوی مانی گرتووە و لە ڕوانین تووڕەن و بە شەرمی ئەوین، ئەوینێکی پاک نووساون و سوێند خۆری شۆڕشن و بۆ هیچ دیمەنێکیتر نایانەوێ بڕوانن. کزەبای بەرەبەیان، جاروبار بەشەرمەوە تارای سووری سەر تابووتی کەژاڵ هەڵدەداتەوە، هێدی و لەسەرەخۆ بە ترتەوە کەژاڵ دەدوێنێ و وەکوو مەلێک ڕاز و نیاز لەگەڵ کەژاڵ ئەکا و ڕووداویتریش بە گوێی کەژاڵدا ئەچرپێنێ. شۆبا ئەیەوێت بڵێ کەژاڵ گیان کۆچی سوورت موبارەک بێ، شۆڕشی خۆشەویست هاوڕێتە، لە گۆڕستانی کۆن چاوەڕێتە، شۆڕش بێ تۆ ژینی نەویست. ئەمشەو خۆی کردە قوربانی کۆچی سوورت. بوو بە قوربانی ڕۆژی زەماوەندی تۆ و قاڵەزلە. وا لە گۆڕستان چاوەڕێی تۆیە. کەژاڵ گیان دەبڕۆ فریای کوشتەی خۆت کەوە، زووتر پێ هەڵێنەوە تا لە گۆڕ نەخراوە، دڵت خاترجەم بێ لە ئاسمانی شینی شۆڕش دا هەر تاقە ئەستێرەیەک هەڵدێ ئەویش ئەتۆی، ئیتر مزگێنی بێ شۆڕش ئێوارەی ڕۆژی کۆچی تۆ دڵی

لەكار كەوت، ئێستا بە بێ دڵ لاشەیان بردە گۆڕستانی كۆن. دەبڕۆ خوات لەگەڵ شێرە كچ. سەد ئافەرین لە ڕاسانت، لە وەفات كچی كورد. شۆبا نایەوێ گیانی كەژاڵ هەروا ماندوو بەڕێوە بڕوات بۆ حەسانەوە، ئەیەوێ پێی ڕاگەیەنێ كە تۆڵەی كەژاڵ كراوەتەوە و هەقی بە تەواوی ئەستێنراوە. باوكی كەژاڵ، حەمە سووری نامەرد، پیس و چەپەڵ بە خەنجەری كوێخا سولەیمان هەنجن هەنجن كراوە. كوێخا سولەیمان باوكی شۆڕش بە تۆڵەی كوڕی خۆی، حەمە سووری لە گیان بێ بەش كرد.

كەژاڵ گیان، كۆچی تۆ نەخۆشی هاویشتە گوندی ئەستێرۆك، ئەستێرۆك بە خوێن ڕەنگی داوەتەوە. دووبەرەكی، هەڕەشە، دژایەتی سەری بە هەموو ماڵان دا كێشاوە.

كەژاڵ گیان، دەبڕۆ ڕامەوەستە. گۆڕستان قەرەباڵغە، دوو مەیت لەوێ چاوەڕێتن، شۆڕش لە لایەك و باوكت لە لایەكی‌تر. مەم و زینێك و بەكرە شۆفارێك. دەبڕۆ خوات لەگەڵ. بڕۆ و لە سەر تەرمی شۆڕش، گیانی خۆت وەحەسێنە، كوژراوی خۆت وەلاوێنە.

دەست لە دەست بۆ شاری جوانەمەرگان و وڵاتی خاوێن و ئەوین پاكان بۆ هەمیشە پشوو بدەن، بحەسێنەوە و یەكتر لە ئامێز بگرن. تەرمی بۆ كرووز و لەشی نیوە خەڵووزی كەژاڵ لە سەر شانی دڵ بەخەمان بەرەو ئاوایی ئەستێرۆك و گۆڕستانی كۆن وەڕێ كەوت.

گۆڕستان لە خەڵك پۆنگاوە. دەنگی شین و ڕۆڕۆ بەرزە، لە هەموو دەركێك خۆرنین و بەخرداوان هەڕمە مێرس دەرگیەی بەرەوی لێ هەڵاویشتووە. هەر

دەڵێی ئەوشۆ لەشکری مەرگ لەوێ بەزیوە و مەلی بەختەوەری بار وبنەی پێچاوەتەوە، هەر دەڵێی دەستی تۆڵەی خوای هەژارێک ژاری ماری پێ نۆشیون و بایەقۆشی بێ فەڕ گەڕی خوێنی پێ فرۆشتوون، وادیارە ڕووداو لە سووتانی کەژاڵ ڕوودارتر و بەتینترە.

پاچ و پێمەڕە لە دوو لاوە خەریکی هەڵکەندنی گۆڕن. شۆڕش و حەمە سوور بوونە قوربانی، بوونە گاوگەردوونی شەوی بەشووودانی کەژاڵ. دیارە هەناسەی کەژاڵی چارەڕەش و بڵێسەی دەروونی کچێکی فرۆشراو بەزەیی خوای گەورەی نواند. دەستی خوا تۆڵەی کەژاڵی وەرگرت. باوکی کەژاڵ نەگەیشتە میراوی، نەبوو بە هەمە کارەی سوڵتان ئاغا و وەبەر خەنجەری تۆڵە کەوت.

کەژاڵ خۆی سووتاند، شۆڕش موچوڕکی بە شوودانی کەژاڵ دوایی بە ژیان هێنا، حەمە سوور بە تاوانی پەیمان شکێنی وەبەر خەنجەر کەوت. مەلی بەختەوەری ئەستێرۆک باروبنەی گوێزراوە. بایەقۆشی دووبەرەکی و دژایەتی بۆ هەمیشە ڕەگ و ڕیشەی لێ داکوتا.

کەژاڵ و شۆڕش لە لای یەک خرانە گۆڕ. بە یەکتر بڕان، ئەو دوو ئەویندارە پاکە کەوتنە جیهانێکی‌تر، هەستانێکی‌تر، ڕاسانێکی‌تر. حەمەسوور دوور لە کەژاڵ و شۆڕش لە گۆڕ خرا، بە تف و نەحلەت گۆڕی داپۆشرا.

سواره و سووره

پێشەکی

ئاورێک لە پیاوماقووڵی و بەبیرەکانی مێژووی کورد

ئەگەر بە چاوێکی مەند و بێچاووڕاو و بە هێزێکی مامۆستایانە لە کروکار و شەوگوردی دەست و مەچەکی گەلی کورد وردەوە بین. وەیان بۆ هۆرە و لۆرە و لاوک و بەیت و باوی بەیتبێژان گوێ ڕادێرین. و لە بنەماڵەی عێل و عەشیرەت و سەرۆک هۆزان میوان بین. تەماشای کر و نەخشی تێر و جەواڵ و چیخە ئەسمەرپێچەکان بکەین و لە دەست و چەک و چەکمە و زەنگاڵی سوارچاک و گەنجەکان ڕامێنین یان بە زستانی سەخڵەت و سۆڵ و سەرما خۆ لە بەر کوورەی مزگەوتان وەبووژێنین. و لە زار و زمانی پیاوماقووڵ و ڕدێنسپیان فکرین و بۆ نەزیرە و تیتاڵ و سەرگوزەشتەی قسەخۆشان گوێ ڕادێرین ئۆباڵی بۆ دەکێشین و دەڵێین گەلی کورد گەلێکی ڕەسەن و ماکەدار و بەهۆش و زەق و زیندووبە. خاوەنی زاراوەیەکی هەراو و پاراو و بەلق و پۆپە. بێئەوەی خوێندنەوەی هەبێ لە مەنتیق، بەیان و بەلاغەدا و لە مەجاز، تەشبیهـ و ئیستعارەدا بەشێکی هەرە ماقووڵ و پەسندکراوی هەیە.

زۆربەی گەلی کورد لە خوێندن و خوێندەواری دوور و تەنانەت زۆربەیان لە شارستانییەت و ژیانی نوێ بێبەشن.

سەرەڕای ئەوەش هێشتا ڕەگەز و ڕەچەڵەکی خۆیان لەبیر نەکردووە و داب و نەریتی باب و باپیر و جل و بەرگ و کورتەکی کوردانەیان نەگۆڕیوە، بە تایبەتی پیرەپیاو و قامبێژ و بەیتزانی وای تێدا هەڵکەوتووە، هەر خۆشە دڵی بۆ وەگری و لێی فێر بی و لەسەری بنووسی و گیانی پیءوەحاوێنی و بۆشایی مێژووی پیءبنەخشێنی هەر بۆ بەڵگە دەتوانین لە هەرێمی شاخاوی خۆماندا لە ناوچەی گەورکی موکری باوەگەورە نیشان بدەین.

لە زار و زمانی ئەو پیاوە گفت و لفت شیرینە، چیرۆکێک زیندوو وەکەین و لە بەر شەبەقی ئەو چیرۆکە دەرسێکی بەنرخ وەرگرین. بەڵام باشتر ئەوەیە پێشەکی باوەگەورە بناسین.

«باوەگەورە»

باوەگەورە، ناوی قادرە و کۆرپەی باوەشی ساردەکۆسانە و لە تەمەنی نەوەد ٩٠ساڵیدا لە گوندی یاغیان[1] کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەلازادان[2] بەخاک ئەسپێراوە. خوالێخۆشبوو لەبنەماڵەی عەزیزی خاڵندە و بە شەش پشت دەگاتەوە سەر شێخەی سوورکێوی دەس‌وەشێن. باوەگەورە هەروەکوو هەموو منداڵە کوردێک لە ناو پەڕۆوپاڵی شڕ و لانکی شەق و شکاوی کوردانەدا خڕەکە بووە. هاتووەتە ناو ڕیزی پیاوانەوە. بەڵام هەروەکوو زۆربەی پیاوە کوردەکانی پێگەیشتوو، چەرخ و خولی ژیان تووشی گەلێ ڕووداوی تووش و

---

١ گوندێکی چکۆلەی ناوچەی موکریانە، نزیک گوندەکانی سلامەت و گولۆلانی سەروو.
٢ ئەم گۆڕستانە لە مابەینی گوندی یاغیان و گلۆلانی سەریدایە.

هەڵدێرانی دەستی تۆسنانی کردووە و هەراوهوریای ساڵی «شێخی» «سمکۆ» و «مەلا خەلیل» و شەڕەکانی عەشیرەتی و هەرێمی، دەورێکی چەکداری باشی پێگێڕاوە و تاڵی ڕۆژانی شوانی و سەپانی و ساد و سەودا و کۆچ و باری، باری نالەباری ئەو سەردەمە دەورەیەکیتری ڕۆشنبیری و نەترسان و زبک و بڕی پێ حینجە کردووە:

ئەو پیاوە مەزنە هۆش و زەین و زانستی تا ئەو شوێنە بەرز بوو کە دەستی تاریفی پێڕاناگات. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا ناو بێشکەی گۆڕی پیرۆزی چی دیبوو، چیکردبوو یا چی پێکرابوو چی بە سەر کێ هاتبوو مووبەموو بە پێی بەڵگە و نیشانە هەمووی لە بیر مابوون.

زۆربەی جاران لە ناو دۆست و یاران لە بەربەڕۆچکە و سەربان و گوێ تەندووران خەڵک پووروەی لە سەر دەدا و ئەو کۆنە چیرۆک و وردە بەسەرهاتەیان بەتاموخوێتر لە خوێی چێشتان پێدەگێڕاوە. ناوبراو لەو ئاخریانەدا ماڵۆچکەیەکی گەرم و کوردانەی پێکەوە نابوو. لە گوندی یاغیان سفرەی میوانداری و بەرماڵی خواناسی لێ ڕاخستبوو. کوردانە ژیا و قسەخۆش و ڕووخۆش و بەتام و خوێ دەژیا و تا هەشتاوپێنج ساڵ تەمەنی خۆی لەبیر بوو. ئەو پیاوە پیاوناس و گیاناس و نەخۆشیناس و سەردەرچوویەکی خول و زەمانی خۆی بوو. ناوبراو بۆ ئەوەی پیاوی نەزان تێگەیەنێ و هەڵەوپەڵەی قەڵس و قوڵان هەڵگەڕێتەوە، دەم و جێ مەتەڵ و کورتە چیرۆکی وای بەدەمدا دەهات، مردووی تێدەگەیاند و نووستووی وەخەبەر دێنان. هەر بەو کورتە نەزیرە و قسە بەنامانە خەڵکی زۆر بەرەو ژیان ڕاستاوێژ دەکرد و لە

هەڵە و هەڵخلیسکانی دەگێڕانەوە. یەکێک لەو چیرۆکانەی کە پیاوی تێروپڕی لێ‌دەترسان سەرگوریشتەی سواره و سووره‌یه کەوا من به قەڵەمی خۆم له زمانی ئەو زمان ڕەوانەوه دەیهێنمه سەر کاغەز و گیانی وەبەر دێنمەوە. باوەگەوره هەزاران بەیت و باوی ئاوای لەگەڵ خۆی خسته گۆڕەوه و لەکیس ئێمەی کوترەخەم[1] و بەجێ‌ماو چوون، هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی بێ و لەگەڵ خێری خوا هاوباوەش بێت.

«سواره و سووره»

«نانی گەنم شاخداره»

سواره، پیاوێکی ڕێک‌وپێک و بەدیمەن و بەرچاو بوو. کەم کەس دەیتوانی تێر بەچاوان لێی بڕوانێ و بڕیاری هەڵوەشێنێتەوە ناوبراو مەرد‌دار و میوان‌گر و سفرەپان و قسه چەور و بەبەخشش بوو. له ناو چوارچێوەی ژیاندا خەنی و بێ کەمایەسی بوو. ئەسپی بزۆز و ویزەنگی زێڕین و چەکمەی بەمامزەدار هەر لەوی دەکاڵاوه و کەسی‌تر.

کلێتەی کوردانه و ڕانک‌وچۆغەی سوورگوێز و خەنجەری مشتووسپی ئەوندەی تریش سوارەیان له ناو دڵاندا خۆشەویست و ماقووڵ کردبوو جوانی و جوامێری سواره له ناو عێل و عەشیرەت و هۆزاندا ڕیشەی داکوتابوو.

دەستی نەبوو له مەڵبەندا، دەستی بادا و با نەبوو له کۆگای ویستی پووشکەیەک ڕامالێ. دێو نەیدەتوانی به مۆڕەوه لێی بڕوانێ و بڕیاری هەڵبڕێت.

---

[1] کەمتەرخەم، بێ‌موبالات، گوێ‌پێنەدەر.

خوێنگری خوێنان و پیاوماقووڵی سەر ڕووداوان بوو. گورگ و مەڕی پێکەوە پاڵێن دەدا و فیلی بە موو چەواشە دەکرد. ئەو لاوە شیرین ژیاوە، مامێکی هەبوو پیر و لەرزۆکِ و لەکارکەوتوو، بەڵام بەهۆش و هێواش‌بێژ و بە ئەزموون و سەردەرچوو.

بەڵای پیری و کۆسپ و قۆرتی تەمەن دەسی پێ لە داوێنی سواره وەرێنابوو و وەکوو پەنابەرێکی بێدەرەتان لە سەر سفرەی سواره دەژیا و چاوەڕوانی لە مردن بوو. پیرە پیاو ناوی «وەیسە» بوو. لە پسپۆڕی و خواناسیدا لە وەیسی ماهی دەشتی بەجێ نەمابوو. وەیسە لەو شۆخە پیاوانەبوو کە لە کاتی خۆی خێوی شاخداری لە گێرە دەکرد و حەزیەی دووسەری سەمەندۆک[1] دەکرد.

بەڵام گەڕی پیری نزم و نەوی لە سەر زەوی تووشی بێنازی و دەستندە خۆری کردبوو. لەگەڵ سواره، هەناسە سارد و بێدەنگ و دەسەڵات دەژیا، سەرەڕای ئەوەش زۆرجاران سوارەی لە سەر لێوی کەندەلانی هەڵە و هەڕاڵی دەگێڕاوە. وتە بەنرخەکانی بەو شێوەیە دەسپێدەکرد. دەیگوت کوڕم سواره تۆ هێشتا گەنجی و بێ ئەزموونی، وریا بە، نانی گەنم شاخت لێ‌نەدا و ورگت نەدڕێ. کوڕم بەڵای هەڕاڵی بێ دەرمان و دوکتورە و مانی بەبێ سامان و پارە نەمانێکی پڕ لە عەیب و عارە. کوڕم هەتا هەتە بەرزی و هەوی، فەقیر کەوی، نزم و نەوی. ئەبێ ژیر بیت. تێری دەستت لێ نەوەشێنێ و نانی گەنم شاخت وەبەر نەدا و گاجووتت بە گیسک پێ نەبەخشێ و نەزانی تووشی تەڵەی

[1] دارێکی باریکە، بەملی سەگەوە دەبەسترێتەوە هەتا فێری ڕستە دەبێ.

هەرِاڵیت نەکات. پێشـینیان وتوویـانە نـانی گەنـم شـاخدارە و پیـاوی تیـر لە هەڵدێران نزیکە. هەروا گوتوویانە، تیـر تلێـک بـدا ئەسـتۆی ورد دەبـێ، بەڵام برسی سوورێک بدا هەڵدەستێتەوە.

کورِم ڕۆژی ڕوون شەوی ڕەشی بەدوودا دێ و بە ماڵی زۆر هەڵمەخەڵەتێ. دۆستی سەر سفرە، بە سەفەری بزانە و لە گرێ و گۆڵی ناو ژیان و ژانەسەری سەردەمی پیری بێبیر مەبە.

لەم ڕۆژانەدا بیستوومە ئەتەوێ داوای عاسەخانی کچی کەسـکە بکەیـت و هەیاسەی تەڵا و تاس کڵاوی موسڵی بۆ بکرِیـت و زەنازەنـای زەماوەنـدی بـۆ وەرِازێنی. ئاژاوە بخەیتە ناو ماڵ. مـاڵی خـۆت بکەیـتە جـێگەی ئاشـی دەوەنە ئاشی و شووشەی سام و شکۆی خۆت لە بەردی بێناوی دەی و بۆ هەمیشـە کردە پەشیمان و ماڵ وێران بی. هەروەکوو مامەی خۆت پەنابەری قوون ئاو و تەندووری ماڵان بیت. ئەم کـارە هەرگیـز نـابێ بکرێـت. ئەگەر هەر لە کەری شەیتان دانابەزی، عاسەخان لفی تـۆ نیـیە و بە سـی سـاڵ تەمەن تۆفیرتـانە. ئەویش کێ؟ کچی کەسکە.

هەموو کەسێ کەسـکەی ناسـیوە، دەڵاڵ و کـتکە نەوتیـنەیە. کونـدەبووە، وەیشوومەیە. کەسکە هەر ئەو ژنەیە کە مەرگەمووشی بە گەرووی باییزخـانی مێردیدا کرد و ئاژاوەی خستە ناو ئاوایی و هێشتاش بـۆچەک و چەرەچەمـانی هەر نەبـرِاوەتەوە. عاسـەخانیش کچـی ئەو دایـکەیە «دایکـان ببیـنە و کچـان بخوازە.» کورِم ئەو کارە بۆ کردن نابێ و ئەبێ نەکرێت.

مام وەیسە حەکیمانە و پیرانە بەهەزار و یەک بەڵگە، ویستی سوارە لەو سوارییە دابەزێنێ و لەو ژن هێنانەی پەشیمانی وەکات. بەڵام بەلای هەڕاڵی و پارەزۆری بەحرێکی بێ بوار و هەلامەتێکی بێ دوکتور و دەرمانە. هەر وەیسە گوتی و سوارە نەیبیست، قسەی مامەی شکاند و نانی گەنم هەڵیمساند. سامانداری، داری هاری خستە دەست.

خولی گۆڕان باری ژیانی گۆڕی. ماڵی تەفر و توونا کرد و کلێتەی بە تیلاکی سەریەوە ناو بەرەو زەماوەندی عاسەخان وەڕێ کەوت. زەماوەندی پڕ لە زنازەنای بۆ ڕازاندنەوە. زەوی لە ژێر سمی ئەسپی بووکێی زۆر و زەبەندەدا کەوتە سکاڵا و بووک دابەزی و ڕۆژی ڕەشی سوارە لە ئاسۆگەوە سەری هێنایەدەر، نەگبەتی باوەشی تێوەرێنا.

وتەی مام وەیسە، هاتە دی. نانی گەنم شاخی وەبەردا و سوارەی لە کڕاڵی هەڕاڵی دابەزاند. ناکۆکی ناو ماڵ و دەمەتەقەی دوو هەوێ سێدارەی ژانەسەری بۆ هەڵاوەسی. کوڕ و بووک و باب و دایک، ڕووبەڕووی یەکتر ڕاپەڕین. مرقە و مرخێش مرخێش گەیشتە دار و کوتەک و تۆران و لێک پسانی شیرازەی ماڵ و مناڵ و کوڕ و باب و دایک.

زۆری پێنەچوو میرەماڵ نیری کەوتە عەرز و سوارە سەری کەوتە بن بەرداشی دەردی سەری و مەڕ بێ شوان و بێچوو بێ کابان و شوان بێ شێو و قاپ و قاچاخ و چینی چەنەیان کەوتە بن ژەنگ. سوارە هەناسە سوار بەرەو هەڵدێری نەداری بەڕێ کەوت.

کۆتره جوانەکانی سویّبانی دیوەخـان پەڕەوازه بەرەو چیـا کۆچیـان کـرد. پشیلەی مشک خنکێنی ناو ماڵ، پەڕەوازەی ئێر و ئەوێیـان بـوون و کاسـەی نانی بوو بە مۆڵگەی پاشای مشکان.

تاژی ناسک و نازدار لە نووسکە نووسک و قەڵەمبـاز و خۆڕانـان کەوتـن و بەرەو گورگەمێشی و دەسپیسی ڕۆیشتن. میوانی سەرسفره و دۆستی پلاوخۆر سەری سوارەیان سووک کرد. سـوارەی دوێنـێ، پیـادەی ئەورۆکەیە و لە ژێـر فەرمانی کەسکە و عاسەخاندا بێدەست و دەسەڵاتە. کەسکەی خەسوو و کـۆنە جانتای جادووگەری، فێڵ و تەڵەکەی بۆ سوارەی هەژار ئاواڵە کردەوە و هێزی پیاوەتی پێ هەڵچۆڕاند و تووشی دەیان هەڵە و هەڵخلیسکانی نـاڕەوای کـرد و ماڵی پێ هەڵوەشاند و دۆست و ئاشنا و ناسیاوی لێکردن بە دژ.

سواره سەروسمێڵ سپی و بـێ ڕەنـگورووە، تێشـکاو و پەشـیمان، لە نـاو گەروگای خەم و پەژاره و بـێ سـەرەدەریدا سـەری لێشـێوا و ڕۆژی لێبـوو بە شەو.

«ڕۆژێک لە ڕۆژان»

سواره، سواری ئەسپی لاواز و نەشۆراو بوو. باڵتەی ڕەشەڕاوی لە بەر کـرد، چەکی ڕاوی هاویشـتە شـانی، تـاژی ڕەشـەکوژی وەدووخسـت دەسـت لەو و قەوەتیش لە خودای مەزن، بەرەو مێشەزارەکەی کەوتەڕێ.

هەر گەیشتە ناو مێشە و پۆلەپۆڕێکی بۆ ڕێکەوت، تاپڕێکی لێ‌تەقاندن سێ پۆڕی پەڕنەخشینی لێگێڕانەوە. سواره بەو ڕێـکەوتە، گەشـە لە هەمـوو گیـانی گەڕا. هەتاوی نەرمەبزەیەکی پڕیاوی کەوتە سەر لێوە چرچەکانی.

لە نێو خەیاڵی خۆشی خۆیدا وردەوردە بەرەو مەزرا و هەوارگەکانی ساڵانی مەڕداری دەڕۆیشت. ئەسپەشێ ڕاچەنی و بۆرە کەروێشکێک ڕاپەڕی و تاژی هەر لە حەواوە قۆزتیەوە. سواره دابەزی و کەروێشکی سەربڕی و دەستی حورمەتی بە پشتی تاژییە زەردا هێنا.

سواره موچوڕکەی مەینەتی، گیانی بەردا و لێکدانەوەی خراپ سەری سووک کرد. ئەو ڕۆژەی بەلاوە موبارەک و سەرەتای گۆڕبوونی نەگبەتی بوو. ئارەقەی شادی هەموو لەشی داگیر کرد و لای وابوو شانسی بەرەو گەردوگوڵی بووژانەوەیەوە و نەیدەزانی هەوەڵی چارەڕەشی و ئاخری بەهاری سانەوەیەتی. سواره ویستی پشوو بدات لە ئەسپە بۆرە هاتە خوار و لە ناو چیمەنێک پاڵی داوە، ئەسپەکەی لە ناو گیاوگژی خاو و ساوادا چەیار کرد. غەریبەیەک بە ڕێگادا چەقی ملی کێشابوو و ئارەقەی لێدەچۆڕا.

سواره فەرموویەکی غەریبەی کرد و ئەویش بۆ سووکە پشوویەک لای کردەوە و خۆی لێ بەعەرزی دادا.

سەر و قلیان تێکرا و دووکەڵیان لێبڵێندبوو.

سواره: بێ قەیدی بێ لە کوێوە بۆ کوێ و ناوی شەریفت؟

ناوم «سووره»یە و خەڵکی «سەراو»ی سوبحاناغام و لە ئیش و کاری پێویست دەگەڕێم.

سواره: ئیشی چی و لە کامە کار و کاسپیدا دەس‌ودەم‌گەرمی؟

سوورە هەناسەیەکی باریک و بۆکڕووزی هەڵکێشا و ملی بە لارەوە ناو دوو دڵۆپ فرمێسکی لێڵی لە چاوەکانی هەڵوەراند: کامە ئیش، کامە هونەر بوو کە بەسەریدا زاڵ نەبم، ئەی ماڵی بێ بەختی مرێ، هەروەکوو ئاوام بە سەر دێنێ.

سوارە: لەمەڕ کاروباری دیوەخان و چێشت و نان چی؟

سوورە: بەگم ئەوەتی هەم سەروکارم زیاتر بەو خزمەتەوە ئیشاندووە، کاری دیوەخان و خۆراکی ڕازاوە هەر لەمن دەکاڵێتەوە.

سوارە: زۆرباشە کەوابوو شانست هاوردووە. منیش بە بابایەکی وەک تۆ نیازم زۆرە ئەگەر دڵتان بەمن وەکرێت.

سوورە: قوربان قسەت لە دەما شەکر بێت، کە تۆ ڕازی بی، من بێ قسەم.

سوارە: دەی برام زۆر گوتن قورعان خۆشە من بڕێک ئیشم هەیە و سەرێک لە مەزرا و لەوەڕگەکان ئەدەم و ئەگەڕێمەوە. بەڵام جەنابت هەر لێرەوە بەرەو گوندەکەمان وەڕێکەوە لەو چەمە پەڕیتەوە ناودێ دیارە خانوومان لەخوار گوندەکە بە تاقەوەیە چنارێکی بەرز دروشمی حەوشەکەمانە.

کەم خێزانم خۆم و خەسووم و عاسەی خێزانم، سێ مۆجزاتین کەم ئەرک و کەم کوێرەوەریم. ئەم سێ پۆڕەش لەگەڵ خۆت بەرەوە بۆ نیوەڕۆژە بیانکە بە کەباب. ئەم کەروێشکەش بۆ سەنگەسیری شام. دەمێکە کەبابی پۆڕم نەخواردووە، ئەوا سوێم دەبێتەوە بۆ کەبابێک تازییە سەقریش ڕستەکە با لەگەڵ من نەبێ من بەرەو کوێستان دەڕۆم. دەترسم سەگ و مەگی شوانە مەڕان تووشی سەمڕ و سەمەرێکی بکات. بە فلان بەڵگە خۆت بە عاسەخانی کابانم بناسێنە، عاسەخان تۆزێک شێتۆکە و قسەشڕە، دڵت لێی نەبێ. خەڵووز

و شیشه کەبابەکانی لێوەرگرە بە ئاوری گەش و بێدووکەڵ و چەرەچەمان، وێچوویی[1] خۆت نیشان دە تا دەگەڕێمەوە.

سواره ئەمەی گوت و بەرەو لەوەڕگە کەوتە ڕێ. سووره تاژیی ڕستە کرد و کەروێشک و پۆڕی پێچاوە و لاقێکی کردە سێ و بازێکی کردە چوار و بەرەو گوند لە خۆنووسا.

چۆم لێڵە و سوورەش ترسەنۆک. ئەیەوێ تاژییەکەی وەبەستێ و بوار تاقی وەکات. تاژیی لە دار هەرمێیەک شەتەک دا و وەک مراوی بواری بڕی و پەڕیەوە پۆڕ و کەروێشکی لەمبەر دانا و بەرەو تاژی گەڕاوە. تاژی خۆی لە دار هەرمێی پێچاوە و ڕستەی کردۆتە تەناف و لە ملی بۆتە قولفەی مەرگ و ددانی پێ گربوون. سووره دوای شین و شەپۆڕ و بەخۆدادانێکی بەرچاو، هەر بەدارەوە تاژی بەجێهێشت. دووبارە لە چۆم نیشت و بەرەو پۆڕ و کەروێشکە بۆر گەڕاوە. بەڵام گەڕی گەردوون دەستی لەیەخەی ناکاتەوە و هەردەم بەرووداوێکی نوێتر داوی بۆ قەف دەکات. سووره دیتی هەڵۆیەکی حەیتەزەلام لە سەر کەلاکی کەروێشکە بۆرە و خەریکی کەوڵ کردنە. سووره چاوی چوونە تۆقی سەری ڕقوقین، ئەوکی گرت، دەستی بۆ خڕکە بەردێک درێژ کرد، ویستی دەس بووەشێنێ. بەڵام هەڵۆ زووتر کەوتە دەستەوکەری و کەروێشکی خستە حەواو لە هێرشی سووره ڕزگار بوو.

سووره سەر لێشێواو بەناچاری سێ پۆڕەکەی هەڵگرت و بەرەو ناو دێ ڕۆیشت. خۆی بە عاسەخان ناساند. خەڵووز و جێکەباب و شیشەی لێوەرگرت.

[1] لێهاتوویی و شارەزایی.

پیـواز و بەهـاره و ئـاولیمۆ و ڕۆنەکەره و نـانی نەرمـی پێگوشـنی لە سـەر سینییەکی زێوینە مۆڵ کردن.

هەوەڵ پـۆڕی برژانـد بـۆچەک و چـرکەی تـام و بـۆنی خـۆش نەوسـی ڕاچڵەکانـد، دەسـتی پێـنەگەڕاوە ئەو پـۆڕەی هەر بە دوو سـێ پاروچکـان ڕۆهێشت و نۆشی گیانی کرد. پۆڕی دووهەمی لەشیشـەدا و لە سـەر پۆلـووی گەشاوە جێگەی بۆ کردەوە تا ئاوڕی داوە گورپە پشیلەیەکی ئاماڵ چەتە پۆڕی سێهەمی ڕفاند و هەروەکوو با و بۆران بۆی دەرچوو.

سـووره: هەر بە پای پەتی کەوتە سەری و بە خڕکە و پـلار و تاشـەبەردان مەیدانی پێگرت و بەناو هۆدەکەدا وەک شێلاقە دەیسووڕاند. دەستی لە خـڕکە کێشـا و شووشـەی پەنـجەرەی تێکشـکاند و گـورپە پشـیلەش پـۆڕی لەو کەلێنەوە ئاوە دیو کرد. سـووره لە بەختی ڕەشی، ڕەشکەیەک ماسیوە لاقـی لە زەوی کوتـا و چەنـد تفـی لە ناوچـاوانی بەخـتەکەی کـرد و فرمێسـکی هەڵوەراندن. بەپەلە بۆلای ئاشپەزخانە گەڕایەوە.

لە مشت و مڕی پشیلە بـۆردا زۆری پێچووبـوو، پۆڕەکەی‌تریشـی لە سـەر ئاگری بەتین، ببوو بە خەڵووز و کەڵکی خواردنی نەمابوو و ئێسک و گۆشت و پێستی بە سەر یەکـا سـووتابوون. چەقە دووکەڵ و بـۆچەک و چەڕەچەمـان، عاسەخانی وەک ماری ژاراوی لە سەر کلکی بۆ پێوەدان ڕاگرتبوو. ئەوەی دەبێ نەکرێ و نەگوترێ گوترا و تف و جنێو و ناو و نیـتکەش سـەربار. لەولاشـەوە سواره سەرێکی لە لەوەڕگە و جێگەهەوار و ساباتە کۆنەکانی ڕۆژی بەرووتردا و ئاوری بیرەوەری تێهەڵگـیا و فرمێسکی هەڵڕژانە سەر ڕووی ڕووی بەیـار و

چارداخی ڕووخاو جێهەواری چۆڵوهۆڵ - چۆلەچرای هیوای وەبەر با دا و بە هەڵەی ژیانی زانی - کوێرەبرینی کولانەوە، مام وەیسەی مامی هاتەوە بیر و بڵێسەی هەناوی پڕ لە پەشیمانی لە ئەسپی هێنا خوار و ئەژنۆی پێلەباوەش گرت.

پاش ماوەیەک هەناسە و ئاخ و داخ و بەخۆدادان، شەیتانی بە نەحلەت کرد و بە هیوای کەبابی پۆڕ و ... سەنگەسیری شام بەرەو ماڵ قەمچی لە ئەسپی لەڕ و لاواز و بێناز کێشا و پێچ و پلۆچی لامووچانی بە جێ هێشت. تەق لە بەردەمی وەتاغەکەی دابەزی. عاسەخان ڕووبەڕووی هات و ڕووداوی سوورەی وەکوو تالاَوێک بە زاریدا کرد. هەرچی بەدەمی داهات بە سوورەی بەخێر نەهاتووی گوت.

سواره عەبەسا و ئارەقەی پەژارە پشووی پێبڕی و بوو بە داهۆڵێکی بێ متەق. نەیدەزانی لە دەس کامە بەلا بناڵێ، لەگەڵ کێهە ڕووداو ڕووبەڕوو بوەستێ. کارەسات خۆکردە و دیزە بە دەستی کابان شکاوە، چارە هەر بێدەنگییە. چەند ڕۆژێک تێپەڕی و تازییەی تاژی و کەروێشک و پۆڕان تەواو کرا. سواره لە ناو زۆنگی قوڕوقەپی هاتەدەر و ڕوو بە سووره گوتی ئەرێ تۆ هیچ لە جووت و گا و فەلایەتی دەزانی؟

سووره ملی بە لارەوە ناو گوتی: گەر بێ شانسی دووبارە دەستم لێ نەوەشێنێ، دەتوانم. بەڵێ، کوڕە جووتیارم، جووت و گا هەر لەمن جوانە. هەر زەوییەک من گاسنم بیگاتێ، تا حەوت ساڵ بەیار نابێتەوە هەر بەر و بێستان

و شـــیناوەردێک بە دەســـتی مـــن بێـــتە بەرهەم هەزار ئـــافەرین و ماشـــەڵڵای لێدەباری.

سوارە زەردەیەکی لێڵ و خەماوی، کەوتە سەر لێوە چرچەکانی گوتی: برام لە چاو و ڕاو و فڕ وفیشاڵان دەس هەڵگرە و لە سەر کردارانی دانــێ. تــۆ چەن ڕۆژ لەمەبەر خۆت بە فەڕاش خاس و ئاشپەز ناساند، ئەورۆش بارت لێ گۆڕی و بوویە جووتیار و خەرمان پێو.

سوورە: ئاغام تا ئەو هەموو پشیلە برسی و دزانە لە ناو ماڵی تۆدا خەریکــی زیانی و دزی بن من کاری نان و چێشتم بۆ ناکرێت. ئاغام کێ بە دەردی کێ دەزانێ. تۆ نازانی کە دەستم دا کەوڵە نان گورپەی سوور و شڵە و تــاڵە چــۆن پەلارم بۆ دێنن، هەر ئەوندەیە منیش ناخۆن، ئیتر عاسەخانیش سەربار.

سوارە: عاسەخانی چی، بڵێ بزانم دەتەوێ چبڵێی؟

سوورە: هیچ، هیچ، لەزارم هەڵە بوو بمبوورە. ویستم داوێنت بادەم و داوات لێبکەم لە دەس بازبازێن و و میاومیاوی ئەو مۆجزاتانە نەجاتم دەی و ئــابڕووم وەکــڕی. برســین هەر تــێڕۆدێــن، ڕۆڵەی لە بەر دایــان هەڵــدەگرن، لەوانەیە پیاویش بخۆن، بمکە جووتیار و بەلەخەتــم تەماشــا کە، لە گــامەرز و هۆگــانم بڕوانە، دەست و تووم ببینە.

سوارە: لە خوام دەوێ ئەو کارە بکەی. مەزرام بەیار نەبێ و نەتەوی پێمــان خۆش نەبێ و پلارمان تێنەگرێت. هەر لە ئێستاوە تۆ جووتیاریت.

سوورە سمێڵی لێبــزاوت و بــزەی کەوتە ســەر لێــوان. لە خۆشــی جــووت نەجاتی لە دەس ... هەر ئێــوارە

تووبەرەتووی داگرت. ملەنیر و ئـامووركێش و كەرەسـەی پێویسـتی تێكـنـا و مشار و تەشوێ و دار و كەڵەوەی زیادی لە دەوری خۆی خڕ كردەوە.

سواره بەڕوویەكی خۆشەوه گـوتی: سـووره بەڕاسـتی لە جووتیـار دەچـی، وێدەچێ سەردەرچوو بی.

سـووره شـانێكی گەشـەی بـادا و بەڵێیەكـی قەڵەوی بەزاری داهـات و پشوویەكی درێژی خواردەوە: گەورەم تـا نەكەومە كـار، قسـە بـێ كەڵـكە بەو زووانە تێدەگەی جەرگی زەوی چۆن دێتەدەر. بـێخەم تـۆ بـڕۆ بەلای شـیرین خەوی شەوەوە، من ئەو شۆكە نـاخەوم. ئامڕازەكـانی جووتیـاری لەق و لـۆر و لەكاركەوتوون، دەستێكیان تێوەردەدەم؛ هەر پارشێوی ڕۆژووگران بەرەو مەزرا دەڕۆم گایەكان برسین.

ئەبێ تێركرێن. دەنا ئەركی جووتیار دەرنابەن.

سووره ئەو شەوە نەخەوت شەوی مابوو نیر و ئاموور و كەرەسەی پێویستی لە گابۆر و گازەردان هەڵبەسـت و بەرەو مەزرا وەڕێ كەوت. شـەوی مـابوو لە داوێنـی زەوی بـاری بە عەرزی دادا. گـابۆر و گـازەردی كـردە نـاو لەوەڕگەی خۆشەوە و ویستی تێـر بلەوەڕێـن و هێـزی كاریـان بێـتەبەرێ و ئەمجـار ئەو سەراوسەر هۆگانیان بۆ وەرازێنێ.

سـووره لە بەر ویشـكە خەیـاڵی گـامەرز و هۆگـانی دوور و درێـژ شـەو نەخەوتبوو بێخەوی لەشی قورس كردبوو. ویسـتی تـا گـابۆر و گـازەرد تێـر دەخۆن و دێنە كاوێژ و زمان لەخۆ دەدەن ئەویش چاوێك بەخەو گەرم كـات. شانێكی بۆدا[1] و خەویش هێرشی خۆی بردە سەری. بەربەیـان نەرم و هەوا

خۆش و زەوی شەدار و دنیاش بێ مێش و مەگەزە و گەزە خەونووچکەیەک هەر دەبێ بە زێڕان بیکڕێت.

سوورە سەری کردە سەر کڵاشەکانی و هەتا هەتاوی قاوەڵتوونان چەنەی گەرم نەکرد و مێش و مەگەز و مۆزە شینە خوێنیان لێ نەهێنا وەخەبەر نەهات.

سوورە بە تینی هەتاو و ویزەویزی مۆزی ملۆزم ڕاپەڕی و لەگایەکانی هەڵڕوانی. گازەردە خۆی لەعەرزی داوە و گابۆرەش بە پێوە دژ داماوە. دیتی تۆبەرە تۆو خوراوە گازەرد و گابۆر لە پشیلەکان چڵێستر لسکیان داوە. ڕق و قین بەرچاوی سوورەی تاریک کرد. ڕۆهاتە نەقیزەی خەڵفەبناو، هێرشی بردەسەر گازەردی نووستوو زۆر بە قەڵسی دەستی کرد بەکوتانی. نەخێر، نە گازەرد لە بەر کوتەک ڕادەپەڕێ و نەسوورەش بەزەیی پێدادێ.

سوورە سەری سوڕماوە، تێگەیشت کە بەهاروو[1] کاری خۆی کردووە، زۆر لە مێژە گازەرد عەمری درێژی بۆ جووتیاری بەجێ هێشتووە.

چاوێکی پڕ لە گریانیشی لە گابۆر کرد، ئەویش ئاوی لە دەمی دێ وەک ڕەشکەکا ماسیوە و وەکوو مێژۆکە هەڵدەلەرزێت، ها کە ئێستا و ها کە تاوێکیتر ئەویش بە دەردی ئەویتر بچێ و گۆشتەکەی لە کیس بچێت.

سوورە نەیکردە نامەردی، سواری سەری بوو، ناوی خودای لێهێنا و سەری بڕی. ئەمجار دەستەوئەژنۆ، شینی تەواوی گێڕا. سوارە ناشتایەکی درەنگ

---

[1] جۆرێک گەنمە [illegible] و نانی چاکی لێ دێت.

سواری ئەسپە شێ بوو و تاپڕەکەی خستە پێشکۆی و بۆ تەماشای گامەرز و دەست و نەقیزەی سووره، بەرەو مەزرا کەوتە ڕێ. قەمچی لە ئەسپە شێ کێشا و شاباڵی پێ پەیدا کرد. بە چاو لەیەکنانێک خۆی گەیاندە ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو.

سووره ترس لەرزی لێهێنابوو، ئارەقەی خەجاڵەتی سەری شۆڕی ئەوندەیتریش پێ شۆڕ کردبوو. چاوی بۆ هەڵاتنی دەگێڕا و کونە مشکی لێبوو بە قەیسەری. بێسەرەدەری تەنگی پێهەڵچنیبوو. پێی وابوو بەتاوانی خۆی گۆڕەوشار دەدرێ و شارەوشار بەدەر دەکرێت.

سواره سەرەڕای ئەو هەموو ڕووداوەی کەیەک بەدوو یەکا بەڕووی دادەڕووخان. ژیانیان دەخستە مەترسییەوە، زۆری دڵ بە سووره سووتا و ئاگری بۆ تێبەربوو. زۆری دڵنەوایی کرد و بە ڕوویەکی خۆش و زمانێکی پڕ لە بەخشینەوە گوتی: کوڕم بە خەم دامەکەوە سەر و سمێڵی خۆت مەڕنەوە. تووڕەیی حاسمان و هێرشی بەڵایان بە بەژنی من بڕاوە و نەک تۆ. باشی دەزانم نانی گەنم و باوی هەڕاڵی و خۆڵێگۆڕان تیری بۆ خستوومە کەوان هەر تاوێ بە داوێک و بە ڕووداوێک ڕاوم دەکات و هەرچی بەسەرم دێ و ڕێگەم پێدەگرێ خۆم بە هەوێنی ئەو بەسەرهاتە دەزانم نەوەک ئەتۆ. ئێستاش کار بەخەمان پێکنایە، وا من بەرەو ماڵ دەڕۆمەوە، یارمەتی دەرت بۆ دەنێرم گایەکان کەوڵ کە و چەرمەکەیان بۆ ماڵ بێنەوە، دەیان فرۆشین.

گۆشتی گابۆریش بە سەر هەژاراندا وەبەشە و ببێتە بەڵاوەگێری قورت و بەڵای گەورەتر. هەروەها ڕانێک و برێک لە گۆشتی لاشان و مازەپشتەکەشی

بۆ خۆمان ڕابگرە. بزانین حاسمان لە ڕاستمان چی‌تری پێیە و چ‌گەڕێکی ترمان پێ دەگێڕێ؟

سوورە لە جوانمێری خاوەن ماڵ تینی تێگەڕا و عەسرێکی زوو، بە کەوڵ و گۆشتەوە گەیشتەوە ماڵ. هەر ئەو شەوە سوورە بە کەیفی خۆی ورگی لە کەبابی گابور هەڵێنجا و پشیلە و گورپەی بزۆز و هاروهاجیشی پێ حەمایەت کردن.

سوارە دەستووری دا هەر بەیانی ئەو دوو کەوڵە گایە بەرە بۆ شار و لە چەقەی بازاڕ بیانفرۆشە، پارەکەیان وەگێرە بۆمن و پێویستم بەپارە زۆرە.

سوورە هەر لە تاریک‌وڕوونی بەیانیدا خۆی گەیاندە شار و لە ناوەڕاستی چەقە بازاڕەکەدا هەی چەرم هەی چەرمی گرتەوە. قوڵە چەرچی و دەست و گوێبڕ تێی‌گەیشتن. یارۆی کەوڵ فرۆش لێنەزان و فشەڵۆک و لە دەستان نەرمە. بڕیاریان دا هەموو لە هەموو ببنە شەریک و مفت و مەرحەبا ئەو چەرمە باشانەی لێوەرگرن. جووتی چەرمەگا بە ٣٠ دینار هەر تووڕەی بوو. ئەوان وەک چاو بەست بە چوار دینار و نیو لێیان کڕی. تاق و جووت لە ترسی تەشقەڵە و پەشیمانی سوورە خۆیان لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا گوم کرد. سوورە پارەی لە گیرفان ئاخنی و ویستی بەرەو ماڵ وەگەڕێت و چالاکی خۆی نیشان بدات. بەڵام قەرەباڵغێک دەوری چەقەبازاڕەکەی وا تەنی بوو کێچ نەیدەتوانی ڕاپەڕێت. پێ‌لەسەرپێی خەڵک ڕاوەستابوو بۆ تەماشا و چاوەچاو و پاڵەپەستە و کەس‌لەکەس بوو. سوورە بۆ تەماشا خۆی بەنێو ئاپۆرەدا کرد و دیتی کابرایەکی چاوشینی ئاوڵاوی بە کێسی سوورکاڵ بە بنیە و هەروەکوو

مەیموون گاڵتەی پێدەکا و هەر نۆبەی بەڕەنگێـک و مەکرێـک مەلەکە خـۆی دەگۆڕێ و یاری دەکات. کابرا دەیەوێ بیفرۆشێ بەڵام نە بۆخوی ناوی دەزانێ و نە خەڵکی بازاڕەکە دەیناسن. تەنانەت ڕاوچیەکـانی ئەو مەڵبەنـدەش دەیـان گوت تا ئێستا باڵندەی ئاوامان نەدیوە.

ئەو دەعبا بۆرکەڵە لە کۆترۆکێـک باوخۆشـتر بـوو ئەگەر کـابرای خـاوەنی قەڵسی دەکرد، دەکەوتە هوومەن و شاڵاو و هەموو لەشـی دەبـوو بە گەردن و دەهاتە سەر وێنەی شـینەمارێکی پـڵپڵـی گـاهەنگێو. ئەگەر لە هەڵـبەزین و شاڵاو و زەنازەنـا مانـدوو دەبـوو خـۆی دەبـردەوە بەریەک و دەبـوو بە کونـدە چکۆلەیەکی سەر کەڵەکان.

جاروبـارەش دەم دەکـاتەوە و دەچریکێنـێ. چـریکەی لە سـەقر و بـازان نامێنێتەوە. پەلەوەر ناسەکان نەیـان دەناسـی بە سـەر سـوڕمانەوە هەریەکەی ناوێکی بەسەردا دەبڕی. یەکێ لای‌وابوو زڕەشاهۆیە، ئەوی‌تـر ئەیگـوت، ڕەنـگە ڕەش‌بەشۆکە بێ و برێکی‌تر دەیان گوت ئەگەر هێ‌هـێ کەرە هەبـێ لە سـەر زەوی هەر ئەوەیە. کابرای واهەبوو بە سوێندانەوە دەنووسا و دەیگوت کەومارە. زۆر کەسیش لای وابوو شوان هەڵخەڵەتێنەی فێڵەبازە.

سووره دەمی بـردە پـێش و وتـی مـن ئاغـاکەم ڕاوچـی و پەلەوەرنـاس و سەردەرچووە. هەر دەبێ ئەو بیناسێ. بیسمیللا، شەقەی سەودامان بێت.

سووره بە سێ‌دینار و دوو درهەمان دەعـبای کڕی و بەرەو ماڵ پـێی پێوەنـا و دەعبای لەبەر دەمی ئاغای دانا.

سوارە: ماڵوێران ئەم کوندە چکۆلەت بۆچی هێناوە ئەمە قەشکە و نان و دۆبرە، مەیمەنەتی باش نییە، زووتر بیبەوە جێگاکەی خۆی گوناحە بێزمانە با خوامان لێ نەرەنجێ.

سوورە: بەسەری تۆ نە کوندە و نە نان و دۆبرِ مەلێکی قوماربـاز و خـۆش ئاوازە، لە دەرکی هیچ پاشازادان وەدەس ناکەوێ، لە ناو مشتەری چەقەبـازاڕی شارا کڕیومە ڕفاندوومە. باوەڕ دەکەی بـۆ خەمڕەوێنـی هەر وەگیـر نـاکەوێ و هیچ سەیر و تەماشایەک دەسکی لەدوو ناکات. ئەو دەعبایە وەدەس هیچ میـر و خانان ناکەوێت. لە سەر ڕوخسەتی تۆ با بڕێکـی لەگەڵ بـدوێم و بەزمێکـی وەڕازێنم.

سوارە: فەرموو بزانم ئەم دەعبا بۆر و دزێوە چی لە دەس دێت.

سوورە ڕۆیشتە پـێش و پەڕێکـی سـەربالّی کێشـا و بـووزێکی پێـوەکرد و کێشەی پێ هەڵاییسان. دەعبا ملی کێشا و گووپی ماسـاند و پـڕ بە هـۆدەکە زریکاندی. چەتـری هەڵـدا و پەڕی زێـڕین و هەزار ڕەنـگەی خسـتە بەرچـاو جاروبـارەش دەبـوو بە مـارێکی ڕێکوپێـک و ڕازاوە. دەعبـا شـانۆیەکی وای ڕازاندەوە، سوارە و عاسەخانی خستە قاقا کێشان.

عاسەخان: ڕەبی دەستت خۆش بێ سـوورە، تاوێـک سـەیری ئەم دەعبـایە بۆرەبۆری سەد گابۆر و گازەرد دێنێ، هەر دەبێ ئافەرینت لێبکرێت.

سوارە: تا ئێسـتا موتولفەی وا جوان و لەبەردڵانم نەدیبـوو. شـاخ و ڕەوەز و چۆڵگان زۆر گەڕاوم ماڵە بەگ و میـران زۆر چـووم، هێشـتا مەلـی وا زیـت و

زرینـگ و گـاڵته چـیم چـاو پێنەکەوتـووە. ئەی خـۆزگە مێیەکەشـی وەدەس دەکەوت، ئەمجا جووجەڵەشیان ئەبوو بە جێگر و لەبڕانەوە نەدەهاتن.

ئێستا ئەمە تەنیایە داخـوا چەنـدی‌تر بـژی و ئیتـر هـیچ. هەر خەفەتمـان پێدەبڕێ و پەکووپەکوو.

سووره: بەگم تۆ سلامەت بی ئەویش پەیدا دەکەم هیچ خەمت نەبێ.

سواره: لە منت کەوێ بەهەر قیمەت بێ لێی ڕامەوەستە. ئەگەر سەر زەوی هەموو گەڕابی ئەبێ پەیدای کەی. زۆر منەتی هەیە.

بەڕاستی خوا ڕاسـتی وەڕێ هێنـاوی چەرمـی گـازەرد و گابۆرانـت لە ئـاو نەکردووە، ئەو دەعبایە هەتا بڵێی جوان و مـایەدارە. خـاوەنی نەیناسـیوە دەنـا ئەوە فرۆشی نییە مەلێکی پەرزێرین و قەدەمخێر و خەمڕەوێنە. دەبێ ناویشـی هەر خەمڕەوێن بێ.

ئەتـۆ هەرجـۆر بـێ ئەبـێ مێوەکەشـی بەدەس بێنـی. ئەگەر ئەو کـارەت بەدەستەوە بێ ناوت ئەنێم سوورەی ڕووسوور. سوورەی لێهاتوو.

سووره: ئاغام دڵـت تەخـت بـێ، ئەگەر لە کێـوی قـافیش بـێ لە دەسـتم دەرناچێ. یان سەرم دەدۆڕێنم یان تایەکەی پەیدا دەکەم.

سووره نانی کەوتە ڕۆنەوە. خەمـرەوێن لە شـینە و چیـنە و خـواردەمەنی خۆشدا هێز و توانای هاتەوەبەرێ و پەڕوپۆی زێڕینتربـوون. لە هەمـوو شار و شارۆکە و گوندان دۆست و ئاشنا بۆ تەماشای خەمـرەوێن بەرەو مـاڵی سـواره دادەبارین. مـاڵی سـواره لەبەر هامۆشـۆی پیـادە و سـواران ببـوو بە مـۆڵگەی مەڕێک و قاڵەقاڵی ... لە ... بـن هەرەسی

خەیاڵی تاڵی قەرز و قوڵەی ناقولآدا بە دووچاوان فرمێسکی دەڕشت، بە دوو دەستان نەژنۆی خۆی ڕادەژاند و بەسەری زمانی لە دەس خولی زەمان و شانسی لاواز ئەوی نەدەبوو بگوتری دەیگوت.

ویستی بە تەماشای خەمڕەوێن بەزمی بتارێنێ و خەمی بەبادادا خەمڕەوێنی هێنا و بوزێکی پێوەکرد و پەرێکی کێشا. خەمڕەوێن خۆی گرژ کرد و چەتری لێدا و بە زمانێکی پڕ لە شالاو و مەترسی چریکاندی. سوارە سەری نەوی کرد و ویستی بە دەمی پڕ لە خۆشەویستی لە خۆشەویستی خەمڕەوێن زیاتر بڕواتە پێش و هەر دوو لاچاوی خەمڕەوێن ماچ بکات. خەمڕەوێن لای وابوو خراپەی لەگەڵ دەکرێ و قووت دەدرێت . کەوتە شەڕ و شالاوی هێنا و دندووکێکی لە چاوی سوارەدا بردە خوار و گلێنەی لە گرێژەنە برد و بۆی دەرچوو.

باشتر بڵێم سوارەی بێ چاو کرد و لە شەقەی باڵی‌دا و لە چاوان خۆی گوم کرد. پاش ئێرە و ئەوێ و داوودەرمان و ودمی چاک و پیران چاو بە قەل پووچی ماوە و سوارەی بەناوبانگی جاران، ناونرا سوارە قەلپووچ.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشتن. نەگبەتی شان و ملی سوارە قەلپووچی بەرنەدا و هەر جارێ لە بارێکەوە بەلا قورسایی دەخستە سەرشانی. تا ئەو جێگایەی کە لە عاسەخانی خێزانیشی کەوتە شک و گومان و دڵپیسییەوە، ئەو گومانەش ئاگری لە هەناوی بەردەدا و سەری پێ لە قالان دەنا و لە زەنازەنای خەیاڵی تاڵدا هەروەکوو مس و مسینە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەتوایەوە. ڕۆژێک ویستی بۆ سەفەر بڕوات و شەو نەیدەتوانی وەگەڕێت. بانگی سوورەی کرد و

لای خوی بەسرتە برێک نهێنی لا درکاند و گوتی من دەچم بۆ سەفەر شەو لەبن درگا وریابە. ئەوەش قفڵ ئەوەش کلیل، هەرکەس لە دەرکی دا و نەڵێ سوارەی سەفەریم، هەقی کردنەوەی درگات نەبێ.

سووره: بەڵێ ئاغام ئەمری تۆ لە سەر سەرمە، هەر لە ئێستاوە تەورە زەردەم دەسووم و هەر کەس بەلای دەرکی تۆدا بە خەیانەت ڕابرێ بەو تەورە دارشکێنە تێکی دەشکێنم.

سواره: ئافەریم بەڕاستی ئەمین و گوێلەمستی بەڵام تۆش هەر وەک خۆم کەم شانس و بەخت گێژی. ڕەنگە من هەر لە شەودا وەگەڕێم هەر وەخت لە دەرکمدا و گوتم سوارەی سەفەریم گورج دەرگام لێهەڵگرە.

سووره: بەڵێ قوربان حاڵیم، تۆ خوات لەگەڵ و من و دەرگا و تەورەزەرد.

سواره ڕۆژی دواتر سوار بوو ڕۆیشت. سووره هەر نیوەڕۆ جێگاوبانی خۆی بردە سەرسەکۆی بن دەروازە و دەستی بەتەور سوون کرد. لەبەر خۆیەوە هەر وڕێنەی بوو. دەیگوت: هەرکەس نەڵێ سوارەی سەفەریم نەدەرکی بۆ دەکەمەوە و نە جوابی دەدەمەوە.

عاسەخان تێگەیشت ئەو جۆگەلە لە بناوانیەوە چۆن هەڵگیراوە.

عاسەخان: سووره هەر ورتە ورتتە ئەڵێی چی؟ ئەم تەورە بۆچی ئەسووی.

سووره: خانم تۆ کارت نەبێ بۆچی ئەسووم و چیم پێگوتراوە.

عاسەخان بە قەشمەرییەوە بە دەوریدا هات و کیسەی بۆ پڕ لە تووتن کرد. ڕەمزی شەوی هەستاند و لە ڕووداو و سەفەری سوارە حاڵی بوو. عاسەخان [illegible] کەیفی شەوی

تەدارەک گرت. شەو داهات و سووره دەرکی قفلْ کرد و تەوره زەردی لە سەر کۆشی دانا و حکوومەت نیزامی ڕاگەیاند. لە چەقی بێلایە چوار مێردەکی دانیشت. شەو تاریکایی تێگەڕا و بە هێواشی لە درگایاندا. سووره زۆر بە تووڕەیی گوتی کێ بوو. دەنگێکی نەرم گوتی سوارەی سەفەریم.

سووره: فەرموو بەگم. خێر بێ زوو گەڕایەوە. کابرا لە ژێر لچەوە گوتی واهات. ڕۆیشتە ژوور. دوو چەتۆری پوولْ خستە کۆشی. گوتی سووره هەر کەس لە دەرکیدا و گوتی سوارەی سەفەریم هەروا بزانە دزە و درگای لێهەڵمەگره.

سووره: ئەمر فەرموو قوربان فەرمانی تۆ بەڕێوە براوه.

سواره هەر ئەو شەوە بەرەو مالْ گەڕاوە کەڵەباب خوێنی پارشێوان لە دەرکی خۆیانی دا. سووره گوتی کێیە. گوتی: سوارەی سەفەریم.

سووره: تۆ دزیت فریوم نادەیت سوارەی سەفەری هەر نوێژی خەوتن گەڕاوەتەوە و لە ناو جێوبانی خۆیدا خەوتووه.

سواره لە هەنگامە تێگەیشت. گوتی بیکەوە ڕۆژەڕەش من سوارەی سەفەری ڕاستیم ئەویتر دزبووه.

سووره: فریوم نادەی تۆ دزی غەریبەی زیاتر لە سەری بڕۆی بەو تەوره تازە دەمە زەردە جوابت ئەدرێتەوه.

سواره: من سوارەم سوارەی سەفەری حەسلم، ئەوەی چۆتە ژوور فێلْی لێکردووی ئەو دزە نەک من. من سوارەی ئاغاتم دەرگا هەلْگره و لێم بڕوانە.

بزانە خەمڕەوێنی تۆ چاوی ڕاستەمی جۆن هەلْکۆلْیوه بزانە بەجەرەی گازەرد و

گابۆران چ بەڵایەکت بۆ کریم. دەرگا وەکە و وەمناسە. ئەگەر بۆ خۆت نەتگوت ئۆباڵ بە ئەستۆم هەوی تەورە زەردم لێ خوێناوی کە.

سووره دەرگای لێکردەوە و زۆری تێهەڵڕوانی گوتی: بەڕاستی خۆتی ئۆباڵ بە ئەستۆم ئەوی‌تر فێڵی لێکردووم، خۆت نەبووی. تۆ خۆتی نەکابرای هەوەڵی شەو. ڕوخسەتم‌دە بابڕۆم تەورێکی لێ‌تاقی وەکەم بۆ باپیرەی بکەمە قوربانی.

سواره چەق‌وچۆی ڕوودا و هەڵی دەچۆقاند. تسۆ مەڕۆ خۆم دەچم بەو خەنجەرە شالاوی دەبەمە سەر. ئەگەر دەرۆستی نەهاتم تۆ لێرە چیت لە دەس هات بیکە. قارەمانی لە تۆ و ئەنعام و خەڵاتیش لەمن.

سووره: ئاغام بێ‌خەم بە و تەوری من گورچووی پۆڵا دەبڕێت.

سواره بەرەو هۆدەی عاسەخان ڕۆیشت دەرکا قفڵ بوو تا دەرگای شکاند کابرای دز لە پەنجەرەوە فرکەی بۆ کرد. دەستەوخەنجەر بەرەو دەرگای حەوشە کەوتە سەری دەنگی سوورەیدا و سووره تەوری هەڵسووڕاند. ساحەب ماڵ وەبەر هات و دز ڕای کرد. تەور کاری خۆی کرد و سەری سوارەی پلیشاند. سووره دەستی بە لەخۆدان کرد و باوکەڕۆی گەیاندە کووچە و کۆڵان. عاسەخان و کەسکە کاری خۆیان کرد. شان و باڵی سوورەیان شەتەکدا و هەروەکوو قاتلێک ناساندیان. کارەسات بە قازانجی دز و مەرگی خاوەن ماڵ تەواو کرا. میرەماڵ کوێرەوەبوو. هەراڵی سامانی سوارەی هەڕاج کرد و سەری وەبەر تەوری نەزانان دا و بۆ هەتاهەتایە ناوی لە ناو مێژوودا کردە مەتەڵۆکە.

پۆڕ و هەڵۆ[1]

پێشەکی پۆڕ و هەڵۆ

بەرەبەیانە و سوێگەکان بەرەبەرە بڕەیان تێدەگەڕێ. پەنجەی زێوینی سرووشت دەیەوێ پەردەی ڕەشی شەوەزەنگ بدڕێنێ. ئەستێرەگەشەی بەرەبەیان لە سەر ئەستۆی بەرەزایان ئەستی وەدەر دەخا و بە مەرگی شەوگاران پێدەکەنێ. شەوپەڕی خاسەکەو و فرەی پۆڕان کۆچی شەو بەرێ دەکەن و خەواڵووان ڕادەپەڕێنن. بە هەوای نەرمی بەربەیان گوڵان خۆ لێک دەدەن و بەرۆکان دەترازێنن، دڵان دەخرۆشێنن.

پەپوولەی باڵ زێڕین بەرەو بەهەشتی گوڵزاران بەباڵ دەکەوێ و لە سەر ڕوومەتی خۆنچەدەمان بەڕوودا دێن. شەوبای شەوی لاموچان هێدی هێدی بەرەو لێرەوار و کەپرۆکەی پۆشین بەڕێ دەکەوێ و بسک و کەزیان دەبزێوێ و بەرۆکان دەکاتەوە و ئەوینیان تێدەڕژێنێ. خاسەکابان و شێرەژنی داوێن پاک دەستان لە سەر ئەستۆی خۆشەویستان لادەبەن و لیباسی نازی شەو فڕێ دەدەن و هەڵکێشی گورجی ڕۆژانی هەڵسووران هەڵدەکێشن و ئارام ئارام بەرەو کانی زوڵاڵ و ئەستێری ڕاوەستاو وەڕێ دەکەون.

دەست و ڕوومەتان دەشۆن و پەرچەمان دادێنن. دەس نوێژان دەگرن و لە سەر تاتە بەردان دەپاڕێنەوە و سەری بەندەیی بۆ خودای بەندەنەواز، بەرەو

---

[1] ئەم چیرۆکە لە [illegible] نەبوو. لە دواییدا وەدەس کەوتووە و وەسەری خراوە.

زەوی نەوی دەکەن. چادانان لە چاوگەی زولاڵ پڕ دەکەن و بە تەردەستی بەرەو تاوڵ و کەپران دەگەڕێنەوە.

گری بەرانەی ئەستۆی گاگێران دەکەنەوە و بەرەو لەوەڕگە و بژوێنان بەرێیان دەکەن. دەیانەوێ تەدارەکی ڕۆژی نوێ، نوێتر بگرن و مزڵ و قۆناغان بە ئەوین داڕێژن. بەرەبەیان خڕەکە دەبێ و پێدەگرێ و زیاتر پێدەکەنێ کێوەکان عەبای ڕەشی داوێن پیسی فڕێ دەدەن و کڵاوی زێڕین لە سەر دەنێن. دیمەنی سروشت بایباڵی خۆی دەدا و خۆی دەنوێنێ. هەموو دڵێک وەکوو دڵێک دەبنە دڵداری هەتاو و هەموو چاو وەکوو چاوێک بەرەو چیا هەڵدەبڕێن، لە شاخ و کەڵەک و زەرد و بەردان دەڕوانن و لە ڕووداوان دەترسن.

کێو و کەژ هەرچەن شین و گەش و بە دیمەن و دڵڕفێنن بەڵام چڕۆژان بەبێ ڕووداوی تاڵ و چەق و تەفی پڕ لە ئازار سەرنانێنەوە و کەم و زۆر زۆربەی ڕۆژان دەستی پەلامار و دەوەنە ئاشی لێدەوەشێت. ئەو ڕۆکەش هەروەک ڕۆژانی بەرووتر کرێوەی پەڕوپۆیەک رایەڵ و پۆی کرێکار و دەشتەوانان دەشەمزێنێ و سەرنجیان بەرەو مەرگی گیان لەبەرێک ڕادەکێشێ. پەڕوپۆی پەڕێکی پەرزێرین پۆڕێکی ئەسیر لە ژێر چڕنووکی هەڵۆیەکی خوێنڕێژ و بێ بەزەییدا بە بادەبێ و هەڵدەوەرێ و ماڵاوایی لە ژین دەخوازێ.

«پۆڕ و هەڵۆ»

پۆڕ باڵدارێکی بە باڵ و داو و دەلینگ زێڕینە، بە لەنجەولار و خوێن‌شیرینە خان و مان و پەڕنەخشینە، گەردن‌کێل و دەنووک گرد و چەتر هەنگێوە، خەڵکی مێشەڵان و جێگای زەمەنەد و چوغورە، لەخۆ شارۆکێنەدا کەم وێنەیە، بە ڕەشەڕاو بۆ ڕاوچی ڕەداو ناکەوێت، مەگەر لە کەوی و کلکەدەراوان سپیەی بۆ هەڵبەستی دەنا پێی ناوەستی. پۆڕ جوانترین مەلی بێشەزار، بێزەڕ و گەڕ و ئازارە، گۆشتی پشتی بەتام و چێژە، مێشکی، کۆڵ و گێزە. لە ڕۆژانی هەور و هەڵاو و بە سێبەردا زۆر بە کەمی وەبەر چاو دێت. بەڵام، لە ڕۆژانی ساو و هەتاو، بۆ زۆربەی چاوان بەرچاوە، هەر بۆیەشە، هۆزی پۆڕان، لەترسی ڕاوکەری مەحاڵ، لەگەڵ هەتاو نابنە هاوسێ، نابنە هاومالّ. لە جێ‌هەتاوان ناگەڕێن، لە سێبەرگایان دەنیشن، دەلەوەڕێن.

ڕۆژێکی بەژان:

ڕۆژێک لە ڕۆژانی بەژان، پۆڕێکی جوان، ڕێک و پێک و بەباڵ و باو، هەوای کوێستان لە سەری دا، بە داو و ناو، لە قیرەی بۆقان وەڕەز بوو، قیژەی قەلی پێ ناحەز بوو، فڕی لە مێشان هاتە دەر، ئۆغر خێر بێ بەرەو سەفەر. بەرەو چیای بەخێر و بێر، هۆبە و هەواری ژین و مێر. ڕووخۆش، دڵخۆش. بەڕەنگ و ڕوو، فڕیە سەر کەنک و شاخان، هەڵوەرێنێ دەرد و داخان، خۆیدا بەر ئاوێنەی هەتاو، خۆی پێ جوان بوو، بێ چاووڕاو، هێند بە جوانی لە خۆی ڕوانی، چاو هەنگاوتی، شەقژنێ لە پڕ بزاوتی. چاوەزار بوو، بۆی ڕێکەوت، تیری نەدیدەی وێکەوت، لەخم خۆرکی مەرگ کەوت، بوو بە نەچیری، ڕاوچی پیر، شا هەڵۆی تەلان و مەلگیر، هەڵۆ بردی وای داهاتی، دەستی نەچاتی نەگاتی.

پۆڕ و پەلەقاژەی نەجات:

پەری پۆپەزێڕینی هۆزی پۆڕان هاتە دۆڕان، کەوتە پاڕانەوان بە زمانێکی نیوە زمان، وتی لالە هەڵۆ ئەمان، من پۆڕێکی ناو شێوەردم مەلەکەی زێڕینی هەردم. هاوسێیەکی منالّ وردم، نەرم و شلێکی کەم خوێنم شێخی دەم ئاو و بەستێنم، پاک داوێنم، بۆ عەمری درێژت خێرە، لە خواردنم خۆ ببوێرە، لێم گەڕێ با وەگەڕێم، فرێکی‌تریش هەڵفرم تا منالّم پێدەگرن، خڕەکە دەبسن لە بن پەرچان دێنە دەر و پێ دەگرن و فێر دەبن، دەبسن بە پۆڕ و خۆ بەخێو دەکەن.

میرم، ئەی بەرزەفڕ، میر بە بێ ئازار بە، لە ئازار و بازای بێ‌هێزان شکێ بکە، ئەی لالە هەڵۆ، ئەی پەڕکووڕ، ئەی بە وتەی نووسەران ڕووسوور. ئەو هەلەش دواقانم دە. با وەگەڕێم، با لە گەڕ و گزەی برێک نووسەری نانی نانیدا سەردانەنێم. ئەی لالە هەڵۆ، نووسەران منیان هێنا سەران و سەریان پێدانام. نووسەران، ئەتۆیان بە جیهانی خاس‌ناسان، کردیانی بە میر و هاتیە ناو باسان، حوڕای شەڕەفیان بۆ کێشای، ڕەنگی فریشتەیان لێدای. بە شێعری خوڕ چاویان شردی، ئاوزەنگیان بۆ داگرتی، عەبای غەوسیان لە بەر کردی، لە سەرووی هەوران جێیان کردی. مێزەری شەڕەفیان، لە سەر دانای، هەوتا کرای، ڕەگەڵ خاسان خرای، بوویە خۆش‌نێو، بوویە میری تەلان و کێو، قەلیان گول کرد، تۆیان زل کرد، وەها بەتام بۆنیان کردی، سرک و سڵیان بۆ ڕام کردی، دەمیان مەلی بەڵەکەی [illegible] [illegible] و [illegible] بەرزایی نزماییان

جێ‌هێشت، سزای نەزانیمان چێشت، بە وتەی نووسەری بێ‌چێژ، بووینە گێژ. بووینە میوانی شای خوێن‌ڕێژ، کێ بەرەو زاڵم و زاڵی ڕابوو، کەوڵ و پێستیشی وەها بەربا بوو، با نەزانێ بەرەو کوێ چوو، وەک چووان، لاچووە، هەرچوو، هەر چوو، تۆ بڵێی دووکەڵی ئاراوبازام، مەرگ، زارۆکی لەڕوو، ناناکام. ڕیشی کام نووسەرێ، بسووتێنێ؟ تا لەمەولاوە، بە دەستی زاڵ چی دی نەڕژێ، لەچیا خوێنی ئاڵ.

پیرە هەڵۆ:

شا هەڵۆی هەڵەت و چڕ، کۆنە ڕاوچی بە چنگ و دڕ، هەستری دەمی پیسی، قاقای کێشا، خوڕی وەڕی، وتی ئەی نەرمۆڵە، ئەی خۆشترین بابۆڵە، تۆی ساویلکە بیرت شاشە، کە ماوی، تێبگەی باشە. بۆ بەرەی ئێمەی پاشا، گزیر، دارۆخە بەرێزن، بۆمە باڵن، گیانی هێزن، قەشە و مالمیش بە کەڵکن، سەرەی خەڵکن، شێخ و خەلیفە زەروورن، بۆ زاڵمان، مەکۆی نوورن، جێ‌باوەڕی هەر سنوورن. پاشای بێ نووسەر مەحاڵە، ئەگەر هەشبێ ژینی تاڵە، شاعیر تێر کە و دوژمن کوێر کە، بۆ شێخ تەلارێ هەڵبەستە، چاوی هەژاری پێ بەستە، بۆ نووسەران پووڵ هەڵڕێژە، هیچ مەبێژە، لە هەرلا ڕاوت بۆ دەکەن، خاوەن خێر و ناوت دەکەن، ئەوانە پێمان هەڵنەڵێن، بۆمان نەڵێن، هەڵەمان بۆ دانەپۆشن، شیری گەشمان بۆ نەدۆشن، بە شێعری گەش نەماندێرن ساویلکانمان بۆ نەنێرن، ئێمە داوەڵی بێ باوین، گێلین، خاوین، چووکین، پووکین، بەچنماوین، [illegible] شەندە

و مەندە تێدەکۆشن، بەزمان، بە بەلاش، دەفرۆشن. ئەی پۆڕۆکەی گۆشتنۆکە، ڕێ لێ گۆڕاو، خوێن لێ چۆڕاو، چڕاو، بە تەنێ ناکرێن، بێ خێڵ پۆڕۆکە ناخورێن، لە سەر ئەو زەوینە جوانە، کێت پێ چووکە کێت پێ خانە، تا نووسەران پێی هەڵنەڵێن، شاعیران شێعری بۆ نەڵێن، شێخ و مالم، گەورەی نەکەن درۆی بە دەورەی بۆ نەکەن، نابێتە خان نابێتە میر، نابێتە شا هەڵۆی مەلگیر.

بەسەرهاتی خولە و پیزە

پێشەکی:

لە زەمانی بەرووتـردا، نە هێشـتا کە لە زووتـردا، ژیـان ئـاوا بە ژان نەبـوو، خەڵکی ئەودەم بزان نەبوو، دەمار هێندە فڕی نەبوو، خانوو گشتی قوڕینە بـوو، تەنوور و کورسی باوی بوو، حەسیر و کەڕکە ناوی بـوو، گـاڵ و هەرزن کەم و زۆری، ترخێنە ببووە پێخۆری، دۆکەشک و دۆیێ کە هەبا، دەبوو بێـژی سـەد مەرحەبا، بەو حاڵەش خەڵکی برا بوون، لە دەور یەک وەک چرا بوون، بێ‌فێـڵ و فووت و هەڵە بوون، وەک بێستانی بێ‌کەڵە بوون، لە مزگەوت و لە دیوانـان، بۆخۆ یا نە بۆ میوانان، شەوچەلەی شەو دەرمانێ خەو بۆ ئەم، بۆ ئەو، نەزیلە و قام و بەستە بوون، هۆرە و لۆرەی بە بەستە بوون، گەڕەلاوژ هەر جۆرە بوو، بە نۆرە بوو، مەجریس بێ‌سۆرە و تۆرە بوو، زۆر هەبوون لە پیرەپیاوان، لە نەنـاس و لە ناسراوان، زانا و پسپۆڕ و بەهۆش بوون، دەم و دەراو تەڕ و خـۆش بـوون، بـۆ داسـتانان دانەدەمـان، زوربەی شـەوان زۆربەی دەمـان، لەبەر ئـاور و گوێ‌تەندووران، لە سوێ بان و دەر و ژووران، حیکایەتیان دادەبەستن، بەسـتە و بەندیان هەڵدەبەستن، لە مەجریساندا دیار بوون، زۆر مەند و ماقووڵ‌گوفتـار بوون، ناویان نرابوو شوعەرا، بۆ شەوی ڕەش وەک چۆڵەچرا، خەڵکیان لە دەورە دەهالا، زل و زرتە و کورتەبالا، تا شـەوگاریان پـێ‌ڕادەبـرد، مـات و بێ‌دەنـگ گوێیان دەگرت [illegible] حیکایەتـان، بـۆ

هەڵبەست و بەیت و باوان، بۆ شەڕەفڕ بۆ لاتاوان، بۆ فیشاڵ و چاووڕاوان کرێوە بوو، شۆعەرای ئەو نێوە نێوە بوو، ئای چ زانـا و هەنگێـوە بـوو. لە جـانی بنـی جانەوە، جندۆکەی وِا بە پانەوە، نەبینرابوو لە مەڵبەندان، وەک ئەو بێژێ قام و بەنـدان، چـی گوتبـایە نەیـدەگوتەوە، دەنگـی دەتگـوت قاقـای کەوە، چـۆنی دەنووسـم وای دەگـوت، مـام سـابیر باشـقە شـۆعەرا بـوو، بە ڕەحـمەت بـێ شوعەرای چا بوو، دەیگوت چەند ساڵێ لەمەوبەر، مناڵێ بووم بێ‌کەس، بێ‌دەر، شوانە گاگەلی مامەم بوو، مناڵ، تەنیا و بێ‌هاودەم بووم، هەچەند زۆر تێر و پڕ نەبـووم، مەچەک‌ئەسـتوور، بە گـوڕ نەبـووم، بەڵام قۆشـمە و ژیـکەڵە بـووم، کورتەبالا، خرکەڵە بووم، دەنگ‌خۆش و ڕەزاشیرین بووم، ئەودەم لە نـاو ژانـی ژین بووم. بەڵام خاوەن دەم و ژیر بووم، سابیر بووم نەک مام‌سابیر بووم.

زمانی هێن پاراو بوو، چی تیتاڵ و بەیت و باو بوو، لەوڕابوو بۆمان بەجێما، لەو مەمنوونە بەرەی ئێمە، لەوڕا یەکێ بەیت‌بێژە، خۆش‌بێژە یا حـۆل و گێـژە. سەد ڕەحمەت برژێتە گۆڕی، بەزەی خوا بێ چاوەنۆڕی.

بەسەرهاتی خولە و پیزە[1]

شەوێک بە شەوی زستانێ. لە گوندی کۆنە لاجانێ، لە ماڵێکی تەڕ و بڕدا، لە هەیوانێکی قـاقڕدا، چـۆڵەچرا فتـیلە بـوو، تەپـاڵە دەسـتەچیلە بـوو، ڕاخەر حەسـیری کـوردی بـوو، گـرێچن ڕەق وەک بەردی بـوو، مـام سـابیرمان بە

---

[1] ئەم چیرۆکە [illegible] بە نیوی عەزیزی عەزیزنژاد بۆ گۆڤاری سروە ناردراوە و لە سروەی ١٥٧دا بڵاو کراوەتەوە.

گیرهانی، دەورەمان دا تا بەیانی، ئەو شەو هەتا هەموو نوستین، بەیت و باوی بۆ ڕێک خستین. بەیتی خوله و پیزه شێتی، خەڵکی ئاوایی «شەروێتی، وای گێڕاوه ئەو ڕووداوه، هەر دەڵێی ئەوڕۆ ڕووی داوه، خوله و پیزه ئاواره بوون، له شەروێتی شوانکاره بوون، پەنابەر و کارەکەر بوون، ژن و مێردێکی هاوسەر بوون، خوله شوان بوو پیزه کابان، له دەس پیزه ئامان ئامان، خوله هێدی و لەسەرخۆ بوو، پیزه بۆ شەڕ وەک هەڵۆ بوو، خوله ئامال کەیخوا بوو، هەر جۆر بڵێی باشه، وابوو، سەرناس و گۆچان چەور بوو، له غیرەتا وەک بەور بوو، مەردار هەموو خۆشی دەویست، به دڵ و به گیان دەیانەویست، بەڵام پیزه چل وول بوو، لاقباریک و گەدەزل بوو، چەنەوێژ، خولێرکاوی، گەڕۆل، بەیچەل، دەلال، خۆ به زلزان، خوێنتاڵ، ناحەز و لێنەزان، چاوشین، بەقین، خوار و لاپان، له خولەی هەژار ببووه سندان، سەد ناوناتکەی لێدەنان، خولەگێژه و حۆله و ملپان، بانگی دەکرد، سەدان بەهانەی پێدەگرت، جاری بۆ نان و بۆ پێخۆر جاری بۆ کراسی چیتی مۆر، جاری بۆ کل، بۆ تاسکڵاوی سوور و زل، جاری بۆ بازن و بەرموور، جاری بۆ مورووی شین و سوور، جاری بۆ کەوشی یەمەنی، جاری بۆ لەچکەی چەمەنی، چی بۆ کڕیبا، خولەی هەژار، عەیبێکی لێدەکردەبار، کراس با دەیگوت: بێسەنگە، کەوش با دەیگوت، پێتەنگە، یان هەراوەیان تا سەنگه. هەر پێی دەگوت خولەگوله چی بۆم دەکری شل و وله، یان چەقره یان گوڵێ کاڵه، یا بەرتەسک و شل و شاڵه، یا چرچ و لۆچ و بەرتەسکه، یان بێ گوڵی سەوز و کەسکه، یا چرچ و لۆچ و بەرخواره، یا ژاکاوی بن عەنبار، گێژ و حاڵ بەسەردا نەزانی بووه کێوی دایم

شوانی، حەیفە من کابانی تۆ بم، هەتا مردن ڕەنجەڕۆ بم، تۆ تێناگەی چەندە ماندووم، بڕوانە کۆما و ئاوردووم، تەندوور و کوڵان و کەندووم، کاسە و دیلەگلێنە، دیزە و گۆزەی بە بێوێنە، قەتاری کەلارەی بە پشت، گەورە و چووکە ورد و درشت، تێر و جەواڵ، گوریس، کەژوو، خۆری خوڵە و بەن دروو، ڕیس، تێر و خورج و هەگبەی دووبەر، سوێنەی قووڵ و پەل و بێسەر، دەس‌گرە و ڕفێدەی نانی، تەشتی شیوی ئاووکانی. چی لەو ماڵەدا بەرچاوە هەمووی بەو دەستە سازاوە، جا تۆش پیاوی ناو پیاوانی، حوڵەکەی قەدرم دەزانی، بە ملی شکاو دەچییە شاری، دەڵێی سۆغرەی بن بێگاری، ئەوەی دەیکڕی بێکەڵکە، کاری تو کەی وەکوو خەڵکە، ئەو کراسەی بۆ منت هێنا، کەی خامەک بوو کەڕکە کوێنە، هێشتا دووجار نەشۆراوە، کاڵ بۆتەوە و بێ گوڵ ماوە. کەوشەکانم گێڕ و لارن، پڕ لە تانە و عەیب و عارن، لە ناو ژنانی ئاوایی، نە ڕێزم ماوە نە بایی، خولەگێژ، ئەی حوڵەی نەزان، بۆ تێناگەی کە جلکی جوان، دڵی بە خەم پاراو دەکا، ژنی بێناو بە ناو دەکا، ئەتۆ شوانی بوویە کێوی، بە ڕبەی شوانی کەس ناپێوی، من ژنم لە ناو ئاواییم، حازری سەرشین و شاییم، جلکم دەبێ زەرد و سوور بێ، لە تانە و تەشەران دوور بێ، لێرە بەولا خولەگێژ، دەم پەڵوولە، چڵکن بێنوێژ، نابێ تۆ بڕۆیە شاری، جل نەناس و کۆڵەواری بۆ خۆم دەچم بۆ شت کرین، بۆ خرید و لیباس برین، وردە حاجەتی نێو ماڵێ، بەشی هەتا سەری ساڵێ، بە حازر یا قەرزداری، دەیانکرم بە یەکجاری، ئەو دەم باش تێدەگەی میرم، تۆ چەن گێل و من چەن ژیرم. [illegible] بێ[illegible]، [illegible] بێ من چ [illegible]، مەفرۆشە، بە

دارئالای چاکەسواری، بێ مـن ئەو ســاڵ بچیــیه شــاری، وات دەهـاڕم وەکـوو خۆڵی، دەتکەمە کەپجاڕی دۆڵی!

خوله پیاوێکی وریایه، بەش بە حاڵی خۆی زانـایه. بەهـانەی نەدا بە پیـزە، نەوەک دەس داته نەقیزە، خەڵکیان بێته سەران سوییه بلێین خەڵکیـنه شـەڕ نوییه، وەرنه سەیری فرهاوێژان، شەڕی پیزه و خوله گێژان! خوله دێژێ پیـزه چاوم، هێزی ژین و هێز و باوم، خۆت دەزانی قسەی ناوێ، بێ‌تۆ تـاوێ ژیـنم ناوێ، چیت پێ‌خاســه هەر ئەو خاســە، چیـت گەرەکه خـۆت بناســە، مـن له بڕیارت دەرناچم، چی تۆ نەیێژی بۆی ناچم، پیزە خۆت ئاغا و کوێخا بە چۆنت بۆ دەڕوا هەروا بە. هەر ئەو پائیزی داهاتوو، چ پارەی کۆن، چ داهاتوو، چیمان هەبوو با بە تۆ بێ، بێنه و بەرەی شار و بەره نـۆبەی تـۆ بـێ، نـۆبەت بـێ بـۆ شاروبەران، چیت پێ باشه هەرزان، گران، بیکڕه بۆ خۆت دەبەری‌کە، بە خۆی داده لەسەری کە، لەچکی تەنک دەسماڵی شین.

پشتێندی شل، کراسی چین، دادڕه مردم، حەریری سوور، گرێی بە گـوڵ، کەوشی ڕووسوور، وەسمه بۆ چاو، کرێمی لێو، شـانەی نـوقره بەنـدۆکی زێـو، گوارەی ئاڵتوون قۆڵبەندی قۆڵ، قۆندەره دەمپایه یـا سـۆل، چـی زینەتە بـۆ کابانان، بۆ هەڵپەڕکێ بۆ شایی و شین بۆ دیوانان، بۆری مەڕان بـۆ پسێ‌گەڕان، بۆ سەیرانان. من پێم‌خۆشه هەمووی بکڕی، بەهانەی ناحەزی ببڕی، تۆ لە ژنی خانان جوان‌تری، ئەگەر خۆت خاوێن ڕاگری، ئەوددەمەی جوانـت دەبیـنم، لام وایه خوسرەو شیرینم، من شوانم بەرگم بۆ چییه، بەشی شوانان هەر شوانی‌یه، هەر تۆ جوان بی، من ڕووسوورم، لە زۆربەی خەفەتان دوورم.

خولە، پیزەی فریو داوە، ئەوەی گوتی چاو و ڕاوە، پیـزە شـێت لای وابـوو ڕاستە، ڕاستەوە بوو، هاتە ڕاستە، بوو بە ژنێکی هێدی و هێمن، حەیـا بە خـۆ ئارام شەرمن، ئەوەی خولە بۆی هەڵدابوون، کـل و کلتـوور عەتـر و سـابوون، کراسی گوڵ لە سەر کەوشان، چـارۆکەی سـووری شـانە و شـان، لای وابـوو گشتی کڕیون، بێخەم بە بەژنی بڕیون. بـووە شۆڕەژنی تەڕپـۆش، لە خۆشـیدا خـۆش و سـەرخۆش، تەڕ و تـۆڵ دەم بە پێکەنـین، بە خەیـاڵ گیـان و دڵ خەنین، نەیزانی خولە لاهێڵە، خۆشی ناوێ، لێی لە فـێڵە، زۆر پێنەچـو پـائیز داهات. خولە پارەی شوانی وەرگرت. پیزەشێت گوردی خۆی لـێ گـرت، لابـڕ لێی دا دوو بەشی برد.

لە تەنگەی باخەڵی هاویت، لە خۆشیان دوو بازی هاویت، پیزە گوتی خولە حۆلە، بێدەست و پل دەم پەڵوولە، هەر ئەوڕۆکە حازر دەبم، بەیانی بەرەو شار دەبم، لیباسی خۆت بکرە تەیار، سەراپا تۆش خۆت بگۆڕە، ماڵ بۆ گیانە گیـان بۆ گۆڕە، مرۆ بە لیباسی بەرچاوە، ڕووتی گولییە بێناوە، خولە خۆشـی لە دڵ گەڕا، بە دڵ لەو ڕۆژە دەگەڕا، خولە بە دڵ بڕیاری دا، لە نێوەراسـتی شـاریدا، داوێکی وەهای بۆ دەچنم، قیرەی دەبڕم مـۆخی دەچـنم، جـارێکیتر بە یەک جاری، لە سەر دەرکا بیری شاری، بەربەیـان گزینگـی دابـوو، پیـزە خـۆی دە دەسک نابوو، خولەی مێردی لە خەو هەسـتان، وتـی هەسـتە دەستەوسـتان، درەنگە ناگەینە شاری، هەوا تاڵە، ها کە باری، مـاڵی حـاجی سـبەی شـەوێ، دیلانیانە بووکیان دەوێ، با لیباسمان فریا کەوێ، خۆ بـوێنین ئـێمەش لەوێ، کێ لەوێیە [illegible] دەڵێ پیزەخانم،

قەزات گرم من حازرم بە دڵ و گیانم، فەرموو کەرەشین بێنەدەر، خۆی باوێ سەر، مەترسە ڕێگە زۆر ڕاسە، دەڵێی تەختی شاعەباسە، کەری شوانە بێسەرسمە، ڕێگەناسە.

خولە و پیزە وەدەرکەوتن، بەرەو شاری وەڕێ کەوتن، خولە بە تووڵی ڕێگایە، دەڕاوێنێ نیازی وایە، داوێ دانێ بۆ خێزانی، نەجاتی بێ لە دەستانی بەڕەڵای کا لە نێو شاری، نەجاتی بێ بە یەک جاری. خولە لە فکران ڕۆچووبوو، بۆ هەر فێڵ و فووتێ چووبوو، پێی خۆش نەبوو بیفەوتێنێ، ویستی کەمێ بیترسێنێ حاڵی بکا، تێی‌گەیەنێ، کە ژن پیزە، بۆ کاری شار نابێ ، کار و باری بۆ بار نابێ، داوێنی خۆی لێ دوژمنە، پاڵەوانیش بێ هەر ژنە، خولە و کەرە، خانمە پیزە، گەینە شاری بێ‌نەقیزە، چوونە خانێکی بەربڵاو، تەڕ و بڕ، بۆگەن و بێ‌ئاو، کەرەشینیان بردە ژووری. تفاقیان بۆ کردە تووری، خولە و پیزە وەدەرکەوتن. بەرەو چەقەی چەقەبازاڕ وەسەر کەوتن، بە تاو، بە غار، پیزە شاری هەر نەدیبوو، شار بۆ ئەو نەدیوبدی بوو، هەراج هەڕاجی دەس‌گێڕان، هەرا و هوریای شەربەت‌گێڕان، پاڵ و بەستەی ڕێگە و بانان، فەرموو فەرمووی کەباب‌خانان، بەرقی گەشی سەرپەنجەران، زرپ و زۆپی بێتە و بەران، کووچەی تەنگ و قەرەباڵغ، پیرەپیاو، مناڵ و نابالغ، پیزەیان عەبەساندووە، زەین و هۆشیان بەزاندووە، لێرە و لەوێیان دەڕوانی، خەڵک بە شێتی دەزانی، هێندە ڕوانی تا هەڵکەوت، لەپڕ لە قاناوێ کەوت، کەوتە ناو فازڵاوێکی، نەهاتەدەر تا تاوێکی، هاتەدەرێ تەڕ و تلیس، بۆگەن، دزێو و پاشڵپیس، هەموو گیان بۆگەن و تەڕ و [illegible] دەرێنا،

خولەی بە جنێوان ڕەپێنا، خولە ئاوری لێدایەوە، عیفریتێکە بە دوایـیەوە، دەڵێی مۆتەی سەر دەراوە، خۆی لە قیلی هەڵکێشاوە، جنێو دەدا خراپ دەدوێ، ددان لە خولەی هەژار دەسوێ، شارستانێ هەر نەهێشتن، هەچی خراپە پێی بێژتن، خولە وتی پیزەشڕە، خەڵکی شارستانی دڕە، زمان ئەوەن درێژ مەکە، چی دیم جێگا پێ لێژ مەکە، خەڵکی شاری دەس‌بزێون، گوێیان لێبێ دەتهەنگێون، پیزە ئەوەن ڕق هەستاوە، بە جنێوی سووک داوەستاوە، دەستی کرد بە جنێودانێ، قیرەی گەیـیە خیابانێ، ئەوبەرەوبەر شارستانی، پێیان‌زانی، خڕبوونەوە، چەپڵە و چەقە، چەپڵە لێدان و پێ‌تەقە، دەوری پیزەیان تەنیوە، سەیرێکی واکەس نەیدیوە، هەی شێت هەی شێت، دەنگی داوە. خیابان بوو بە ئاژاوە، لەبەر پاڵ و پەستەی کوڕان، خولە و پیزە لێک‌هەڵبڕان، پیزەیان لە خولەی هەڵبڕی، پێی‌نەزانی جیبیان بڕی، پووڵێکی هەبوو کەم و زۆر، لێیان دزی نەناس و بۆر، پیزەی هەژار تەڕ و تلیس، لێی وەخڕ بوون نەزان و سیس، کووچە و کۆڵانی پێ‌دەکەن، هەزاران ئۆپی لێ‌دەکەن، پیزە دەگری و جنێو دەدا، ڕێگەی بدەن ڕەکێو دەدا، خەڵک زۆرە وەک لێشاوێ، ڕێگەی نییە بازێ باوێ، پۆلیس هاتن تێلا بەدەس، خەڵکیان بڵاو کرد دەم و دەس، پیزەیان بردە شێتخانە، گوتیان شێتە هیچ نەزانە، شێت لە شار دەبێ دەرکرێ، زیندان کرێ هەتا دەمرێ، پیزەیان بردە شێتخانێ، هەر دەیگوت پارەکەم کوانێ، هێندە گریا خۆی دادڕی، شێتەیان بە سەر دابڕی، بەرگی شێتانیان کردەبەر، لەگەڵ شێتان خرا یەکسەر، خولە لە پیزەی نەپرسی [illegible] شاری بۆ نەکرا،

چی بوو ڕۆیشت و ڕابرا، چی بە سەر هات کەس نەیبینی، گەڕاوە لای کەرەشینێ، کەرەشین خاوەن دەبینێ، لە خۆشیان بۆ دەزوورکێنێ پڕ بە زاری پڕ بە بینی، خولە لە ترسا دەمی دەگرێ، دەڵی شینە مردووت مرێ، مەزورکێنە ئێرە شارە، پۆلیسی ئەو شارە هارە، ورتەت لێ بێ دەتکەن بە شێت، وەک پیزە شێت، دەتبەنە بەندی شێتخانان، تا دەتۆپی سەرت نادەن، لێت ناپرسن بەرت نادەن، کەرەشین ماڵی ئاوا بێ، کەری ئاقڵ دەبێ وابێ، لە ترسی پۆلیسی شاری، زەردەی نەهاتە سەر زاری، خولەی هاویشتە سەر پشتێ، یاڵڵا بەرەو گوندی دەشتێ، وەک بای شەماڵ کەوتە ڕێیە، زۆر پێنەچوو گەییە دێیە، خولە و شینە گەیینە ماڵێ، جا وەرن خەڵکی لێهاڵێ، خولە ڕووداوی گێڕاوە، پیزەی لە شار لە دەس‌داوە، خۆشی خۆشی کەوتە گوندێ، پیزەشێت خرایە بەندێ، خولە کەوتەوە دەس خۆمان، بۆ هەمیشە شوانە بۆمان، پیاوێکی زۆر پاک و ژیرە، سایەچەورە، پێبەشیرە، هەر ئەو شوانە خۆمان بێرین، خۆمان هاوسەری بۆ تێرین، خولەی دەکەینە خۆماڵی، کیژێ دەکەین بە حەلاڵی، پیزە لەوەش بەولاوە بێ، بێبەش لەو ناوە بێ، خولە چەن ڕۆژێ تەنیا بوو، بێئاخ و ئۆخ و بریا بوو، ڕۆژێ گوتیان خولەی هەژار، پیزە هاتۆتەوە لە شار، پیزە ئەو پیزە نەماوە، سپی سپی هەڵگەڕاوە، بە کوڵ دەگرێ و دەبارێنێ، هەر بە تووە دەڕاوێنێ، خێرا کە زووتر بیگەیە، وەیلاوێنە. ڕووی بدەیە، بزانە بەڵکوو ئاقڵ بووبێ، بەو ڕووداوە کامڵ بووبێ، خولە تەزووی کەوتە گیانی، ڕەش‌هەڵگەڕا بەربەیانی، دەست و پای هاتە لەرزینێ، چی بە سەر هات کەس نەیبینێ، ڕۆیەوە بۆ پیزە دێنێ، پیزە ئەو پیزە نەمابوو، ڕەق و

تەق هەر ئێسکی مابوو، لە فرمێسکا تێر و تۆخ بوو، خاوەنی سەد ئاخ و ئۆخ بوو، باوەشی لە خوله هەنگاوت، لەبەر پێیدا خۆی هەڵتاوت، وتی تۆبە خولەی هاوسەر، ئاغای گەورەم تاجی سەرسەر، لێرە بەولاوە هەتا سەر، تۆ گەورەی ئەمن کارەکەر، تۆ پسپۆڕ و ئەمن گێژم، بەڕاستیمە هەرچی دێژم، من بۆ شار و بەرە نابم، با هاوسەروشانی شا بم، لە هەر کوێ بی ئەمن لەوێ، بە دڵ دەڵێم هەر تۆم دەوێ. سوێندم بە هەزار قورحانێ، بە کاک ئەحمەدی سەرخانێ، لێرە بەو لاوە بێداوام. پیزە شەرتی هەتا سەر بوو، بۆ خولەی هەژار خێرودەر بوو، ببوو بە کابانێکی باش، بێدەنگ، بە بێسەدا هێواش، دەدوا لەگەڵ کۆڕی ژنان، وەک زانایان وەکوو ژنان، گوڵ لە لێوانی دەباری، نە شێتی مابوو نە هاری.

مەلاکەریم و گێژاوی شێعری نوێ

لە خەومدا پیر و لاکەوتە و کۆڵە کوتراو نەبووم. هەرەتم بوو، چ رەتم نەدەبردن. دەمودووم لە سێودوو نەکەوتبوو. هەتاوی سیلە چاو و، چاوەچاوم، لە چاو نەچووبوو. چووەم تازە دەهاتە ڕوو، ڕوومەتم بە عازەبیانەوە لە هەموو ڕووان گرەوەی دەبردەوە. بازۆڵەم هەموو بابۆڵێکی پێ بادەدرا. هەرەمەی هەتاوی تین و تاوم بوو. دەمتوانی وەسەر تیرەگ و کەلەبەندەنان کەوم. بەرانی کەلێن و نێری ڕەوەک دەداو بخەم. لە هۆبە و هەوار و لامووچان دەبووم. لەدەم بەستێنی و قەراغ زێیان گوێم هەڵدەخست، بەیت و باوی خەست و تیتاڵ و لاتاوی تراوم دەنووسی. بێ منەتی چاویلکە و قیچ و فیچی پلکەچاوان بە ڕەش و سپیمدا دەڕوانی. هەر لە دوورەوە قول و فلم بۆ هەڵداوێران. لە زاراوەی کوردی و فارسی و عەرەبی دا نسکۆم نەبوو. لە زمانی ئینگلیسی «گوودبای» و «بای بای» و هێندێک وردە ڕستەیتریش فێر ببووم. خەونێکی خۆش، خۆشی وا کەم هەڵدەکەوێ.

ڕاستە دەڵێن «کێو بە کێو ناگا، بەڵام ئادەمی وە ئادەمی دەکەوێ». لەو خەوەدا بوومە میوانی ماڵە مەرداڕێک، مەرداڕێکی ڕێک و پێک و زیندوو، ماڵێکی چوار کۆڵەکەی بە ماڵە سواخ دراو. تاقە و دەلاقە و سەر سندووقە کۆنەکانی لە کتێب و پەڕتووک و گۆواری کۆن و نوێ ئاخنراو. تێکەڵ و پێکەڵ و هەڵڕژاو. دڵی بەردە ڕەقیان بۆ دەبوو بە ئاو. خاوەن ماڵ ناوی مەلا

وەتمان بوو. پیاوێکی مزر و بەتام و مەلابەزێن بـوو. گـۆوارێکی ۱۱۶ــ ۱۱۵ی سروەی سەلاحەددینی بەدەستەوە بوو، جاروبار لێکی دەکردەوە و لێکی دەناوە و شـەق لە عەرزی دەکوتـا. هەناسـێکی بەدواداو هەڵدەکێشـا و فـوویەکی هاشەداریشی دەکردە سەربار و ئەو شـێعرەی مامۆسـتا هێمنـی ڕەحمەتیشـی زەمزەمە دەکرد:

«ئەو گوڵـەی باغی پێ‌دەڕازاوە

داخەکەم ئێستە هەڵپرووکاوە»

پاشان ملی بە لارەوە دەنا و دەیگوت: ئای مام هێمن ڕەحـمەت لە گـۆڕت گۆڕ هەڵتەکێنە. ئێسـتە ئەمـانە لە جـێگەی تـۆ سـروە دەنووسن، شـاعیران دەناسـێنن و لاوان ڕاسـتاوێژ دەکەن! هەیهـوو هەیهـوو! بە سـەد دەرزی گاسنێکیان تێ نابێ. لێرەدابوو دەبوو وە جواب بێم. لەو کۆگایە پووشکەیەک و لەو کاسە ماستە مـوویەک ڕاکێشـم و لە ئـاخ و تفـی مەلا وەتمـان کـێش و پێوێک وەدەست بێنم. گـوتم مامۆسـتا گیـان قەلـس و قـوڵی چیـت؟ لەچـی توورەیت و چیت لە دڵ داوە؟ مەلا گوتی: ئای کاکی مـیوان خۆزگەم بە خۆت، سەدبری بایە منـیش وەک تـۆ نەخوێنـدەوار و کەرە عەوام بوومـایە و نەیـامە مامەخەمە و خەمم لێ نەشێوابایە! گوتم: وانیە مامۆسـتا مـن کەرە عەوام نـیم، بەشی خۆم دەزانم. خوێندوومە. خیرۆکە سەوادێکی دێهاتیـانەم هەیە. دەمـی ورچ و گورگ دەبەستم. یاسینی گەورە و تەبارەکی چکۆلەم لەبەرە. چـۆن بە من دەڵێی کەرە عەوام! مەلا وەتمان باوەڕی بە جاوەڕاوم نەبوو. دەستی کێشـا

و سرووەی لێک کردەوە، ژماره ۱۱۶ــ ۱۱۵ لاپەڕەی چل. کاروانی شێعر. گوڵئەستێرەی سەرکاروانی لەبەر دەم دانام. گوتی: فەرموو کاکی میوان بۆم بەگژ ئەم ڕستە شێعرەدا بچۆ بزانم چیت لە بارانـدا هەیە و شاعیر لەم ڕستە شێعرەدا چی بۆ شاردووینەوە؟ ئەوەیە برام سروە نووسەکان گاڵتەمان پێدەکەن. چۆن بەخەم نەبم، چۆن بۆ مامە هێمن خۆم دەقوڕ نەگرم و چاو هەڵنەپاڵێوم؟بە زەردەوە گوتم: مەلا وەتمان گیان من و تۆ لەم جۆرە هەڵبەستانە ناتوانین مەبەستێک وەدۆزین. زۆربەی کاروانی شێعرەکانی ئەمڕۆکەی سروە، بەرەو زەوی بەڕێ ناکرێن، زۆربەیان مەلەکووتین، حاسمانین، ڕوو بە عالەمی مێتافیزیکی و ئەودیوی نەدیومان دەڕوانن. خاوەنی ئەم جۆرە هەڵبەستانە، بە هەڵە هەڵناکەون. بەستان بەبێ مەبەست دانابەستن. وەک من و تۆ لە حوجرە قوڕینەی تەڕوبڕ و قوڕنەی تاریک و تنۆکا دەرسیان وەرنەگرتووە. ئەوانە لە زانستگە و زانکۆی وەهادا ڕاهاتوون و چوختی کراون، کەرەسە و نوێن و بانیان بردۆتە سەرگەدەی مانگ و تەرازووکۆیان بە کۆما لە کۆ داون، زانست و دەسەڵاتیان گەیاندۆتە قەڵای نێپتۆن و پلۆتۆن. بە گای حاسمانی زەوی خەرمانەیان کێڵاوە و بە توور و کەلەم و گێزەر دایانچاندووە و مێکانیزەیان کردووە! «نان دەشۆرباوی شینی حاسمان دەگوشن! سەرهەڵێنە، چاوەکانت بۆنی تروسکەی شینی حاسمان دەدەن! هەر مەبەست ئەو سەرکەوتنەیە!» شاعیری نوێ دەبێ نوێبێژ بێ و دەگژ نەبێژراوان ڕۆچێ. بووره و بەیاری ڕەقەنی وڵاتی مەلایکەتان بە تراکتۆری حاسمانی و گاسنی نووک

تیژی تیشکی ڕۆژ بە شێوەرد ببڕێ و وەردی بداتەوە و بەرهەمی بەستە و پەخشان و ئازووقەی وتاریان لێ وەربگرێ! مامۆستا مەلا وەتمان! ئەمجۆرە هەڵبەستانە لاوەکین، ئاوەکین و ڕوویان لە ماڵی تۆ، یانی وڵاتی کوردان کردووە، هەر بە لاوەکیان بزانە، نە ئاوڕیان لێدەوە نە لێشیان بڕوانە! (شتر دیدی، ندیدی!)

مەلا وەتمان جگەرەیەکی داگیرساند. بزەیەکی تێگەڕا، گەرووی بۆ کلۆر کرد و گوتی: برام بەڕاستی باشی بۆ چووی. ڕەنگە سەوادت زۆر کەم بێ. بەڵام گژمێک بۆچوونی باش. باتمانێک سەوادی بێ کەوش و کڵاش دێنێ. لێکدانەوەکەت ئەوندە ڕێک و پێک و جوان و بەجێیە، بۆ ئەوە دەبێ بۆ «سروە نووسەکان» بنووسی: برای چاک بن، ئێمەی کوردستانی هێشتا دەستمان بە ئێوەی زەوی ڕانەگەیشتووە، بە زمانی حاسمانی‌یەکان دەگەڵمان مەدوێن، با لە خۆمان توورە نەبین و سروەشمان لێ نەبێزرێ! لەو دەمەدا لەخەو ڕاپەڕیم. بەداخەوە نە وەتمان مابوو نە باتمان!

بەسەرهاتی نێچیروانێکی پیر[1]

وێنەی ڕۆژێک ژیان لە ژیانی هەموو لادێیەک

مانگی خەرمانانی پەنجا و یەکی هەتاوییە. باوی ئاغایەتی گەرما و هەتاوی تاوێنەر، ئاشی زەوینی لە سەر بستەی ئاگرین ئەسووڕان، ئاجوول و باجوولەکانی قوونەزای گەرما بەرەو چاو هەڵئەبەزین و سامیان لە سەما ئەباران، باڵدارە تووکنەکانی چیاویست لە بن ڕەوەزی سێبەردا بە دژی هێرش و هەڕەشەی هەتاو، باڵیان کردبوو بە پەڕەشووتێکی نیوە هەڵدڕاو.

کەشە هەورێکی هەوریشمی و کونکون و ساویلکە، ئەیهەویست دژی ملۆزمەکانی گەرماهاوێژ، سێبەری خۆی بۆ سەر زەوی ڕاستەوڕێ ڕاکێشێت. کزەبای باکوور ئەیهەویست بڕاسێت، بڕاسێت و بە باوەشێنی شەداری هەناسەی کوورەی گڕپڕیشکێنی هەتاو لە گڕ و گەڕ بخات. ئەیهەویست پاپاغی ئاغایەتیی هەتاو و جووڵەجووڵی ژیلەمۆی سەبوون، بەرەو ڕووی نەبوون و تێکشکان ڕاشکێنێ، بەڵام ئەوەن بە سەر شاخەکانیدا غاوی داخشابوو، پەڕ و باڵ پڕووزاو مەتەڵۆکی «کاسە لە چێشت گەرمتری» ئەخستەوە بیر. خۆی لە گڕ گەرمتر و هەناسەی لە هەناسەی هەزارە بێشێوەکان سووتێنەرتر بوو.

بەڵێ برا گیان، هەر لەو کاتەدا بوو کە لە بیرم نەکردووە و قەتیش لە بیر ناکرێت، کە خۆم و کراسە دێوەکەم و تفەنگێکی ساچمەڕژێن، لە بەرزترین

---

[1] ئەو کۆما سۆمایەش، دەسپێکی هەوەڵ نوای تەمەنی نووسەرن، ژیلەمۆی کڵی ئاگری نەورۆزی ئەوان سەر[illegible] سوارە باوێن. بە هۆی کەندوکۆسپی تایبەت بەو کات، لەو کاروانە شۆخ و شەنگە بەجێماون.

چیای مەڵبەنـد و لە نـاو گـاڵۆکی شـاخی کـونە پڵینـگڕا لە ڕاو بـووم. بەڵام شەکەت و ماندوو لە تاوی گەرما پەسارە شاخێکی خاوەن سێبەرم کردبوو بە پەنای ئامان.

چ بڵێم و لە کوێوە دەس پێبکەم. دیمەنی ئاو، ئاوێکی سپیتر لە چـاوی زێو، ئاوێکی شەکەتیشکێن و گیانبووژێنەر، کە لە ناو دڵی بەردێکـی دڵڕەقـا هەڵئەقوڵی. هەڵئەقوڵی، دڵۆپ دڵۆپ، وەکوو فرمێسکی هەتیوێکی بێ شێو. ڕوو بە داوێنـــی شـــاخ ئەهـــات و ئەکشـــا، ویتەویتـــی چـــۆلەکەی چیاویســـت و بەرزیپەرست، باریکە دووکەڵێکی شاویلکەی نێوچیروانێکی پیر، کەبابی کەوی برژاو بە پووش و پواری وشکی لێڕەوار. چادانێکی چکۆلە و دۆلکەیێکی هەنگڵ لێـــزاو، چەکێکـــی ســـاچمەلێدەری ڕازاوە بە تەنەکەی زەرد و ســـپی، کراســـە دێوێکی خالاوی بە ئالەبووکی ئاڵوواڵ، گەورەترین بەڵـگەی خۆشـی ژیـان و بەرهەمی کۆساری سایە چەوری ئەخستە بەرچاو.

سەرەڕای ئەو هەمووو نوێنگەی بەدیمەن و ڕوانـگەی بـایەدار، هەروەکـوو مۆتەکەیێک چنگی لە گیانم تێپەڕ کردبێت، گیان و لەش هاڵۆز، وێنەی خـۆم ئەهاتە بەر چاو. ئیتر نازانم چ سرێک بوو، کە لەشـی لە سـڕی و دڵـی پڕ لە خەم هاخنیبوو. هەروەکوو پەرییەکـی پەرزێـڕین، لە نـاو پەردەی حاسـمانەوە پەردەی گوێم هەڵداتەوە و بڵێت. بڵێ: ئەبێ لە ڕەقەن و کێو و چیـا ماڵئـاوایی بخوازی و بۆ هەمیشە ڕوو بە ماڵ ڕاوبەتاڵ ڕاگەیێنی.

بەڕاســـتی هەواڵێکـــی سەرســـووڕهێنەر و خەیـــاڵێکی کـــوتوپڕ و تـــازە لەدایکبوو بوو کە لە هەڵەشە و هەوڵ و سام پڕی کردم. هەروەکوو گیـانم لە نیوەنووزەی کاوەی کورم بێت، کە لە بێشکەدا دەس و شان بەسـتراو و یـا لە سەر کورسییەکی تەڕ و شێدار و مێشاوی فرمێسک برژێت.

بەو خـــورتە و خـــورپەوە، زۆر بەپەلە و هەرەشـــاوی کەرەســـەی ڕاوم تێکخست. هەروەکوو لاوێکی بەهێز و چیاپێو. بە هاوکـاری شـەقاو، شـەقامم

شەق کرد. شەکەت و ماندوو لە خانووچکەیێکی بە گڵ و بەرد هەڵچنراو، سڵاوی خۆم ڕاگەیاند، بەڵام چ سڵاو، خانووی بێ کابان و سڵاوی بێ وەڵام و گاڵتەی قڕوقەپی، سامی لە سەر باراندم.

لەو هۆدەدا جیا لە هەنیسکی خەفەتڕژێنی کاوەی پاشەبەرەم، پاشەوارێک لە شوێنەوار و موناتی ماڵ وەبەر چاو نەئەکەوت. وا دیار بوو دیمەن و چیمەنی کچم گاگەلیان بۆ چەیار لێ خوڕیبوو. دایکیشیان بۆ مەرِدۆشین ڕوو بە چیای گۆڕبەران هەنگاوی نابوو و ماوەی چوون و گەڕانەوەشی سێ کاتژمێری ڕەبەقی ئەخایاند. تەنیا کۆرپەیەکی ساوا و قوونەنشینە، کاوەی مەکۆی هیوا، بە هیوای مەمکەمژەیەکی چڵکن و شیرین کراو بە ئاو و قەند بەجێهێڵرابوو. بەڵام چ مەمکەمژە، مەمکەمژەیێکی بیر و مێشککوژ. ئەو مەمکەمژەی کە ئێسقان و دەنگی منالێک بەرەو زەردی و شلی ئەبات. ئەو مەمکەمژەی کە بۆ هەتا هەتایە نەخۆشی جۆراوجۆر ئەخاتە ناو خڕۆکەکانی بۆریەی خوێن و لەشی هەموو منالێک بەرەو لاوازی ئەخاتە سەر.

بەڕاستی بەڕاستی دیمەنی کاوەی گریاو تا ئەو جێگایە سەرنجاوی بوو کە وێنەی ژیانی هەموو منالە لادێییەکی تیا دیار ئەکەوت. ڕاکشاو، بەڵام ڕاکشاوێکی ڕاست و بێ گرێوگۆڵ، کە لاڕوومەتی چەپی خۆڵاوی و ڕوومەتی ڕاستیشی بە زەوییەوە چەسپابوو. هەروەک پەپوولەیێکی لاواز کە لە بەرەبەیانی بەفرانباردا لە بەر سڕی، باڵی بەسرابێ. یا وەکوو ئەسیرێکی ژێردەستی بێگانە کە لە ژێر شکەنجە و عەزابا لە خۆ چووبێ. جیا لە هەنیسک و هەناسەیێکی باریک، بەڵگەیەکی نەمردنی لێ نەئەبیندرا.

ڕوون‌تر بڵێین: ئەو کوڕە، ئەو منالە ساوایە، شووتیلکەیەک بوو پانەوە بوو کە بە مێشوولە و زەردەواڵە گەمارۆ درابوو، هەر لەو کاتەدا بوو کە دایکی وەکوو خێو و [illegible] لە ئارەقەی

شەکەتیدا وەژوور کەوت. هەرکا کورەکەی درێژ و ڕاکشاو وەبەرچاو هات، بە شەقژنی گریان و نیوەنووزەیەکی پڕ لە پەژارە وی؛ ناکا دیسان، ناکا دیسان کورەکەم هەروەکوو ئەوەی تر لە بەر بێکەسی لە ناو ئاوردوودا هەڵقرچابێت، ئاخ چەن چارەڕەش و ڕواوە کۆزم.

بێ‌ئەوەی لە بیری بێت کە کۆڵەشیرەکەی لە زەوی دانێت، باوەشی کردە بێشکەییەکی دڵداری و هێمن‌هێمن بۆ کوڕێکی ئێسقان شل و لاوازگە. زۆر بە پەلە بەرۆکی خۆی ترازاند و مەمکی ڕاستی، بۆ ڕاستەوخۆ کرد. ئەوەی کە دیمەن‌دار و سەرسووڕهێنەر بوو ئەوە بوو کە ئەو کوڕە نە تەنها مەمکی نەگرت، بەڵکوو بە ڕاسانێکی پڕ لە تووڕەیی سەر و پرچ و بەرۆکی دایکی ئەڕنی. هەروەکوو فامدارێک ڕوو بە جێگا تەڕەکەی ئەخشا. سەرئەنجام هێند خشی، خۆی گەیاندەوە سەر جێگای هەوەڵی و لاچاوی بە زەوییەوە شەتڵ کرد. لاقە شل و سووڕاوەکانی نیوە درێژ کردن و بە هەنیسک و هەناسەیەکی باریک لە ژیانی پڕ لە بێ‌نازی بێزاری خۆی دەربڕی. مان و تووڕەیی تا ئەو جێگایە ڕۆیشت، کە ئەتگوت لە ژیان وەڕەز و لە مان ماندوو بووە. هەروەکوو نەیەوێت لەمە هەورازتر بێ‌نازی خۆی بخاتە بەرچاو، چاوی لێک ئەنا و لە سەر جێگا تەڕەکەی بە هەنیسکێکی گڕدار لە ناو گیانی دایکیدا ژیلەمۆی پەژارەی بە فوو ئەکرد. زۆر جاریش بە مۆنەوە دیمەنی دایکی ئەخستە بەرچاو. بە زمانی بۆڵ و منداڵانەوە لە بەر خۆیەوە ئەیورتاند. هەروەکوو بە دایکی بڵێت و پێی بڵێ ئەو شیرەی کە بە شەکەتی ڕێگا ڕۆینی نیوەڕۆ برووسکابێ، یا بە تینی هەتاو بێتە کولین، نابێ بخورێ. خواردنی ئەو شیرە زەردی‌هێن و ڕشانەوە و زگ‌چوونی لێ هەڵئەقولێت.

ماوەیەکی هەروا قارومانی منالێکی ساوا تێک نەئەشکا. نە بە لایەلایەی دایک و نە بە دڵدانەوەی باب، لە جێگا تەڕەکەی لەشی کلا نەکرد. هەر ئەودەم و ئەو کاتە بوو کە هەتاوی کچە گەورەم، لە مەزرا ڕوو بە ماڵ هاتەوە

و ئەویش پەژارەیەکی تری بۆ منی باب رواند. ئیتر نازانم چ بوو و چیم لــێ بە سەر هاتبوو کە لە قونجرێکی ماڵەکەما ئەمهەویست بێدەنگ و کزەڵـۆک وەک هەلاجێکی لۆکەشکێن، لە ناو ماڵی خەیاڵما خەریکی پشکنین و بەرجەوەنـدی بووم. ئەمهەویست وەکوو زانایێکی گیان‌ناس لە مەستی هەستی ساکار، بارێک ئاکار و ئاساری ڕاستەقینە وەدۆزم. هەوەڵین سـەرنجی هەتـاو، هەتـاوی کـچە گەورەم موچوڕکی مەرگ و ڕاچەنینی پێ چێشـتم. دیـتم کە گـوڵی سـووری ڕوومەتـی وەکـوو گـوڵێکی ژاکـاو ئەیەویسـت لە جـوانی ماڵئـاوایی بخوازێـت، قژەکانی بە پەڕۆییێکی ڕەش و شڕۆڵ پێچـابوو. دوو پـێ لە نـاو پـاتە شـرێکی قیرینـدا وەکـوو چەوەنـدەرێکی نیـوە کـولاو کەفوکـۆی کـولانی لە سـەر هەڵچووبوو. گۆمیلکە فرمێسکی چـاوی لە ڕووی، لە سـەر گـوڵی ڕوومەتـی بە هەتـاو گەزراوی پێئەکەنـی. دیمەنـی چـاو و چەنە و لاجانـگ، حیکـایەتی لە کۆمەڵێک شیوەن و گریان ئەکـرد. هەروەکـوو بە گوێیـدا چپابێـت کە بـاوکی نەیـدا بە پیـاوێکی تەمەن‌داری سـەر و سـمێڵ سـپی. ئەیـدا بە نـۆکەرێکی کۆڵ‌کێش و دەس و پێ ڕەشی بێ‌دیمەن، نەیدا بە زاوابەند. بێ ئەوەی بیکەن بە بووک، بێ ئەوەی هەرێمی زەماوەنـد و ڕمبـازی و لۆغـانە ببینـێ. ئەبـێ لە شەوێکی ڕەشا بە سیپاڵی ڕەشەوە لە قوونجرێکی ڕەشەوە لەگەڵ دێوەزمەییێکی ڕووڕەش، ڕەشایی ژیـان بە دەس بگرێـت. زۆر جـاریش وەهـا بـوو کە بـزەی ئەکەوتە سەر لێو و کرێژی پەژارەی گۆڕ ئەکرد و لە دڵی خۆیدا ئەیگوت: نا نا، هەرگیز هەرگیز، باوکم قەت ئەو کارە ناکـات و نایکـات. بـاوکم ڕوونـاک‌بیر و گەڕاو و خاوەن‌تەجرەبە، هەرچی بێت هەستی بابی و بەرجەوەنـدی زانایـانەی ئەبنە بەرگری تاوانی ئاوا گەورە و زوڵمی وەها گیان هەڵوەشـێن. ئەگەر بێتـوو بابم ئەوەم لەگەڵ بکات ئیتر هەموو شت بۆ من تەواو ئەبێت و بەس، ئیتر من و پەتێک و سێپەکی مەشکەژێنەکان! یا من و تۆزێک دەرمـانی مەرگەمـووش یا سەکوژا!

بەڵێ برا گیان، ئیتر ماڵەکەمان هەروەکوو پەپووی قەدەم قودوومی نەهاتی قەدەمی تێ نابێت، و پەپوو، پەکووی تێدا خوێندبێت، ببوو بە کەلاوەیەکی هەراوی خەمباری و ماتی باڵی ڕەشی بە سەرا کێشابوو. دایک و باب و کچ و کوڕ هەریەک لە قوونجڕێکا لە کۆمای خەیاڵی خەمپێو و خەیاڵ پەژارە بوون.

هەر لەو ڕۆژەوە ئیتر چەکم فڕێ داوە، لە ژیانی ناوچەی بن کێو بێزراوم، گردەنشین و بێ ڕاو، دووره گۆشت پۆڕ و کەو و... بێ هاودەم و نەخۆش و کرێژاویم. لە کاروانی کەڵک ڕۆینی هیوا جێ ماو و لە ناوچەی چیای تاریک بەبێ چۆلەچرا، نیوەماو، بە دارە کوتە هەروەکوو منداڵێکی تازە پێ گرتوو ئەمەوێ بڕۆم بە ڕێدا، بەڵام کام ڕێگا؟ ئەو ڕێگایەی کە هەموو ڕێبوارێک تیا بێ سەر و شوێن و گوم نێو و بۆ هەمیشە نادیاری، بەڵێ نادیاری کڵۆڵی هەرە گەورەتر و گەورەتر لە هەموو شتێک ئەبێ کوڕ و کچەکانمان، شوانە گاگەل و کۆڵ کێش! دوور لە زانست و زانستگا، پێ و پل قڵیشاو لە ژێر پۆلە دڕوو دا بێن بە دڕووی ناو کۆمەڵ.

ئەوە بوو هۆی وەڕەزی و زویریم لە چیا، ئیتر چاوەڕوانی هەنگاوی ئێوەی خوشک و برام تا کاتی دیداری برایانە و هەتا کاتی یەکتر دین خوا حافیز.

چاوچنۆکی ڕاوچییەکی بەساڵاچوو

لە سەر سەکۆیەکی بە بەرد و کولـۆ هەڵچنـدراو، لە بەردەمـی پەنـجەرەی وەتاغەکەما ئەمەویست تـاوێ پشـوو بـدەم و لە خەم ببـڕێم. چنـۆکی چـاوی تـامەزرۆ بە ڕاو، داوای لـێ کـردم کە چـاوێ بە چیـای بەرز و خەمڕەوێنـا بخشێنم.

دەمەویسـت بە دووربینێکـی نەخـۆش و چـاو عەمەل کـراو، بە خۆشـی ڕانینەوە پەژارەم بڕەتێت. بەڵام خەم نەوەک نەڕەوا، بەڵکوو بە هەر تماشـایەک و سەرنجی خەمێکی نوێ لە سەر باری خەمم ئەنوا.

نازانم چی بوو لە چیا چ قەومابوو. کەوا شاخ و ڕەوەز و ئەستۆی بستوو، لە تەم و ڕەشـایی سـێبەرا ڕەش‌پـۆش و پەژارە پرێشـکێن بـوون. کەوا بـووکی گڵووکی نواڵ، سیپاڵی سەوز و سوور و ئاڵیان لە ناو تـوێی نشـێو و پاڵـدا پـاڵ ئەخست.

چـپەی پـێ هەڵات هەڵاتـی پەل و پـۆپ و گەڵا، پەلەکـوتە و قـولاتی قانگەلاشی لەش جزاو بە هێز و بابەخولەی بای سەروی وڵات، هەواڵی پاییز و کەند و کولۆی خۆش‌ڕنی زستانی بە گوێی چیا و چیاچێکانا ئەچپاند.

شێوەردی شین بە پۆلە کۆتر و دەراوی بە پـۆڕ و کەو هاخنـدراو، دووبـارە عەجوولی ڕاو و چوونە چیای لە هەموو گیانمدا شین کرد.

خۆم بە خۆم ئەگوت: ئاخ ئاخ! ئەگەر لەبەر گەڕی پیری نەبا، دەستم ئەدا چەک و بە شنەی شنەبای ڕاوی چیا خەمی كۆن و نوێم بە با ئەكرد.

بەڵام نا نا، هەرگیز، لەمەولا مەحاڵە خەیاڵی چوونە چیا، گۆر كرێت و بار و بنەی ژیان ڕوو بە گۆڕایی و دەشتی تێک نرێت.

وا تەمەن لە پردەبازی كوڕێنی و لاوی قەڵەمبازی دا، كزەبای توانا ـ هەڵوەرێنی پیری وا هێز و بڕی جوانی، پەرین پەرین كرد و كولوو كولوو پیتەڵۆكەی سپی لە سەر سەر و ڕوومەت و سەرم سەپان. كۆخەكۆخی هەناو و ژواری پێ‌وپل و لەش، بەبێ شەرم و شكۆ ئەڵێن: پێم ئەڵێن مامە پیرە، چەک و چوونە چیات خەیاڵ پڵاوە ڕاوەكێوی ڕەوەكت خەونێكی گەلێ دوورەتەعبیرن. ئیتر كاتی عەینەک و وەكاز و هێواش جووڵانەوەی و بەس. كاتی چەكدار بوون بە پێنووس و خزمەت بە شاڵ و گەل و نیشتمانی خۆشەویستن.

هۆی هەڵۆی بەرزەفڕی و فیزی ژیانی نوێ، مەبەست كردنی ڕووداو و بیر و خەیاڵ و هەستە. ئیتر بە پێ هەواڵێ كە هاواڵی پیری پێی دام، ئەبێ بڵێم، ئەبێ بڵێم و بڵێم:

پیر بووم و هێزی چیا ڕۆییم چوو
ڕاوە كەوبار و چرەی خۆییم چوو
دوورە دەسگیر و لە خەم پێ پەستم
زەرد و بێ سوورە لە بەر با، هەستم

شـــەق لە بـــن پیـــل و لە ژێـــر پـــیلانم
کــــــۆن و لاکەوتە دەبــــــێ هــــــێلانم
چینەچــــــی شـــــاخ و دژی کـــــۆپەینم
ڕوو بە دەشــــــتایی گەلــــێ بــــێزەینم
چـــۆن بچـــم باشـــە هـــونەر بـــی نـــیمە
هەر هیـــوام مـــاوە، هیـــواش خـــۆش خـــیمە
ئەو بـــــــــرایەی کە لە کەل وەمگــــــــوێزێ
خـــۆی بە خـــۆی دا و لە مانـــا ڕێـــزێ

ژیانی ناو کەژاوەی بەردین

کیژۆڵەیەکی جوان بەڵام جوانەمەرگ هەنگووتووی شەختەی ناکاو، ژاکاو و دەس لە هیوا پساو، تاقانە بووکی گۆڕستانی کۆن، میوانی وڵاتی ژێر زەوی، سەر لە سەر سەرینی بەردین و لالەش لە سەر ڕایەخی قورین، خەوتووی خەوی یەکجاری، بە نێوی خەزێم، بەڵام خەزێمی کەپۆی بێنازی و گوڵی سەد تەرزی خەفەت و مەینەت هارووژێن.

نەشمیلەیەکی بەدیمەن و بەرچاو، شل و قژکاڵ و هەڵکراو، ئاسکێکی بەهەست و پەپۆنەخشێن، کۆمای ئەوین و موچوڕکی تامەزرۆیی کۆلکەزێرینەی چیای بەرزی ڕوانین، ڕەوت و هەنگاوی هەنگاوتەی دڵ بوو. هەڵوێستی گیان هەستێن و نیونیگای خوێنوەستێن بوو. ڕەوەک و ئێسک سووک و خۆش ئاوڕ، ئاوڕی ناو نزاری دڵداری، هەوێردەیێکی نەرمی هەرێمی تامەزرۆیی، شەوەی گیان هەڵکوشی ناو جۆلانەی لاوی، بەڵام هەژار و دەس‌بەتاڵ و بێسەلا. خاوەنی دوو برای وردیلەی باب لە گۆڕ کەوتوو، لەگەڵ دایکێکی پیر و لەش بە مۆریانەی پیری خوراو، لە ناو باوەشی خانوولەیێکی ڕەشی فەقیرانەدا ئەژیان. بەڵام چ ژیان، ژیانی بە ڕەنگ و ژاراوای، ژیان لە ناو گۆڕی ڕەشی هەژاریدا، ئەویش لە ناو هۆزێکی ئاژەڵدار و دوور لە هاژوانی سەرنج و زانست، دوور لە بزەی بەزەوی هاتن و ئاوڕی بەبایەخ.

ئاخر لە ناو کۆمەڵی چیاگەڕ و مەڕدار، هەژار بێبایەخ و ئێسکدزێو بە جیساب دێت. کەوابوو کیژۆڵەیێک کاڵ و شەرماوی، بۆ ڕاگرتنی نازی دوو برای هەتیو، ژیانی پێویست، ئەبێ خوو بە کێ بگرێت و ڕوو بە کام یاسا بێت؟ چارە چییە؟

بۆ تاوانی تارمایی هەژاری و بۆ ویستی ژیانی دایکی بیمار و برای ورد و بێباب، خەزێم ئەبوو شەو و ڕۆژ خەو هەڵبرێت و ئارەق بچێنێ و لە مەزرای ئەم و ئەودا دروو هەڵکەنێت و پەژارە شین کات. ئەبوو کاکۆڵی بە شانەی شەرەباوە ئاڵۆز و پەنجەی بە خەنەی ڕەنجەوە ڕەنگین بێت. بە هەڵکێش و سیپاڵی پیاوانەوە لالەش بە تینی هەتاو پێی چێت. بەبێ یاسای کۆمەڵی ناو شاخ و داخ، ئەبێ تا دوو برا بە کاک نەکات، قژەکانی بە هاواڵی شانە نەکات. نە بۆ جوانی لەش و نە بۆ خۆشبێژی ئەوین، خاون ئاور بێت، خەزێمی تەمەن هەژدە و هەژارمژ، بێ وچان و پشوودان لە بازبازێنی ژیاندا شەکەت و ماندوو و ژاکاوە، جێگا هەڵوەرینی شەوانەی خانووچکەیێکی ڕەش و جێوبانێکی شیتاڵ و چڵکن بوو. هەروەها شەو و ڕۆژ و ساڵ بەرە بەرە، بەربەیانی خەزێمیان بە لێڵی ئەشڵەقاند. سەرەڕای دەردی بێ دەوای هەژاری، سەرەڕای هەستی بێکەسی و دووره دەروایش. ئاژاوەیێکی تری پڕ لە مۆنج و سێلاوێکی خنکێنەر هورووژمی بردە سەر خەزێم و سەرەڕای ژیان و پڕ لە ژان و چڵکن، خەزێم بە دیتنی کوڕە سەرکۆمارێک دوو پێ کەوتە ناو ژیلەمۆی عیشق و ئەوین و دڵداری، و هەموو توانا و هەست و بیری ڕاوپێچ کرد.

پردی سوڵتان[1]

بەرەو هەتاو وێنەی ژیانی لە ناو چیای مەڵبەنددا، وەکوو وێنەچییەکی لێهاتوو هێناویەتە سەر شانۆی نواندن. دەبا تاوێکی لە خەم ببڕێم و ڕوو بە پردی سوڵتان وەڕێ کەوم. بۆنی لە گڵووکی چەم کەم و چاوێ بە دیمەنی ئەو پردەدا بخشێنم. گوێ بۆ دەنگی بولبول و قاقای خاسەکەوی ئەو دەر و دۆڵە وەگرم و گیانی بوردووم وەبووژێت و بە یادی ڕاوی ڕابردوو تەمەنی تێپەڕیوم توخواکەی با بە فرمێسکی چاوم، زۆرەبانێ لەگەڵ کەف و کوڵی سێڵاوی ئەو چۆمە بگرم.

ئەو پردە، پردێکە کۆن و لەمێژین، ساڵ و دروستکراوی دەستی زانایەکانی [هەزار] ساڵانی لەمەوبەرە.

بۆ بەکارهێنانی لەشی ئەو پردە، گاشەبەردی ساکار و نەتاشراو بە کار هاتوون. وا دیارە بۆ دروستکردنی ئەو پردە، مامۆستاکەی، هەر لە بەردی داوێنی ئەو کێوە کەڵکی وەرگرتووە.

ئەو پردە بە درێژی دە گەز و بە پانی دوو گەز، لە سەر سێ پێ ئەوێستێ و دوو قەیسەری واتا دوو گونجەی ئاوڕۆی لێ دەرکراون.

ئەو پردە لە ناو باوەشی کێوەکانی «گردەگروێ و باغی باڵەکوو و دۆڵەڕەش و ڕەزاکوژاو» لە سەر دەراوێکی ئاو هەڵڕێژ و چۆمێکی ورەبەر دروس کراوە.

[1] پردێکی مێژوویی تایبەتە لە مابەینی گوندەکانی سڵامەت و ساردەکۆساندا هەڵکەوتووە.

لە ناوچەی گەورکی موکری و سەر بە شاری بۆکان، ئەو پردە لە سەر زار و زمانی خەڵکی مەڵبەند زۆر بە قوتب و فەڕ و خاوەن حورمەتە. ئەگەر ئەو پردە نەبێ، هاموشۆی کاروان و پیادەڕۆ لە سەردەشتەوە بۆ بۆکان ئەبەستریّ.

سەرچاوەی ئاوی ئەو پردە:

سەرچاوەی ئاوی ئەو پردە لە هەرێم و مەڕ لەوەڕێنەکانی گوندی خورخورە ئەڕازێتەوە. جۆگەلەی خڕۆکەکانی «**گوێزی، فەرخۆلە و کۆخان، ڕند** و بەفرەکانی کێوی **عەلیەقوت** و **خڕی بووکان** و **داری سەیدی**، ئاوی چاوی چاوەکانی **خڕی حەسەن‌ئاغا و باغی و خاڵەمزە**، فرمێسکی ناو داوێنی **مامچەڵەبی و گولان و داودە گردە**[1]، بە کۆمەڵ ئەو چۆمە پێک دەهێنن.

بەر لە بەسترانی ئەو پردە بە واتە و چیرۆکی کوردەکانی مەڵبەند، ئیمامی عەلی خوای لێ ڕازی بێت، ڕێگای کەوتۆتە ئەو دەر و دۆڵە و ئاوە سەر ڕێی پێ گرتوون و دولدول سوار زۆری بۆ دولدوڵ هێناوە لەو دە گەزە بازی داوە. بازی داوەتە ئەوبەر لە سەر بەردێک وێستاوە. ئەو بەردە شوێنە پێی دولدوڵ و جێ چەکمەی ئیمامی عەلی هێشتا لێ دیارە و هەتا هەتایەش، هەر دیار ئەبێت. ئەگەر باران ئەبارێت، ئەو شوێنە پێیانە لە ئاو پڕ ئەبن، دائەوەستن.

بە ئاقیدەی خەڵکی مەڵبەند، ئەو ئاوە بۆ هەمووَ دەردێ شیفا و هێمنی‌هێنە.

---

[1] هەموو ئەو کێو و کەژ و چیایانە لە ناوچەی موکریان و هەڵکەوتووی ئەوان هەرێم و مەڵبەندن.

هیوای نیشتمان[1]

جاده خاکی و چاڵ و چۆڵ و بەردەڵانە، بارانی بە بڕشت و لافاوی بە هەڕەشەی بەهاری، پشتی ڕێگەکەی شکاندووە، هەموو جۆرە ماشێن زۆر بە حەستەم دەتوانێ تێپەڕ بێت. تا بەرەو چیا دەڕوات، پێچ و پلووچ، وردە پردۆکەی لاڕووخاو ڕەوتی ماشێنەکە خاوتر دەکاتەوە بڕەم بڕەم دوو کاتژمێرە ڕێگە دەبڕین. بۆ شار هێشتە نیوەڕێگە نەبووین. لە زۆر شوێنان دادەبەزین هەوای ساردی کوێستان دەمانگەزێ، داو و دەلینگ تەڕوبڕ و قوڕاوی، هەر دەڵێی ئاودێری زەوی نەدێراوین، ئاسمان لە حاستمان ترش و تاڵ و ڕووگرژە. مژ و هەور و هەلا تێکەڵاون کەڵکەڵێنی ڕەشەباش ڕەنگە باشمان وەڕێ نەهێنێ.

ماشێنە بۆریش بێ‌بەندوبارە، جاروبارە مان دەگرێ. بە هەزار سەدەقە و نەزر و مەولوودی بۆ کاک مەمولوودی شۆفیر هەڵدەبێتەوە. سوارە و پیادەی سیخوار، سەرەوخوار، یەک لە دووی یەک، بۆمان خوار دەبنەوە. هەر دێ و ناوچاوانی، حاسمان ناحەزتر دەبێ و گێژەڵووکەی پیتەڵۆکان بەهێزتر دەکات. موسافیری ماشێنە بۆر نەترەیان لە دەس داوە.

[1] ئەم چیرۆکە [illegible] www.iqra.ahlamontada.com [illegible] کتێبەکەدا هاتووە. ئاخەرین بەرهەمی چیرۆکی نووسەرە.

شەو بە سەر دابێ، دابێ ژیان تێک دەچێ و نۆبەی مەرگ دێتە گۆڕێ. کاک مەولوودی خاوەن ماشێن بە ورەیە، زۆر جاران لەو کوێستانەڕا تێپەڕیوە، پەروای نییە. بۆ چایخانەی مچە کۆڵ، هەر بروکێکمان ماوە. کرێوە دەسمان لێ‌ئەوەشێنێ. بە نیو کاتژمێری دیکە لەوێ دادەبەزین. ئەگەر هەوا هەروا بێ ماوابێ، شەو با لەوێ وەمێنین، حیز و سلامەت، لە پێچی جادەکەوە زەلامێک دیارە. جاروبار هەڵدەستێ و دەڕوانێ و دادەنیشێتەوە. دوور نییە خراپەکار بێ.

زۆر جاران خەڵک لەوێ تووشی بەڵایان هاتوون. وێ‌دەچێ ئەو زەلامە قەرەوڵی ڕێگرەکان بێ ویڵداشەکانی لە ژێر تاشەبەردان دا خۆیان حەشار دابێ.

ماشێنە بۆر، زۆر بە شێنەیی ڕۆیە پێش. زەلام دەستی هەڵێنا و سوار بوو. زەلامە لاوێ بوو جوان‌خاس، بێ‌قسە و مەند و ماقووڵ و قۆڵ هەڵکراو و وێچوو، وا دیار بوو، زۆر لە مێژە چاوەڕوانی ماشێنە و لەو شوێنە بە بێ ڕێ‌وشوێن ماوەتەوە، سەرماوسۆڵ کەتنی خۆی پێ‌کردبوو، ڕەش و شینی هەڵگێرابوو.

شەوگوردی لەشی هاڵۆزاندبوو، لاو لە غەریبە دەچوو. هەر دەتگوت لەو ولاتە نەبینراوە. لە ڕۆڵەیەکی بە ڕەنگ و ڕوو دەچوو چ نەجیبزادان ڕۆڵەی لەوە بە ڕەنگ و ڕووتریان نەدیوە، خولا بە دای و بابی خۆی بێلێ بە ڕاستی مەتولفەیەکی بێ‌وێنەیە. لە سەر ڕوومەتی چەپی دیاردەیەک هەیە هەر دەڵێی نەزەرگەی شێخە سووری کرێوەیە، یاخوا خوای هەزار شێخە سووران، بیپارێزێ. وا دیارە حاسمان دەیەوێ دەستێک لە زەوی بوەشێنێ. هەور و

هەڵایان لە خۆ وەکۆ دەکا، بەفر و باکوت، کوتە کوت، شووشە پەنجەران دەکوتێ و دەیان‌نەخشێنێ. پێش چاوی مەولوودی شۆفیر تاریک دەکا و دەیەوێ وەیشوومەیەک وەرازێنێ. دڵتەنگی و بێدەنگی موسافیرەکان شۆفیری هێنایە قسە و دڵ دانەوان.

برام مەترسن بۆ چایخانەی مچە کۆڵ هەر پێچ و خۆبادانێکمان ماوە. لەوێ پشوو دەدەین. ئەگەر هەوا هەر ئاوابێ، ئەوشۆ بۆی تەخت دەبین هەی لە براو نەکەوی چایخانەی مچەکۆڵ جاروبار دەکەوێتە بەر چاو، لە پڕ، ون دەبێتەوە. کرێوە چاڵە و چۆڵی جادەکەی دار ماڵ کردووە. ماشێنە بۆر نەخۆشی دەروونی برستی لێ‌بڕیوە. زۆر بە کاوەخۆ بەرێوە دەڕوا. بەڵام بۆ پشووی نەجات و سانەوە هەر چاو لێک‌نانێکی ماوە، قاوەخانەی مچە کۆڵ پەسیوێکی کەم نییە.

لەو بن کێوانە وەک خێری خولایە. ماشێنە بۆر لە شێنەیی کەوت، ڕۆچوون و ڕاچوون لە کاری خست، کووژاوە و بە ئاژاوەی ئەسپاردین بە هەزار پاڵە و پەستە و پاڵ‌پێوەنان مووی لێ‌نەبزووت.

ئیتر بەرەو چایخانە، بوو بەکێ برکێ و کەس لە کەس، هەی لەوەی زووتر بگاتە چایخانەی مام مستەفا و سەرما تووشی ئازاری گەورەی نەکات. شۆفیر بەو ڕووداوە لە ڕوو چووە کەسی بە دەورەوە نەماوە.

ئەو لاوە غەریبە نەبێ دەروجیران و دۆستی نانی هەموو ڕۆیشتن، شۆفیر دڵتەنگە، بە لای لووتی دەڵێ کوڕە ناوت چییە؟

ـــ عەزیز

ـــ بۆ نەڕۆیشتوی

ــ لەبەر تۆ.

جــاتۆ چیــت لە دەس دێ. لانــی کەم هــاودەنگتم، دەتــوانم لێــرە لای ماشێنەکە وەمێنم تا ئێوە چارێک دەکەن. عەزیز گیـان، چاری چــی؟ نـازانی ئێرە چ شوێنێکە ، ساڵی چەن لاوچـاکی وەکـوو تـۆ و بـێ‌چـارەی وەک مـن دەکاتە قوربانی وەژێر هەرسیان دەخـات. بەڵام بـۆ خـوا شـوکور جێگەکەمـان باشە. هەرەس‌گر نییە.

عەزیز: ئەی کەوا بوو بۆچی خۆت تێخست و تووشی ئەو رووشە هاتی.

شۆفیر: کاری خوا هەروان، من و تۆ سەری تێ‌بڕ ناکەین. کە من نەدەهاتم تۆ چیت بە سەر دەهات، بۆ ئەوە تۆ مـاوەیەکی تریش عەمـر بکەیـت. دەبـوو هەربێم، دەنا ئەورۆ ڕێگەی هاتن نەبوو.

عەزیز: دەی برام، فەرموو وەرە پشت فەرمـان، بە تەمـا خـوڵای. کلیلێکـی تری تێخە بەڵکوو هەڵبێ و ڕێ‌کەوین.

شۆفیر: نە برام زۆرم لێداوە فایدەی نییە ڕەنگە جێگەیەکم سووتاندبێ.

عەزیز: ئیجازەم دە با منیش دەستێکی تێوەردەم.

شـۆفیر: نە بـرام لـێم ڕوونە لەوەندیشـی دەکەی. هەر لێــی گەڕێ بـزانین چیمان بە سەر دێ.

عەزیز: برام تکات لێـدەکەم ئیـزنم بـدە بـا چـاوێکی لـێکەم و دەسـتێکی تێوەردەم.

شۆفیر: دەی برام فەرموو بزانم چی لێدەزانی، وا بزانم هیچ؟

عەزیز، بە ناوی خوا و ڕەسووڵانەوە هەستا و ناودڵی ماشینی، مـوو بە مـوو تاقی کـردەوە. زۆر سـیم و میمـی پسـاند و بە شـوێنی تـرەوە گرێـی دانەوە. ڕۆیشتە سەر فەرمان کلیلی تێخست و ماشێن هەڵبـوو. لە چـاڵ هـاتە دەرێ ڕاستەورێ وەڕێ کەوت.

شۆفیر بزەیەکی شیرینی هاتە لێوان و لێوی عەزیزی مـاچ کـردن. عەزیـز گیان ئەتۆ فریشتەی نەجاتی منـی. خـدری دەمـی لێقەومـانی موسـوڵمانانی. هەتا هەم لەبیرم ناچێ بەراستی جێگای هومێدی داماوانی.

عەزیز: نە برام بە ڕاستی تۆ خاڵی نەجاتی منی، تـو نەبـای مـن هەر لەبەر بادا دەمامەوە، خوا دەزانێ، چیم بە سەر دەهات.

شۆفیر بزەی لە سمێڵان دێ. ماشێن، دەنگی لە سەر خۆیە چـۆنی دەنـگ دەی هەروا دەڕوا. ڕەشەبا هەر دێ و هەڕەشەی بەهێـز دەبـێ، بەڵام چایخـانە نزیکە: ــدەبێ ئەمن و تۆ وەمێنین، تا بەیانیش خوا خێرەومەندە. ماشێنە بـۆر لە دەرکی چایخانە، سەفەر بە خێری ڕاگەیاند و مچە کۆڵ بە سـەری ڕووتـی دەرپەڕی شۆفیری لە باوەش گرت. خوا شوکور زوو هاتی دەنـا هەر ئێســتا بە نانی چەور و چای گەرمەوە دەگەیشتمی.

سێ بە سێ هەرسێک وەژوور کەوتن. شـەنگە نـزیلەکەی هەڵبـڕی، تێکـڕا گوتیـان مەولــوودە ســوور چــۆن هــاتی زۆرمــان خەم بـووی هەر ئێســتا دەمانهەویست سۆراغت بگرین. تۆمان دەهێنا بەڵام دەسـتمان لە ماشـێنە بـۆر شتبوو.

شۆفیر: بە ڤینگەیەکەوە گوتی: دەستو خۆش باشوو بەجێ‌هێشتم هەزار دۆست و هاوسێ غەریبەیەکی هاوکار ناهێنێ. مچە چای بێنە لە بەخێرهاتنی وشک و برینگ گەڕێ. زۆربەی دانیشتوانی چایخانە یەک دەنگ هاواریان کرد شەنگە شەنگە گیان، نەزیلەی ئەو ڕووداوەمان بۆ تەواو کە، تا بزانین ئەو بنەماڵە چییان بە سەر هات و کێیان ماوە.

شەنگە پیاوێکی بە دەم و دوو بوو. بۆ قسان دانەدەما. نەقلەکەی لە تەواو بوون بوو بەڵام لاوی غەریب لەوسەریڕا دەهاتەوە نەقڵ و نزیلەی شەنگە لە بارەی وێرانی بنەماڵەی خۆیانەوە بوو. بەڵام پێشی خۆشبوو شەنگە لە سەری بڕوا و بیر و بڕوای کۆمەڵیشی بێتە دەست. شەنگە دوبارە دەستان لە ئەژنۆی خۆ دەدا و فرمێسکان دەڕێژێ دەڵێ: حەیف پیاوی پیاو تەمەنی کەمە زۆر زوو بە نامرادی سەر دەنێتەوە و جیهان بۆ دارۆغە و دز و تەشقەڵەبازان. دەبێتە ماستی مەیبو. هەرچی بیانەوێ بەڕاشکاوی دەیکەن و دەی‌بێژن.

شەنگە تائێرە هاتووە دەڵێ: ئافەرین شێرەژن. ژنی بە غیرەت و شەرەف ئەو شێرەژنە یەک کاتژمێر شەڕی کرد. باش چاوەش تێداچوو، کوژرا. پۆلیسەکان ماڵیان ئاگر دا. یای زین هاتە حەسار، تەقەی کرد پۆلیسێک کوژرا و یەک بریندارە. یای زین فیشەکی پێ‌نەماوە. ئاور و چەقەدووکەڵ سەنگی دەخاتە سەر. دەیەوێ ڕاکا بەڵام شوغڵەمەی تفەنگەکان مۆڵەتی نادەن و شەهید دەکرێ مامەخانی مێردی دوو ڕۆژ بوو دەسگیر کرابوو ئەگەر یای‌زینی خێزانی ئەو کوشتارەی لە میری نەکردبا، هیوا هەبوو مامەخان ڕزگار کرێت.

میری لەو بنەماڵە ترسی هەر هەبوو. دژایەتی میری بۆ ئەو بنەماڵە تازە نییە. باوکی مامەخان و باپیریشی، هەر لە بەندیخانەدا مردوون و شەهید کراون. نوور بە گۆڕەکەیاندا بباری.

ڕەنگە حوکوومەت ئەمجا وەحەسێ لە هەرێمدا بنەماڵەی مامەخان بنەبڕاو بوون. بەڵێ هەر تاقە کوڕێکی هەبوو مامەخان لەگەڵ کچێک.

کاتێ ڕووداوەکە لە قوتابخانە دەبن.

پۆلیس دەیەوێ دەسگیریان بکا، بەڵام لە پەنجەرەیەکەوە ڕادەکەن بەرەو بێشەی ڕووبارەکە، ئیتر ڕۆشن نییە چییان بە سەر هاتووە. دەڵێن هەردووکیان خۆیان تەسلیمی شەپۆلی ئەو ڕووبارە کردووە، ڕەنگە ئەوەش ڕاست نەبێ بەڵکوو دەمگوی شوێنەونکە بێ.

حوکوومەت لای وایە ئەو کوڕە ماوە. پارەیەکی زۆر و بۆری تەرخان کردووە بۆ ئەو دێڵەپیاوەی ئەو کوڕەی نیشان بدات. هەزار لیرەی زەرد و سوور، وێنەشی داوە بە دێڵەپیاوەکانی، نانی، نانی. من وێنەکەم دیوە، خاڵێکی ڕەشی لە سەر لاڕوومەتی چەپی، بۆتە نەخش و نەزەرگە.

هەموو کەس بەو وێنەیە دەیناسێتەوە. ڕەنگە من هەر بۆ ئەو کوڕە نەناڵێم. زۆر لاوی تریش دەگرێتەوە، لەو هەرێمەدا ڕووبەخاڵ زۆر و زەبەندەن. بۆ حوکوومەت فەرقی چییە. هەرچی سمێڵسوور بێ هەمزاغایە.

فەقێ عەزیز، بە قسەکانی شەنگە لە دوودڵی هاتە دەرێ، بڕیاری دا لە وڵاتی گەرمێن نەبێ و بەرەو ئێران وەرێکەوێ، بەڵام کێ دەناسێ لەوێ دەبێ کامە ئیش هەڵبژێرێ، چوّن ژیان بەڕێوە ببات. بوێ یەکلا نابێتەوە، دەڵێ چ

نییه ئاومالّکه ئاخری لافاو به لایەکی دا لای دەدات. هات و نەهات به دەس خودایه پاش تەنگانه، فەرحانەیه. شەنگه ڕووداوەکه دوولا و سێ لا دەکاتەوه و دەڵێ ڕەنگه خۆ به ئاودا دان درۆبێ له بێشەکەدا خۆیان له پۆلیس ون کردووه شەو بۆی دەرباز بوون.

تەنانەت دەڵێن شوانی مام سلێمان ئەو کوڕەی له تەختە هەواری جافەکان دیوه هەر بۆیەش میری له تاقیبی دایه و بەرپان زێران هەڵدەرێژێ، بۆ ئەو کەسەی بی‌ناسێنێ. بێچارە فەقێ عەزیز، بۆنی شیری خاوی له دەم دێ، ڕەنگه چ له چی نەزانێ زۆر زوو له داو کەوێ. ئەگەر خێرخوایەک بیناسێ خێری دەگا. بڵێ لەو وڵاتە نەمێنێ بەڵکوو وەبەر دەستی ئەو نەحلەتییانە نەکەوێ.

هەموو زار و دەمێک بوونە تەڵەی تەقیو. چایخانە بێ‌مەتەق و دەمەتەقەیه. شەنگه دەڵێی داستانی ڕۆستەمی مازەندەران دەڵێ. خەڵک کڕ و مات تێی ڕاماوه. فەقێ عەزیز به نەزیلەی شەنگه کەش‌تەنگه، ئاگری لێ‌هەڵکراوه، ڕەنگی له ڕووان پەڕیوه نایەوێ خەڵک ڕوومەتی باش وەبەر چاو بێنێ، ماندووه دڵ کورکه فرمێسک هورووژمی بۆ دێنن دەیانەوێ بڕژێنه خوار و ڕاستی هەموو شتی لێ‌بڵێن. هاکا بابایەک کوتی ئەو لاوه غەریبه خاڵ له ڕووه هەوه باشتر ئەوەیه، به بۆنەی شڵەژاوی ڕێگەوه پەنا بۆ جێگه بەرێ. له سەر ڕوومەتی چەپی سەر بکاتەوه و له بەڵای خاڵداری خۆ بپارێزێ بەڵام، کوا خەو، کێ‌هە پشوو دان! بۆ فەقێ به جێگەی خەو، خەیاڵ و خەون، هاتەران و پاتەران. بێ‌ماڵی، بێ‌هەواڵی، بێ سەرەدەرییە. فەقێ درێژ بوو ماندوویی کردە بیانوو.

خەم و خەیاڵ کردی بە تەڵاشی ناوگێژاوی دەم خوڕێنان، جارێک بن ئاو دەبێ و دەمێ وەدەر دەکەوێ. دەمێ لەنگەر دەگرێ و پشوو دەدا و لە کەشتی نەجات دەڕوانێ. خەڵکی ناو چایخانەکە هەموو ڕاکشاون بەڵام هێشتا باسی بنەماڵەی مامەخان تەواو نەبووە.

بە خەمەوە دەڵێن: مامەخان بەندییە و یایزین شەهید کراوە، ئازیزەی کچی بووە بە قوربانی ڕووبار، کوڕە مێرمنداڵەکەشی بێسەر و شوێنە، ڕەنگە ئەویش نەمابێ. ئەگەر ماشبێ چی؟ دەبێ بە شوان و گاوانی بژی. شەنگە لە زۆر قسان هەڵدەداتێ دەڵێ: کوڕە وامەڵێ خوا بکا مابێ. بەرخی نێر هەر لە بن سەوەدا نابێ. هەر بمێنێ بێڕێوشوێن ناژی ئەوانە حەسڵزادەن یەک بە سەد و دە بە هەزارن.

بۆ هەڵدانەوە چرووزەیەک بەسە. پاش پاییز بەهارە و بە دووی تەنگانەوە فەرحانەیە. هەرمابێ خەڵک یارمەتی دەدا، دەیشارنەوە لە پۆلیس چەقەڵ و گورگان دەیپارێزن. بە مەزەبم سوێند، خەڵک ئەو لاوەیان خۆش دەوێ. میری، سەدان نووسراو و بڕیارنامەی لە چایخانە و کووچەی بەرچاودا بوون. لەمەڕ دەسگیری فەقێوە، دەیان مەقام و پلەی تەرخان کردبوو. بۆ بەیانی تاقێک لەو بڕیارانە بە ساخی نەمابوون هەموو شڕ و دڕ و پەتوور پەتوور لە خمخۆرک و گەناوان خرابوون.

ئەوە نیشانەی خۆشەویستی ئەو بنەماڵەیە، ڕاستە فەقێ منداڵە بۆ خەڵک نەناسراوە بەڵام گوتوویانە، «بێچووە قاز هەر لە هێلکە هاتە دەرێ مەلەوانە»، خەڵک لە میری [illegible] هەر بزانن ئەو کوڕە لە کوێیە،

پێیەوە هەڵدەستن دەبێتە قارەمانی نێو قارەمانان. فەقێ، گـوێی داوەتە قسـان. لە دڵی خۆیدا داوان دەپسێنێ و بەندان دەشکێنێ و بەنـدییان دێنێـتە دەر و هەژاران ڕزگار دەکا و هەتیوان دەلاوێنێـتەوە. دایکـی شـەهید بـووە و بـاوکی بەندییە، قەیدی نییـە. بەرخـی نێـر بـۆ سـەربڕینە، بەندیخانە لانەی پیـاوی ماقووڵە، مەتەرێزی بە شەڕەفانە. بەڵام ئازیزەی خوشـکم بـێ‌نەخش و نیشـان ڕۆیشت؛ بوو بە قوربانی ڕووبارێکی ڕووداوی کوتوپڕ و ناکاو.

فەقێ خوشکی بۆ تاوێکیش لەبەر چاو گوم نابێ هەر دەڵێی چاوی لێیەتـی کە جارێک شەپۆل قووتی دەدا و تفی دەکاتەوە، سەرەوبنی دەکا و جلـوبەرگی هەڵدەداتەوە. قژە درێژەکانی لەو پشتێنی لکە دەسـماڵی بە گێـژ و پەرچـانەوە دەهاڵێ، هاوار دەکا دەڵێ: فەقێ فەقێ! گیان فریام کەوە خنکـام، ئەی بـرا بـۆ کەنگێ، بۆ کەی، بۆ کەی، بۆ کەی.

فەقێ بەو خەیاڵەوە ئالاوە، بە ڕواڵەت لە سەر ڕوو خەوتووە بەڵام چ خەو؟

مچەی قاوەچی چاوێکی لێ‌ناترووکێنێ، داستانی فەقێی بێ‌مامۆستا، موتـالا کردووە قاوەچی بەئەزموونە، چایخانەی بن کێو، دز و درۆزن، هەلاتـوو گرتـوو، خاس و خراو، پیر و لاو، دەس‌کەرەوە و بـێ‌دەس، کەس‌دار و بـێکەس، ڕووی تێدەکا. ڕاست و درۆ، چاوڕاو، گوتراو و نەگوتراو هەمووی تێـدا دەگـوترێ. تـا ئێرە قاوەچی تێوە نەچووە. لە چ ڕووداوان ڕووی هەڵنەمـاڵیوە، باوەشـی بـۆ چ پەنادەرێک نەکردۆتەوە. بەڵام ئەوشۆ دەیەوێ لەو غەریبە وریا بێ.

پێی خۆشە دوای کەوێ، هەڵی‌پشکنێ، بەڵکوو فەقێ عەزیز بێ، ئەگەر هەو بێ، یارمەتی بدات لەگەڵی هەستێ، دەستی وەرگرێ، گرێ کوێرەکانی بۆ بترازێنێ.

قاوەچی دەیەوێ چاوێ بە خەو بسپێرێ و پێروو[1] هەڵاتن، هەستێ و چایی دەم‌کات. بەڵێ ڕادەکشێ بەڵام هێشتا خەیاڵ دەستی لێ‌نەکێشاوەتەوە، لە سەر ئەو لاوە غەریبە، چەتری خۆی لێ‌هەڵداوە، کەوتۆتە هەزارە و دەڵێی هەزار کێوە خەمی بەسەردا ڕووخاوە.

شەنگە قلیان بە دووی قلیاندا بادەدا و فتیان دەکا و ئاخان هەڵدەکێشێ، خەمان، بە خەمان ڕەش دەکاتەوە، لە داخی زاڵم و زۆردار و زەبەلاحان چاوان دەگلۆفێ و سمێڵان دەکرۆژێ، لە پڕ کوتی: چووزانم.

هێندێ کەس دەڵێن عەزیز و ئازیزە هەردووکیان ماون، خۆیان لە چۆم و گۆمان نەهاویشتووە، کورە پیاو چووزانێ چۆنە و دەبێ چ بکات؟ بە قسەی کێ بڕوای هەبێ و باوەڕ بکات. سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە مینووبووسێکا گوێم لە سرتەی لاوێک و پیرە پیاوێکی بوو باسی عەزیز و ئازیزەیان بوو، باسەکە خۆماڵی و کەسانە بوو نەمتوانی خۆی تێوەردەم. بەڵام تێگەییم کە دەیان‌گوت خوا شوکور هەرکیان ماون: یەکێک لە ڕاکشاوەکان هەستا سەر قوون بە مۆنەوە مۆڕەیەکی لە شەنگە کرد بە ئیشارە وتی: وس، وس.

[1] پۆلە ئەستێرەی پارشێو.

ڕەنگە بۆ وەدەس‌هێنانی لیرە سوورەکانی حوکوومەت، وا هێندەی لە سەر دەڕۆی. دەزانی وەک سیخوڕێک، دەخوڕی و فرمێسکی تیمساح دەڕژێنی لە سەر ئەو قسانە ڕەنگە هەر دوو شەوی دی شەو و ڕۆژان تماشاکەی.

دەچییە پاڵ گۆڕبەگۆڕەکەی گۆرین. ئەو باش چاوەشەی مامەخان تۆپاندی، ئەو باسە بەس کە ئەگینا بە گۆڕی یای زینی شەهید، زمانت لە پشتی سەرەوە دەردەخەن. شەنگە فرمێسکێکی گەرمی هەڵوەراند.

دەم و لووتی هەستری و کرِ بوو، کەڕەی بۆ کردووە و خۆی ڕاێکشا چی تری لە سەر نەڕۆیشت.

فەقێ عەزیز دوو مانگ و حەڤدە ڕۆژە، بە ڕۆژ و شەو شەوارەی کردووە. لای نەداوە، لای شوان و گاوان کوێرکە مووچان نیوە وچانێکی ئەگەر بۆدرابێ یا نەدرابێ، هەوەڵین شەویەتی کەوا لە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا پشوو دەدات چاییخانەی مام مچە بۆ ئەو بوو بە چاک و پیر و پیرۆزی، هەواڵی خۆشی بیست. وا دیارە، ئازیزەی خوشکی زیندوو بێ.

فەقێ عەزیز بە ڕواڵەت خەوی لێکەوتووە، بەڵام هەموو ئەندامی بۆتە گوێ و وتەکانی مام شەنگە زۆربەیان مزگێنی گەورە بوون. وا دیارە ئازیزەی خۆشەویستم لە چۆم نەکەوتووە، بەڵام ڕۆشن نییە لە کوێیە؛ خوا بکا هەرمابێ. خەمم نییە. ڕۆژێک دەبێ جێگای بزانرێت. وا دیارە باوکیشم ڕەنگە بەندی نەبێ.

حەیف شەنگەیان لە خۆڕایی دەمکوت کرد ڕەنگە پیاوی باش بێ و وسکوت نەکرابا، زۆر شتی تری دەگوت. ناکرێ من هیچی لێ پرسیار بکەم

دەمناسێ، ئەو خاڵە لە من بۆتە بەڵا، ڕۆژێک ڕەنگە تووشی داو و تەڵەم بکـات. وا باشە. هەر بەیانی زوو لێرە بڕۆم. ئێـرە قەرەبـاڵخە، نـاکرێ وەمێـنم. میـری شوێنم هەڵگرێ دەرناچم، چیم بە دەستەوە نییە. دەنا ترسم لە میـری کەمتـر دەبوو، چەکە شرەیەکیشم بایە هەرچا بوو.

تەنانەت گیرفانیشم دەیەوێ خاڵی بێ ڕەنگە دوا حیسابی مانەوەی ئەوشۆم دراوێکم پێنەمێنێ. ئەو جار هەر دەبێ بە پێیان بڕۆم پارەی ماشـێن سـواریم نامێنێ.

ئایش... کەی لام وابوو من ڕۆژێک دەبینم بێ پارە بم، ئاوا غەریب، یاسـاخ بێهاوڕێ، بێ سەرەدەر و بێ برا و باب.

داماوی قوون تەندوور و وڵاتی دوور بم. بە بەشی خوا شوکور خـۆم داوەتە دەس خوا، بزانین چ دەبێ؟ چیمان بە سەر دێنێ؟

چایخـــانە هەر دەڵێـــی لانەی خەم و پەژارەیە، هەمـــوو کەس بێـــدەنگە، قوڕوقەپی بازاڕی توندە. شـەوی ڕەش تێپەڕیـوە، سـوارەی بەرەبەیـان دەیەوێ دابەزێ و سەدان بەزمی تازەتر بتازێنێ.

کرێوە و باکوت کوتکی خـۆی وەشـاندووە. چـاوی پەنجێـرە و دەلاقەکـانی بەسـتوون. ناو هۆدەی چایخانە بێدەنگ و سەدایە. هەر سـرتەیەک دەبیسـترێ. ئەویش هی سەماوەرە زلەی مچە کۆڵە.

فەقـێ عەزیـز سـەرەڕای مانـدوویی بـێ سـەرەدەری خەو و خەونـووچکە هەرگیز نەبوون بە میـوانی، دڵـی لە خەم کلاورێـژە، خەیـاڵی پەرت و بـڵاوە.

لێکدانەوە و بیر و بۆچوونی چیبەچی نەکردووە. لە ڕۆژ دەترسێ. پێی خۆشە هەر شەو بێ ئەو خاڵەی ڕوومەتی بۆ ئەو بۆتە خەتی نەگبەتی.

نەزیلەی مام شەنگە بە هەموو کەسی نشان داوم. حاشام پێناکرێ. ناشێرینمەوە، وادیارە میری بە دوومەوە. هەرچی زووترە دەبێ بڕۆم سنوور ببڕم وڵاتی خۆم نیشتمانی باو و باپیرانم دەبێ بەجێبێڵم، خوا بکا هەوا خۆش بێ، نەبارێ، چ نەبێ لاڕێ دەڕۆم کێواوکێو دەبمە میوانی شوان و سەپان و وەرزێران.

تا کەس بەخەبەر نییە و وڵات بێسەر و سەدایە با چایخانە بەجێ بێڵم. لە ترسی خاڵ لە شوێنی قەرەباڵغ نەمێنمەوە. نزیلەی شەنگە، هەمووی ئامۆژگاری بوو بۆمن. ناکرێ خۆی لێ گێژ کەم.

بەڵام بۆ کوێ بەرەو کوێ، بۆ لای کێ، بەرەو کێهە هەرێم و کامە وڵات...

چ نەبێ، خۆ لە پۆلیس و سیخوڕ و قاچاخی ڕوومەتی بە خاڵ، خلاسیم دێ. لە ڕووم دێ، دێ بە دێ ڕوو نیشاندەم. پشوویەک بدەم. ئیشێک، کارێک، وەدۆزم. ماوەیەک خۆمی پێوە سەرگەرم کەم.

فەقێ عەزیز زۆر بە ئەسپایی دەرکی حەوشەی کردەوە، ڕۆیە دەر چاوێکی بەرەو حاسمان هەڵبڕی حاسمان ساماڵ و سیقاڵ دراوە. لە چلکە هەور و هەرەشەی ڕەشەبا شۆراوەتەوە. پەل و پۆی دار و دەوەنان، باریان قورسە و بەفر لووتی پێنەوی کردوون. دەم و لێوی کێوە سەربەرزەکان بە زەردەی هەتاوەوە خۆ دەنوێنن.

دەستی ڕاست تورکیایە ئەگەر دەسکێش و باڵتۆ و کورتەک و کووڵەباڵ و کلێتەم هەبا و یارۆیەکی ناسیاو. لێزان، هەر ئەوڕۆکە ئاوای ئەودیو دەبووم.

مچە قاوەچی شەو زۆر بە کەمی خەوتووە، بیر و خەیاڵ لە سەر ئەو لاوە وەلانەکەوتووە. نەقڵ و حیکایەتی شەنگە بۆی لە بنی کوولەکە داوە، ئەو لاوە غەریبە ناوی عەزیزە هەر دەبێ هەمان فەقێ عەزیزی داستانەکەی شەنگە بێ.

هەی بێچارە چەن ساویلکە و بێئەزموونە تەنانەت ناوی خۆشی نەگۆڕیوە، ڕەنگە حاشاش بکات. بەڵام دەزانم بە زاراوەی شاربازێری دەدوێ. زۆر لە مێژە حاجی مامە خانی شاربازێری ناوی هەیە. بە قسەی شەنگەی زۆر بلێش، ڕووداو ڕوو دەکاتە هەرێمی شاربازێڕ.

مچەکۆلی چایچی دوو قامکی دەستی، چەپی براوەتەوە ئەویش قەدیم باب و باپیری شاربازێری بوون. لە شەڕێکی خۆبەخۆئیدا بە باوەشی دایکییەوە گوللەی وە دەستی کەوتووە خۆی بە بیری نایە بەڵام ئەوەندە دەزانێ باوکی لە دەس ئاژاوەی ناوخۆ و دژایەتی هەرێمی پەڕیوەی ئەو وڵاتە بووە، لەو بن کێوەدا کەپرووکێکی پێکەوە ناوە کردوویە بە چایخانە و خانە و لانەی لێساز کردووە. چایچی کچێک و کوڕێکی هەیە، بە ناوی ئازاد و ئارەزوو. خێزانی لە تیرەی هەمەوەندانە و خەڵکی گەرمێنانی خواروون، ئەو ژنە ناوی ناز خانمە و بە ڕاستی خانمیشە لە باشیدا تاریف ناکرێ، لە دوکتۆریدا سەری باش دەردەچێ، بەو هۆیەوە لە زۆربەی هەرێمەکەدا بە ودم و فەڕو دەست و مەچەک جوان ناسراوە.

شەل و شکاو، بریندار و مارانگەز زۆری پێوەندەی پێوە دەکەن و پەنای بـۆ دەبەن. هۆدەیەکی تـایبەتی، نەخـۆش و سەرئێشـانی هەیە. لەو بنـار و دوورە شارەدا نیوە حەکیمێکی تەواوە. سفرە و نان و خـوانی، زیـاتر خـاتری خـوایە. ئەگەر هەقی دەوا و دەرمانیش وەرگریَ ڕەنگە خەرجەکەی بۆ پڕ نەکاتەوە.

مچە قاوەچی لە چوونە دەری فەقیَ، ئاگادار بوو. ویسـتی پـاش گەڕانەوەی سـرکێکی لەگەڵ بکـات. ئەگەر مـوویەکی بـۆ لەو ماسـتە ڕاکێشـرا، بڕیـاری یارمەتی باشی دەداتیَ. ئەگەر متمـانەی پێ‌نەکـرا وەبالَی خـۆی بە ئەسـتۆی خۆی. فەقیَ زۆری پێ‌چوو نەگەڕاوە، قـاوەچی کەوتە دڵەکـوتە گـوتی: لێـرە و لەویَ هەڵنەپرژیَ و ئـێمەش تووشـی سـەدان دەردی‌سـەری ببـین. قـاوەچی وەدووی دەکەویَ. عەزیــز لە حەســاری قاوەخــانەیە. هەر لێــرە و لەویَ هەڵدەڕوانیَ، ڕەنگی بەڕوانەوە نەماوە دەڵێی خێو خوویان لێکردووە.

چایچی: سلاو، ڕۆژباش،

عەزیز: چووکەتم، ژیان باش گەورەم.

چایچی: کوڕم، بەو سەرمایە لەچی دەڕوانی.

عەزیز: هەر ڕوانینم پێ‌ماوە ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم.

قاوەچی: دەی فەرموو نیازت چییە.

عەزیز: نیازم، نازی لێ‌ونە و لەو دەڕوانم.

قاوەچی: کوڕم بەچاوە نەبی لاوێکی زرینگی.

عەزیز: بەڵیَ گەورەم هەر زرینگی لاوان دەخاتە دینگی کلۆڵییەوە.

قاوەچی: کوڕم بۆچی وا ناهومێدی؟ خۆ کوری کورد ناهومێدی ناناسیَ.

عەزیز: بەڵێ گەورەم، گەر بزانی چۆن لە دوشمنی ڕاسیێ.[1]

قاوەچی: کوڕم بێخەم بە، پاش ڕەشە شەو، تاوهەڵاتە.

عەزیز: بەڵێ ئاغام کە لە شەودا، شەوە نەتباتەوە.

قاوەچی: فەرموو بۆ حەساری ژووری، نە چایخانە.

عەزیز: نا گەورەم نامەوێ تووشی ژانەسەرت بکەم.

قاوەچی: کوڕم، تماشاکە سەرم هەر بە ژانە سەران بۆتە تاسی حەمامی.

عەزیز: دەمەوێ بڵێم لەو نزیکانە کامە شار و دێ نزیک‌ترن.

قاوەچی: کوڕم بۆ ئەو پرسیارە هێشتا زۆر زووە فەرموو بۆ ژووری.

عەزیز: نانا گەورەم، نامەوێ سەربار بم.

قاوەچی: فەرموو دەستاوی خۆمە منیش سەرباری خەڵک زۆر بووم.

عەزیز گوێی لە دەنگی دایکی بوو، داخورپا، پڕ بە حەسارەکە قیژاندی. دایە دایە، دایە، تۆ بۆ لێرەی. بۆ، بۆ، تۆ ماوی شەهید نەبووی. بەدەم ئەم خورپە و زیرەوە فەقێ کەوتە زەوی، بەو سەرمایە ئارەقە لە سەر خاڵە جوانەکەی لاجانگی، کەوتە سەما، لێوەکانی سپی بوونەوە. دەنگی دڵی بە گوێی سووک نەبێ نەدەبیسرا.

قاوەچی بێ مەترسی دەرکی حەساری ژوورەکەی کردەوە عەزیزی بە بێ حاڵی، ڕاکێشا و بە خێزانی گوت ئەتۆ قسەی لەگەڵ مەکە.

لێی گەڕێ تا دێتەوە سەرحاڵ، ئارەزوو بە دەمیەوە بێ. خۆشم دەچمە چایخانە. کارەکانی دەدەمەوە دەس دۆستێک. ئەو لاوە لێرە دەمێنێتەوە.

[1] وتەی مامۆستا هەژارە.

موسافیر نییە، تەرەکەمە و ساویلکەیە، دەبێ ئامۆژگاری بکەین. نازانم چی‌بوو هەر کە تۆ دەنگت هات، گەشکە بوو هاواری کرد. دایە دایە، تۆ بۆ لێرەی، شەهید نەبووی! ئیتر پێ‌ڕاهات. خوا بکا تووشی، تووشی خورپە نەبووبێ. ئەوی دی مەسەلەیەک نییە.

قاوەچی ڕۆیشتەوە قاوەخانە میوان هەموو هەستاون ماتڵی نان و چایین. هەموو لە فەقێ عەزیزیان پرسی. گوتیان: چی لێ‌هات و لە کوێیە.

قاوەچی دەڵێ: لاوێکی شەرمێونە دوور لە ڕووتان کاری حەمامی هەبوو. منیش هەر لە سەر پووڵی خۆمم. حەمامم بۆ گەرم کردووە خەریکی خۆشتنە.

زۆربەیان گوتیان: پووڵ و خەرجی ئەو لاوە بە گەردنی ئێمەیە. بە ڕاستی پیاوێکی مەند و ماقووڵە و قسەزانە. خۆزگە بمان‌زانیبا کوڕی کێیە. قاوەچی زەردەیەکی دزێوی هاویتە لێوان گوتی: چووکەتان کوڕی منە، عەسکەری ڕاکردووە.

مەولوودە سووری شۆفیر گوتی: ئەی بۆ ئەوشۆ خۆت نەکرد بە ساحەبی لە چایخانە نوواندت. قاوەچی هەر هەویستم شتەکە لە ئێوە گوم بێت بە ڕووداوەکە نەزانن. بەڵام بۆم ڕوون بوو کە مەسەلەکە گەورەتر لەوەیە بە تۆپە قوڕ وەی‌شارین، لە مەعەسکەری ئەسحابە سپی لە ناو خۆدا. تەقەولێکدانێک بووە گوژاو و زامدار زۆرن. تیرەی یەزیدییەکان بۆ کەیخوایی خۆیان تێوەداوە. لە لایەن میرییەوە تاوانبار کراون، زۆریان گیراون و عەسکەرە کوردەکان چی لەوێدا بوون ڕایان کردووە. ئەو نۆکەرەی ئێوەش لە ڕاکردووانە. ناوی خۆی ناوە عەزیز بۆ ئەوەی بە ناوی ڕاکردوویەک نەناسرێ.

کاکه شەنگە: بەڵێ کاک مستەفا، ئەوە دوو حەفتەیە ئەو هەواڵە هەیە شەو ویستم ئەو دەنگۆیە و برێک ڕووداوی تریشتان بۆ وەگێرم، بەڵام مام قادر «قالە باوەجانی» بێهۆ دەمکوتی کردم.

هەر خۆی بە نامووس دەزانێ، خەڵکی تری پێ بەڵمەبرینجە. کوڕە باوەجانی مەگەر بە زاکوون بوون. خەڵک بە بەرەی باوەجانییەکانەوە فێری ترسەنۆکی بوون.

قاوەچی: کاک شەنگە ببوورە وەختی دەمەتەقە نییە نەیناسیوی دەنا تۆ پەرێزت بێدالّدە و درۆو و داڵە.

من کارم زۆر بە تۆیە دەبێ لە مانگی داهاتوودا سەرێکم لێهەڵێنەوە حاڵی بووی تێدەگەی دەڵێم چی!؟

بەڵێ ئەگەر خوا ئیزنی لە سەر بێ پاش گەڕانەوەم لە زیارەتی ماڵی خوا ئەگەر من بۆم نەکرا تۆ سەرێکم لێهەڵێنە بە تەمای دیدار، بە تەمای خوا، خواحافیز، خواتان لەگەڵ.

نازخانم خێزانی مام مستەفا:

نازخانم، خانمێکی وەیچووە لە هەموو شت حاڵی و بە تەجرەبە و ئەزموونە، تەمەنی بەرەو چل ساڵی دەڕوانێ.

ئەویش لە ڕووداواندا تەواوەیە، دایکی خەڵکی شاربازێڕە و باوکیشی لە هۆزی هەمەوەندە لە بەر و پشتە و، نەجیبزادەیە. کاک مستەفای مێردی لە بنەماڵەی بابانەکانە، ژیانیش بێبەرووپشتە، پشتی زۆر کەسی لە زەوی داوە. دژایەتی و [illegible] و لە هەرێمێکی

شاخاویدا کردوونی بە قاوەچی. نازخانم دوو برای لە هەرا هەرای دووبەرەکیدا لە دەس داون. ڕووناکی تاریکە شەوی، ژینی کوڕ و کچێکی گەنج و لاوخاسن. ئازاد و ئازەزوو. ئازاد هێشتا عەسکەری تەواو نەکردووە پاش شەش مانگ و حەڤدە ڕۆژی دی دەبێ بەرەومال وەگەڕێ، نازخانم گەرم چاو لە ڕێگایە، بەلام ئەو ماوەیە بۆ چاوەڕوانی کەم نییە. ئەویش بۆ چاوە چاوی دایک، دایکێکی تەرە و لە تیرە و ڕەگەزی خۆ دوور و هەلبڕاو.

نازخانم بە دیتنی ئەو لاوە غەریبە، غوربەتی، زیاتر ئازاری دەدا و برینی کۆنی پتر دێنەوە سوێ. خەم و خەیال و پەژارە، چێ‌تر هێرشی دەکەنە سەر و فرمێسکی پێ‌دادەبارێنن.

ناز لای وایە ئەو لاوەش هەر وەکوو زۆربەی لاوانی ولاتەکەی تەلاشی دەم خوڕینی ڕووداوێکە.

خوای گەورە بە دای و بابی خۆی بێلێ، چ مەتوولفەیەکی زەریف و سپی و سۆلە، هەر دەلێی بیجادەیە و سەدەف هەلیهێناوە. زۆر شێوە و شوێنەواری دەچنەوە سەر سوارەی برام، ئەگەر ئەو خالە جوانەی ڕوومەتی نەبا دەمگوت بێ و نەبێ لە تایفەی خۆمانە.

ڕەنگە هەر واش بێ. تازە وا دێتەوە بیرم تایفەی دایکم زۆریان بە خال بوون. تەنانەت بە بنەمالەی خال‌داران دەناسران.

ئێستە بێ‌گومانم لەوە ئەو لاوە ڕیشەیەکی دێتەوە سەر بنەمالەی ئێمە، ئەی خۆزگە زووتر دەهاتەوە سەرحال و خۆی بە ئێمە دەناساند مستەفا، ڕەنگە بیناسی، هەر بۆیەش ڕێگەی داوە بێتە دیوی ئەم دیو. بەلام هۆی چییە

ڕێگەی بە من نەداوە داو و دەرمانێکی بۆ بە کار بێـنم. تەنـانەت گـوتی: نـابێ هەرگیز دەنگی تۆی بێتە بن گوێیان. چـۆنی دڵ هـات بە ئـارەزووی کچـی بسپێرێ خۆ ئارەزووِ لە نەخۆش و مەخۆشان چ نـازانێ. ئەویـش کچـۆڵەیەکی ساویلکە و بێئازموون تا ئێرە لاوێکی ئاوا دڵگر و گورچووبری نەدیوە ئەوەشم زۆر بە لاوە سەیرە، تا ئێرە مستەفا قەدەغە و قورغی بۆ من دانەناوە.

لە بەرچی، بۆ گوتی تۆ نابێ ئەو لاوە وەلاوێنی؟ نابێ هەرگیز دەنگی تـۆی بێتە گوێیان. سەرم لەو باسە ماسیوە. ماست و مووم لـێتێکەلاوە. لێکـدانەوەم لەو بارەوە بێ دان و پۆیە. چی تێناگەم.

ناز خانم لەوبارەوە خەیـاڵی سـەنگی لە سـەر دانـاوە لێـرە و لەوێ دەدا و مستەفای لێ ناخۆشەویست دەکا. مستەفا ڕەنگە لە من دڵپیس بـووبێ، دەنـا چۆن ڕێگەی نەخۆشان لە من قەدەغە دەکات.

دەرگا کرایەوە مستەفا هاتە ژوور. نازخانمی زۆر بە شێواوی وەبەرچاو هات.

مستەفا: سەلام نازخانم ، ڕۆژباش بمبوورە ئەورۆ چایخانە شلووق بوو.

نازخانم: ژیانت باش، خۆشەویـستم، منیش ئەورۆ شلووقتر لە چایخانەم.

مستەفا: تێدەگەم لەچی دڵت هـاڵۆزە عەزیـزم، دوایـی تێـدەگەی هەق بە منە.

نازخانم: یاخوا وابێت و من بە هەڵە چووبم.

مستەفا: لە میوانە غەریبەکە چ خەبەر.

نازخانم: دیداری لە من قەدەغەیە، چ هەواڵێکیشم نییە.

مستەفا: باش [illegible] حاڵی [illegible] گوتم نابێ [illegible]نگت ببیستێ.

نازخانم: شەل نییە، پای شکاوە، دیداری بێ‌وتار سوودی چییە؟

مستەفا: نە عەزیزم، وا دیارە ئەو لاوە دایکی شەهید بووە. بۆخۆشی تەرە و ئاوارەیە. دوور نییە دەنگی تۆ لەگەڵ دەنگی دایکـی جیـاوازی ئەوتـۆی نەبـێ، هەر بۆیەش کە گوێی لە دەنگی تۆ بوو. گوتی دایە دایە، تۆ ماوی.

ئیدی پێداهات و لە سەر خۆ چـوو دوبـارەش لە سـەر ئەو بـاوەڕەم دەبـێ دەنگی تۆ نەبیستێ، هەتا تۆزێک، تۆزی ترس و نامۆیی لـێ دەتەکـێ، خـۆ بە ئێمە دەناسێنێ وا باشە ئێوە زۆر بێدەنگ ئامۆژگاری لێ‌بکەن. نەوەک تووشی نەخۆشی خورپە و ڕاچڵەکین بێ. بۆ هەمیشە بە ئارەزووە ژیان بەرێتە سەر.

نازخانم: مستەفا بمبوورە، مـن لە هەڵە دام. تـۆ لە هەڵە و پەلە و قەسـتی چەوت و چەوێڵ دووری، بە ڕوحمی، داماو خۆشەویستی، دەس لە بـن بـاڵی، داماوانی.

دە هەستە با بچینە لای. بڕیار بێ هەست و خوسـتم لـێ نەیە و کـڕ بـم بەڵام دا و دەرمانی پێویستی بۆ بە کار دێنم، مەگەر خـوا نەیکـا، دەنـا زووتـر دەیخەمەوە حاڵ.

ناز و مستەفا بەرەو هۆدەی فەقێ عەزیز وەڕێ‌کەوتن.

ناز جەنتایەکی دەوا و دەرمانی دەس‌سازی خۆی پێیە، نەخـۆش بـووراوەیە لە ئارەقەدا هەر شڵپەیەتی.

ئارەزووی کچیـان لە ژوور سـەریەتی. ڕەنگـی برووسـکاوە. هەمـوو گیـانی دەڵێی بێ‌گیانە، لە عەبەساو دەچێ، دەڵێـی هەنگـواوە. دەم و لێـو و ڕوومەتـی سوور هەڵگەڕاون، سوور دیارە ئەویش حاڵی باش لە سەر خۆ نییە. دڵەکـوتەی

چۆته سەرێ، زۆر باش وەڵام ناداتەوە. باوکی لەمەڕ نەخۆشەکەوە، چی لێی دەپرسێ، لەتولووش و کاڵوکرچ، وەڵامی دەداتەوە.

ئارەزوو دەڵێ: ئەوشۆ کەم خەوتووم. خەمی ئەو لاوەشم سەربارە. باوکی دەڵێ نەخەوتن چ نییە چارە دەکرێ. بەڵام خەمی لاوێکی ئاوا، ڕەنگە دوورە چارە بێت، ئارەزوو بە دەس خۆی نەبوو گریان و فرمێسک دەیانەوێ، ڕاستی لێبڵێن و نهێنی هەناوی بدرکێنن. سەردەمەی شەرمی کچانەی لێبدرێنن.

باوکی ئارەزوو، لە مەسەلان زوو تێدەگا و لە دەردی دڵان ئاگایە دەڵێ کچم نارەحەت مەبە، پاشی تەنگانە فەرحانەیە.

ئەو لاوەمان بۆ بێتەوە سەر خۆ، ڕەنگە لە خۆمان بێت. لە خۆشمان نەبێ ڕەنگە بۆ هەمیشە لە یەک نەبڕین. ئارەزوو بە قسەکانی باوکی ئەوکی بەربوو. گەشەی تێگەڕا و گوتی: - باوە گیان جوانمێری ئێوە گەورەترە لە دەسەڵاتی مێرانە. لە ژێر چاوەدێری تۆدا بە هومێدم چاولەدەس نەبین.

ناز خانم نایەوێ بدوێ، بەڵام پەستا پەستا، هەناسەی دەستی دەداتێ و ناوچاوان و دەمولووتی بە جەوهەری مێخەک و چەوری (چەورین و جاتر) و گەڵێ گیا و گوڵی بۆنخۆش دەسوێتەوە و بەرگی بیژان، گەڵای گیا تۆڵەکەی لەبەر کەپۆیدا دەسووتێنێ و دەنەی پشمینی دەداتێ و دێتەوە سەر حاڵ.

فەقێ عەزیز، بۆ هەوڵین جارە لە سەر خۆ دەچێ بۆ هەوڵین جارە تووشی سەفەری دەربەدەری دەبێ، بۆ هەوڵین جارە لە ناز دەبڕێ.

فەقێ عەزیز خۆی لە جێوبانێکی نەرمی خۆماڵییانەدا دەبینێ، هەروەکوو خەونێک دەچێ سێ نەفەر لە دەوری چاو بە فرمێسک و دەم بە دوعا و دڵ بە خەم دانیشتوون. نەخشی خوشک و دای و باب بازی دەکەن.

عەزیز تاساو و عەبەساو بە ئارەقەی نەخۆشی و جوانـاوی شـەرمەوە ئەو عەزیزە نەماوە هەر دەڵێی لە قەبران گەڕاوەتەوە.

یارای هەستان و هەڕەکەی وەڵام و ورتەی لە دەس داوە، سەری دەخولێ و گوێی دەزرینگێتەوە. چاوەکانی لە چاوە چاو دەڵێی مانیـان گرتـووە، جـار و بارە ئاونگی خەم دەیانهەنگێوی.

نازخانم نایەوێ بە دەنگ بیدوێنێ بەڵام بە گیـان و دڵ دەسـتی لە سـەر دڵـی دانـاوە، هێـواش، هێـواش دڵـی دادەمـاڵێ، پەنـامەکی فرمێسـکان هەڵدەوەرێنێ، ئارەزوو بێمتەقە چاوێک لە فەقێ ناترووکێنێ. کوتە کوتی دڵـی چۆتە سەرێ، ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە.

بۆ هەوەڵین جارە دڵ دەسـەڵاتی لێدەسـتێنێ، دوور نیـیە بـزۆزی ئەویـن بەزەیی پێدانەیە، هەیە و نییەی حەیای لێوەبەر بادا و لە پڕ مێزی تێوەرێنێ، بڵێ عەزیز، عەزیزی من، فریشتەی خەون و خەیاڵی مـن. ئەتـۆ، ئەتـۆ، نـابێ بمری، نابێ لای من بڕۆی، ناتوانی بەجێم بێڵی، عەزیز، عەزیـز خەونـی بەدی هاتووم، بازی ئاوارەی، کەوی نەکراوم سێ ساڵە سێ ساڵی ڕەبەقە من چـلەت بۆ دەکێشم نەزر و مەولوودیم بۆ لە خۆ گرتووی.

دەس بە داوێنی خەونامە و دوعا و نزایـان بـووم. عەزیـز گیـان بە گیـانی عەزیزت بە ئاوری هەڵگراوی دەروونی کچانەم، بە ژیلەمۆی دانەمرکـاوی سـێ

ساڵ چاوەڕوانیم سوێندت بۆ دەخۆم کە لە مێژە من تۆ دەناسم. تۆ ئەو ڕاوچییەی منت لە هەژدیها خلاسی دا. هەر ئەو فریشتەیەی لە هاوارم هاتی، لە حەزیەت نەجات دِام گیانێکی نوێی ترت پێبەخشیم، بەڵام ئەی کوێنم دەبەر. ئاخری خەوەکەم چی؟ دایکم بۆ وەبەر خەنجەری دای. بە جێگەی سوپاس لە تۆ.

بۆچی لە سەر چی قەستی کوشتنی لە تۆ دەکرد؟

ناز خانم، دەستی لە سەر دڵی فەقێیە، بەڵام بە چاو خەریکی موتاڵای خەیاڵی برووسکاوی ئارەزووی کچییەتی.

ناز خانم بە تەواوی دەراوی هەناوی ئارەزووی شڵەقاندووە، چی تێدا گومە دۆزیویەتەوە، میراتی دایکان خەڵاتی کچانە.

ناز خانم هەرەتی کچانەی خۆی هاتەوە بیر، ئەودەمەی کە چاوی بە مستەفای باوکی ئارەزوو کەوت. هاتەوە بیری کە ئەوین چی بە سەر هێنا چ شینێکی پێڕشتووە.

ناز خانم هەنگاوتوویە کە ئارەزوو چۆن هەنگێوراوە و خەیاڵی چ دەورێک دەگێڕێ. ناز نایەوێ مستەفا بەو ڕازە بزانێ، دەیەوێ بە ئارەزوو بڵێ لای عەزیز بەجێ بێڵێ، بڕواتەوە ئەو دیو نان و چایی، ناشتا ئامادە کات. بەڵکوو باوکی بە ئەوکی پڕ لە داوای نەزانێ ئارەزووی کچانەی نەخوێنێتەوە.

بەڵام ئارەزوو نایەوێ ئەوێ بەجێ بێڵێ. نایەوێ چیتر بە فەرمانی فەرمانداران، لە دەر و ژوور دابێ. لێرە بەولاوە کچی کەس نییە، کچی ئەوینە فەرمانبەری [illegible] نایەوێ لەو لاوە

غەریبە پەزیرایی بکـا و دەردی نەدرکـاوی، بـدرکێنێ. خەونـی سـێ سـاڵەی بۆوەگێڕێ، ئارەزوو نایەوێ ئەو لاوە هەروا زوو بە زوو بێتەوە حاڵ، بۆی ڕۆشنە بێتەوە حاڵ دەکەوێتە باڵ. ڕێبوارە و ڕێگـای خـۆی دەگرێ. چ دەربەسـتە لە کوێ دەمرێ و کێ بۆی دەمرێ، تا بێ‌پـێ بـێ هەسـتی ئـارەزوو باشـتر پـێ دەگـرێ. چ نەبـێ دەتـوانێ وەک ئامۆژگارێـک پەنـجەی بگوشـێ و ئـامێزی تێوەرێـنێ، ئاوری بزۆزی کچانەی کەم و کورتێ دامرکێـنێ.

ناز خانم ڕوو بە مستەفای مێردی دەڵێ بـۆ خـوا سـوپاس دڵـی هـاتۆتەوە حاڵ. لام وایە خەوە، نە بێهۆشـی. خـوا دەزانـێ چەن ڕۆژە بەرێـوەیە، ڕەنـگە بێ‌خەوی سەری لێ‌سەندبێ. ئەو لاوە چ لە ڕێبواری ئاسایی ناچێ. یا خوا دوور بێ قاچاخ و قوچاخ نەبێ، خەڵکی تریشی پێوە نەگلێ. مسـتەفا و نـاز هـۆدەی نەخۆش بەجێ دێڵن، ئارەزووی بە ئارەزووی خۆی دەسپێرن.

مسـتەفا داسـتانی شـەنگە و نەقـڵ و بەسـەرهاتی بنەمـاڵەی مامەخـانی شاربازێری بۆ نازخانم خێزانی دەگێـڕێتەوە. نازخـانم دایکـی شـاربازێرییە و لە بنەماڵەی باوەخانی مەزنە. باوەخان و مامەخان هەر بنەماڵەیەکن.

مامەخان ئامۆزای باوەخانی جافە، باوەخان باپیرەی دایکـمە ئەگەر ئەو لاوە لەو بنەماڵە بێت، بربڕەی پشتی منە، مستەفا دەستی من وَ داوێنـی تـۆ، تـۆ و غیرەت و هێزی جوانمێریت. بیکە سەدەقە سەری ئازادی کورت، هەستە بەرەو شاربازێر بەرەو شارۆکەی قەرەچوالان وەرێ‌کەوە. هەواڵێک لە مـاڵی مامەخـان وەرگرە مستەفا تۆ نەچـی دەبـێ خـۆم بچـم. دەنـا نـاژیم ئەو هەواڵە تووشـی سەدان ئازارم دەکا و لە کەڵکم دەخات، سەد ساڵ چەک تاوێ گەرک.

مستەفا دەڵێ مشووری ئەو کارەم خواردووە ڕەنگە بەو زووانە هەواڵم بۆ بێتەوە، ناز گیان من گیانم بە نازی تۆ دەنازێ. تۆ نەبی من چ نیم مچە کۆڵێکی کۆڵەوارم لە ڕەگەزی بابانم. بێ دای و بابم. من گیان و ماڵ و نیشتمانم بە تۆ بەخشی. تۆ ئەستێرەی بەختەوەری منی. سەرم لە ژێر پێی داواتە، دەستووری تۆ مۆرەی ئایینی منە. چی تۆ بیڵێی بە لامەوە ڕەوایە. ئەوینی من نیسبەت بە تۆ هەر دەڵێی تازە پێدەگرێ. خرەکە دەبێ و هەڵدەفڕێ. لە چیای جوانی تۆدا خەریکی، هێلانە دۆزینەوەیە. ئەرخەیان بە، هێشتا لە تماشات، لە خۆشەویستی و ئەویندارییت تێر نەبووم. مرووم نەشکاوە، ئەو ڕۆژەی کە تۆم دی تۆم ناسی، بەڵێنیم پێدای، بەو ڕۆژە سوێند بەو کاتە قەسەم هێشتا خۆشترم دەوێی.

زیاتر حەزم لێتە. ناز گیان! نازی تۆ نیازی منە، چی دەستووری تۆیە بە ڕووسووری خۆمی دەزانم. بۆ من سوور و ڕۆشنە ئەو لاوە نیسبەتی بە بنەماڵەی خاڵوانی ئێوەوە هەیە. هەر بۆیەشم وەرگرتووە. دەمەوێ یارمەتیی بکەم. تا ئەو شوێنەی هێزم هەیە وەشوێنی کەوم، تا ئەو پلەی تۆ دەتەوێ خۆشەویستی خۆم دەرحەق بە تۆ نیشان بدەم.

ناز خانم: مستەفا گیان، چی ترم مەکووژە بەسمە لەوە زیاتر بە ئاگری جوانمێریت، دڵسۆزیت و خۆشەویستیت، مەمسووتێنە. نازانم بە چ زمانێک بە چ زار و دەمێک سوپاسی تۆ بدرکێنم. ڕایگەیێنم کە تۆ فریشتەی خێرخوای پاکی، خاوێنی، هەوێنی جوانمێری، نەترساوی، شمێری، دیرهەم و دراو، بای

نەداوی. چڵە و چڵپە و نەوسنی، نەیگۆڕیوی، نەجیبزادەی، ڕەسەنی نەدۆڕاوی لە بنەماڵەی بابانی، نەگۆڕاوی.

بەو ڕۆژە سوێند کە سوێندم بۆ خواردی بەو دەمە قەسەم کە بۆ دەمێک دەمم لە دەمی تۆدا هەستی خۆشەویستی کرد و بەرهەمی ئەوینی تۆم چەشت. ئەوەتی هەم لە خۆشەویستی تۆ تامەزرۆم نەشکاوە.

کە تاوێ، ناتبینم هەر دەڵێی نەبینم، لە نزیکی تۆدا ساڵ و مانگم بە کات و ساتێ لە سەر تێدەپەڕێ. من لە عیشقی تۆدا تۆواوەم، تولاً، تولاّم و داپلۆخاوم. تۆ شیاوی ئەوەی کە سەدی وەکوو من کەنیز و قەرەواش و نازکێشت بێ. من لە هەڵەدام، جاروبارە دەمەوێ لە برێک کاروباران هەڵدەمێ نەخشی نەخشین بدرکێنم. ئەوی ڕاستی بێ دەمەوێ لە خەونەکەی سێ ساڵ لەمەوبەری ئارەزووی کچمان بدوێین، بەڵام بمبوورە خەون و خەونووچکە چ نییە، بۆ ئەوەی نابێ دەست و دڵ و خەیاڵی بە دوودا ماندوو کەی، هەموو شت بە خولایە. خەون و مەون نە جێگەی خەمە و نە جێگەی هیوایە. هەر وەبیر نەخرێتەوە باشە.

مستەفا: نانا عەزیزم، ئەوە مەڵێ خەون لە لایەن خواوە دێ.

خەون خەلاتی ڕۆحی پاک و خاوێنە، خەون میراتی پێغەمبەرانە، ئیلهامی بەرزی حاسمانییە، خەونی ئارەزووی کچم هەر لە بیرە لام وایە بە سوودی ئارەزوو ڕووداوێک دێتە گۆڕێ، لام وایە ئەو لاوە هەر هەمان ڕێبوارە هەمان ڕاوچییە کە بە خەو دیتوویەتی، ئارەزوو لە ڕەنگ و ڕووی خەیاڵی لە جوولانەوەی دەردەکەوێ کە گوم بووی خۆی، ڕاوچی خۆی دیوەتەوە. خەونی

خۆی هاتۆته دی، تامیلای پێویست نییە، ئەو قسەی کە کرا لە بارەی کوڕی حەمەخانەوە، ئارەزوو بە دڵی نەبوو، منیش نەمویست دڵی تۆ بشکێنم دەنا ئەو تایفە منەتکێشن. نانی نانی و خوازەڵۆکن، گوڵەبەڕۆژە و ڕوو لە ڕۆژن، نۆکەری شۆربا و پیاوی پلاو و گۆشتن. هۆزێکی زۆر و بۆر و سەرگوێ شۆڕن. نان‌ناس و خوانەناسن.

من نامەوێ لەگەڵیان تێکەڵ بم، دڵی تۆم ویست دەنا دەم و دەس دەمم دەبەستن. ئێستاش نەچووە بچێ ئیزنی تۆی لە سەر بێ، بێ‌ئەوەی لۆمەمان بێتە سەرێ، سەرەی ئەو سەودایە دەخەوێنم.

ئارەزووی من سەرکەوتنی ئازاد و ئارەزووە بەڵام هێشتا بۆ ئەو هەنگاوە زووە، ئارەزوو بە کوڕی حەمەخان بدەم.

هەرچی بێ، پێش هەموو ئیش و کارێک تۆ دەبێ خاڵی ڕوومەتی ئەو لاوە هەڵگری، ئەو خاڵە هەڵنەگیرێ ئەو لاوە دەگیرێ. نان‌خۆر و کلک شۆڕی، میری کەم نین ئێرەش سەرحەدە، چایخانەیە. ئاشنا و بێگانە، خاس و خراوی دێتێ، زار و زمانی خەڵکمان پێ‌نابەسترێ، دوای ئەوە دەبێ کارتی پێناسی ئەو لاوە بگۆڕین، گۆڕینی ئەو کارتە بەلامەوە سادەیە هەر دینار و درمی زۆری دەوێ، ئەویش هەیە و پەک ناکەوێ.

نازخانم فرمێسکی شادی هەڵدەڕێژێ. ئامێز لە مستەفا وەردێنێ و لاچاوی پڕ ئەوینی دەخاتە سەرسمێڵی و دەڵێ ئۆخەی مستەفا گیان. هەر دەڵێی لوقمانێکی دڵناسی. هەر دەڵێی گیانێکی بێ‌خەوشی، خولایی، خەوش و خاڵان لە سەر دڵی دڵ بە خەمان ڕادەماڵی. ڕوحم و بەرە و ڕانستی تۆ، بە هیوام،

دەرکی هیوامان لیَوەکا و بە هەموو مرادانمان بگەیێنیَ. ئیستا گومانم ڕەویوە و سوورم لە سەر ئەوە کە خەونی ئارەزووی کچم هاتۆتە دی و بلَێ و مەلَّیەکی تێدا نەماوە.

هەژدیها کوڕی حەمەخانە و ڕێبوار ئەو لاوەیە و خەنجەر نەشتەرە کە لێرە بەو لاوە بە دەستی من لە خالَی ڕوومەتی ئەو لاوە دەوەشێت.

مستەفا گیان دەبیَ ئەو ڕازە شێراوە و لە ژێر سەرپۆشا داپۆشراوبێت. نە ئارەزوو بزانیَ، نە ئەو لاوە تێبگات، مەبادا ئەو لاوە غەوارە و لاوەکی بیَ.

تەرە و پەرەوازەیەکی بیَناوونیشان و نەناسیاو بێت. هەرچی بیَ ئێمە بە پێی توانا نازی ڕادەگرین و گیانی دەپارێزین بەلام نازانم بۆچی خۆشەویستی ئەو لاوە هەر دەم و دەست لە ناو دلَی منا هێلانەی هەلَبەست. هەر دەلَێی کوڕی خۆمە دوور نییە هەر لە خۆمان بیَ و لە تایفەی خالَداران و بنەمالَەی مامەخان و باوەخانان بیَ، هەرچیَ بیَ یاخوا بە خێر و بێری مێران و شنگە پیاوان خۆ بناسێنیَ، لە سۆرە و تۆرەی ناپیاوی دوور بیَ و دلَسۆزێکی دەستی بگریَ و گریَ کوێرەی مرادانی بۆ بترازێنیَ. لە زەماوەندی ئازادی خۆیدا خۆی ببینیَ.

(دووهەمین باس)

شەنگە و مامەخان:

شەنگە لە جوانمێرترین، ڕەگەزی هەمەوەندە. زۆر لە مێژە بە مستەفای قاوەچی ئاشنایە. تەنانەت لە پێکهاتنی زەماوەندی ناز و مستەفادا نەخشی دڵسۆزی شەنگە لە بیر نەکراوە، شەنگە دوو ساڵە خێزانی بە ڕەحمەتی خوا چووە. تاقە کوڕەکەی بە دەستی حاکمی ئەو سەردەمە لە دار دراوە. کوڕی شەهید شینی نەبڕاوەیە. شەنگە لەگەڵ زۆربەی بنەماڵەکانی زەربە ویکەوتوو ئاشنایە.

تەنانەت دژی میری، خلێنە و بلێنەیەکیش لە ئارادا هەیە.

شەنگە بە ڕووداوی بنەماڵەی مامەخان خۆشبینە ئەو بنەماڵە بێدەست و چەک و مەچەک نین. ڕەنگە بتوانێ لەگەڵ ئەو بنەماڵەدا دژی میری داو و تەڵەیەک وەڕازێنێ. شەنگە دەیەوێ بۆ حەج بڕوات، بەڵام قسەکانی مچە قاوەچی وەبیر دێتەوە کە گوتی شەنگە گیان زووتر سەرم لێ‌هەڵێنە کارم پێتە.

دەڵێم، ئەوساڵەکە لە حەج گەڕێم. کە خوا ڕێی دەستم بدا هەر هەنگاوێکی باشم بۆ خۆی حەجێکە.

شەنگە پووڵدارە. شێوەی ئاڵوێری ناوخۆ و دەرەوەی هاتۆتە دەس. بەو هۆیەوە ناسراو و ناسیاودارە بەڵام حەیف وەجاغکوێر و بێپاشەوارە. خوشکێکی بێوەژنی بنەوانە، ئەویش مێردی لە دار دراو و شەهید کراوە. خوشکەکەی ناوی عەتییەخانە

شێرەژنی خولی خۆیەتی. جوان و بە دیمەن و ورەبەرزە خوازبێنی زۆرە و بە شووی دوبارە ڕازی نییە. نایەوێ شەنگەی برای بەتەنێ وەمێنێ. عەتییەخان هەر ناوی ژنە، دەنا پیاوە، بۆ تۆڵە دەگەڕێ نەخشی شۆڕشگێڕی دەگێڕێ، شەنگە شاگردی ئەوە. بەشی زیاتر غیرەت و هومێد و هیوا لە دنە و گفت و لفتی خوشکی وەردەگرێ، شەنگە بەو خوشکەوە خۆ بە وشک و برینگ و بێ‌ماڵ و حاڵ نازانێ و دەتوانێ ئێرە و ئەوێیان بگەڕێ. شەنگە دوو سێ ڕۆژە گەڕاوەتەوە لای عەتییەخانی خوشکی دەستی بۆ هیچ ئیش و فەرمانێک ناجووڵێنێ، هەمیشە مات و خەیاڵاوی‌یە.

قسەی خۆش و بنەزمانەی بە تامی نەماوە، لە بچێ و نە چێی حەج دا تێگیراوە و خۆی بۆیەک لا نابێتەوە، ڕووداوی بنەماڵەی مامەخانی وە ڕووی خوشکی نەداوە، خوشکی ماران‌گەزتە و بنەماڵەوێران و هاوسەر کوژراوە. بێت و ئەورۆ، ئەو لاوەش ببینێ ڕەنگە ئەوەندەی تریش بەرەو سیسی بڕوات، هەرگیز ناشکرێ وەیشارێ. بنەماڵەی باوەخان و مامەخان ناودار و بۆ هەژار و بێ‌دەرەتان و داماوان زۆر بەرچاو و بەخێر و بێر بوون. بۆ هەر جێیەکی هەرێم دەچی ئەو باسە دڵتەزێنە لە سەر زار و دەمی خەڵکە، ڕۆژێک خۆی بەو باسە دەزانێ و لە من توورە دەبێ حەقیشی پێ‌دەدرێ، من بَرای ئەوم ناشێ چ دەردەدڵانی لێ‌وەشێرم.

شەنگە پۆنگی خەیاڵاتە، ماتە بە خەمە، دەستی لە ژێر چەنەیە، جاروبارە وەک وڕێنە بکات ورتێکی لە دەم دەردەپەڕێ هەر دەڵێی هێرش دەبا و سەرە ڕێگای لێ‌گیراوە، عەتییە تێگەیوە کە شەنگە دڵتەنگە و پۆنگاوی خەیاڵە.

حاڵی باش نییە، نایەوێ خوشکی هەست بە خەمی بکا و بە کەمایەسی و تێگراوی بزانێ.

شەوە، لە نیوە شەوِ بەولاوەیە، عەتییە تێدەگا شەنگە نەخەوتووە. خەیاڵ سەری لێهەستاندووە. عەتییە بەو شەوە لە کاکی وەژوور دەکەوێ، بە سڵاو و سەلیقەی خوشکانە دەستی لە دەستی خەیاڵ دەکاتەوە. پێی دەڵێ برام بەلات گرم، بۆ ماتی؟ بێخەوی، لە قسەی خۆش پچڕاوی، من لە بەرێ و لە پشتێ هەر تۆم ماوی، بێنازیی تۆ مەرگی منە. بڵێ بزانم چتە؟ چی دڵی گرتووی، خەوی بردووی، زەردی هەڵگێڕاوی، لە شەنگی بڕیوی. شەنگەی جاران نەماوی باوێشکی وشکی بێباوی، وشکی هەڵێناوی، چتە؟! لە چت کەمە؟ بیری چتە؟ دەتەوێ چ بکەی؟ بۆ شاردووتەتەوە؟!

شت لە من وەشاری، نەنگە، نەزانییە، بە هەڵەچوونە کە من دڵسۆزی تۆ نەبم، ئەدی دەبێ کێ بێ، کامە کەسە، جیا لە من بۆتۆ کەسە، ڕەجایە لە من زیاتر کفرم دەرمەهێنە، زمانم پێ دەرمەکێشە، شەقاوپت ڕووداوت ڕاگەیێنە.

مەلا کەریم لە کاتی شێعر خوێندنەوەدا

* سپاس و پێزانین بۆ:
هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە هەر شێوەیەک یاریدەیان داوین.
هەروەها ماڵ و منداڵم کە بەردەوام یاریدەم دەدەن.